رۆمان

# نووسینەکانی ئەژدەر

# و

# سرووت لە پەنهان

نەوزاد یوسف کاکەیی
کەرکوک

ناوی کتێب: نووسینەکانی ئەژدەر و سرووت لە پەنهان
بابەت: ڕۆمان
نووسینی: نەوزاد یوسف کاکەیی
دەرهێنانی هونەری: ئەنجام سەعید
چاپخانە: کارۆ
چاپی یەکەم- 2013
تیراژ: (500)دانە

_______________□□□_______________

بە هاوکاری کۆمەکی سندوقی داهێنانی
وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان
بە چاپ گەیەنراوە

1

سەرکێشی و ئۆقرە گرتن، هەڵوێستی جێگیرو شێلگیرانە، خۆ خواردنەوەو پەست بوون، هەر هەموو ئەم شتانە، ڕەنگدانەوەو کاردانەوەی ئەو ڕەفتارو زوڵم و فشارانە بوون کە ڕژێم و کاربەدەستانی دەرهەق بە هەموو تاکێکی کوردی ئەم شارەیان دەکرد.

دژایەتیەکانیان بەرامبەرمان لە هەموو بوارەکاندا هاوسەنگ و بە بەرنامە بوون، پەیدا کردنی بژێوی ژیان یەکێك و سەخترین و گرنگترینی ئەو بوارانە بوون، لەو ڕێگایەوەو دەیان ڕێگای دیکەو ڕاگواستن و هەڕەشەو چاو لێ سوور کردنەوەو تێوە گلانمان بە هەندێ کاری نایاسایی و پاشان بەندکردن و تۆمەتبارکردنمان بە کاری نایاسایی لە چوارچێوەی سیاسەتی بە تەعریب کردن و دەربە دەرکردنی ئێمەومانان بوو، ئەم سیاسەتانە هۆکاری سەرەکی بوون بۆ ئازار چەشتن و تێکچوونی باری دەروونی و شێواندنی هەڵس و کەوتەکان، بەرامبەر سەرجەم کەسە نزیك و دوورەکان، ئازیزان و نەیاران، هۆکاری سەرهەڵدانی ڕەفتاری نا دروست و نا بەجێمان بوون. هۆکاری سەرەکی تەوەزەلی و کەمتەرخەمیمان بوون بەرانبەر هەموو ئەو کاروو ئەرکانەی بە سەر شانمانەوە بوون، نە باوکەکان دەیانتوانی وەك و پێویست باوك بن و نە منداڵەکان و وەچەکان دەیانتوانی جێی بڕوای ئەوان بن، نە مێرد مافی مێردایەتی دەداو نەیش ژنی هاوسەر دەیتوانی مێردی ئارامکاتەوە، حکومەت دار حەیزەرانی دەستی جەللادێك بوو هەموو ئەرکی داپڵۆسینی ئێمە بوو، ئێمەی بێ نیشتمان و بێ خاك و بێ هیچ بنچینەیێکی مێژوویی.

دەڵێن سەرکەوتووەکان مێژوو دەنوسنەوە، دەڵێم داگیرکەروو زۆرداروو درۆزنەکان دەینووسنەوە.

لە قۆناغەکانی خوێندن دەبێ ژێر دەستەکان ناشرینیەکانی خۆیان و جوانی و جوامێریەکانی سەردەستەکان ئەزبەر بکەن.

دەبێ لە گۆڕەپانەکاندا ئاڵای ڕەشی زۆرداری بەرز بکەنەوەو سلاوی بۆ بستێنن و سەرکەش و سەر کەوتووانە سروودی بۆ بخوێنن، ئاڵایەك و دووان و سیان و چوار، چوار ئاڵای زۆرداری و چوار سروودی ستەمکارانەو چوار پارچە خاکی سڕاوە بە پێش چاومانەوە دێن و دەچن و ورد ورد لێمان دەتوێننەوە.

بەشێکی نیشتیمان ئازاد بوو، هەندێ لە خەڵکی شارەکە بە هۆی ڕاگواستنیانەوە لە لایەن ڕژێمەوەو هەندێکیش بە هۆی ئەو فشارانەوە، دەمێ بوو شارەکەیان جێهێشتبوو، ڕوویان کردبووە شارە ڕزگار کراوەکان، لەوانەشی مابوونەوە هەندێکیان چووبوونە ڕیزی پارتی دەستەلاتدارەوەو بوو بوونە خاوەن مووچە، هەندێکیش نەدەچوونە ژێر بارەوەو ئەو ڕەفتارانەیان بە ناپاکی لە قەڵەم دەدا.

ئێمەومانان لەوانە بووین کە نەدەکرا نە بەعسی بین و نەش شارەکە جێ بێڵین، بە ئەقڵی خاممان واماندەزانی لە کۆتاییدا ئێمە براوە دەبین، بەلام ئێمە ئەوانە بووین کە نەماندەزانی گەمەی سەردەم بکەین و خۆمان لە مەینەتی قورتار کەین، هەرچەندە من بە زمانی کۆوە قسە دەکەم بەلام پاڵەوانی ئەم چیرۆکە کە ئەژدەری هاوڕێی جوانە

مەرگمە، هەرگیز گلەیی نەبووەو پەشیمانیش نەبووە لەو هەڵوێست و ڕەفتارانەی کە بەردەوام داکۆکی لێ دەکردوو دەسبەرداری نەدەبوو.
کاتێ رژێم بە لادا هات و هەموو وەك یەکمان لێهات، ئێمە کەوتینە پاشەوەو تا دەمێنین بە دووی ئەو گرووپەکانی دیکەوە لۆقە دەکەین. ئەو ڕۆژەی شار پشتی کۆماوەی ڕاست کردەوە، هەموو شتێك خامۆش و بێ سرتە دەینواند، من و ئەژدەریش، بە دوور نەبووین لەو خەسڵەتە، ئەژدەر دیقەتی ڕێگاو بان و هەموو شتێکی دەورو بەری دەدا، لە بێدەنگی زیاتر چی بەدی نەدەکرا، منیش، وەك ئەو، لەو جیهانە بێدەنگەم دەڕوانی و گوێم بۆی رادێرابوو، ئەو بێدەنگیە، درێژکراوەی چەند ڕۆژی پێشوتر بوو، ئەو وتە عەرەبیەی بیر دێنامەوە کە واتای ئەوەی دەدا،( هێوری پێش گەردەلول و ڕەشەبا دەکەوێ ).
ماوەیەکی دووروو درێژی نائومێدی لە دەستەو یەخە بوونی خەڵکەکە بووەوە، ڕۆژێ پێشتر بوو، پەیکەری گەورەی وڵات بە لادا هاتبوو، بە لادا هێنانی ئەو پەیکەرە زەبەلاحە، تەنها لە ئامبازی ئەم خەڵکی وڵاتە نەبوو! گەر دەسبار نەکرانایە، لەوانە بوو سەردەمانێکی تری کلۆڵی وماڵوێرانی دەستی لێ هەڵنەگرتبان.
دەی چواری دوهەزارو سێ، ئەو ڕۆژەی کە چی سەرباز و هێز و پیاوانی رژێم و هەموو ئەو گروپانەی کە بە مەبەستی بەرگری کردن و شەڕی ئەمریکا پرچەك کرابوون، تاقیان لە شارەکە نەما، شار خۆی لە تۆزو غوباری حوکمی سەرکوتکاری تەکاندوو بە شکۆمەندیەکی شایستەوە، چووە ریزی شارەکانی دیکەوە، من و ئەژدەر، بە سەرسامی و خۆشیەکەوە، تەماشای ئەو گۆڕانەمان دەکردوو لە سیمای خەڵك و کاردانەوەیانمان دەڕوانی، سەردانی ئەو ماڵانەمان دەکرد کە کوڕو براو کەسە ئازیزەکانیان ماوەیەکی زۆر درێژ بوولەم شارە دوور بوون و تامەزرۆی دیتنی هەمووکەس و شتە خۆشەویست و لە دڵ شیرینەکان بوون، لە زۆربەی ماڵەکان کەیف و خۆشیەکان بە شێوەیەك بوون شێوەی ئاهەنگ گێڕانی بە خۆوە دەگرت، من لەو کەس و کاری گەڕاوانە زۆرتر کەیفخۆش دەبووم بە بینینی ئەو ساتانە، بە ڕاستی ساتەوەختگەلێکن کە بە هیچ شێوەیەك نە پێناسە دەکرێن و نەیش دووبارە دەبنەوە، تا ماوەیەکی زۆر چ لە گەڵ ئەژدەرو چیش لە گەڵ ماڵی خوشکەکەم سەردانی ئەو ماڵانەمان دەکردو پیرۆزبایی و چاووو دڵ ڕۆشناییمان لێ دەکردن، هەندێکیان باسی ئەو چەن ڕۆژو هەفتەو مانگانەی پێش گۆڕانکارێکانیان دەکرد کە چۆن چاوە چاوی درز تێکەوتنێکی هێزەکانی رژێم و هەڵکردنی گڵۆپی سەوزیان لە لایەن هێزەکانی ئەمریکاوە بوو تا بە لێشاوو عیشقێکی بێ پایانەوە ڕوو لەم شارە خنکاوە بکەن، خۆشیەکان هەند گەورەو زۆر بوون بیرمان لە هیچشتێك نەدەکردەوە، بابەتی باسەکان هەر هەمووی گۆڕان و باس و خواسی تر جێیانی گرتەوە، باس و خواسگەلێ بە پێچەوانەی ئەوانی پێشووتر، چ گرژی و دەمارگیری و پەستیەکی لە خۆی نەدەگرت، وام لێك دەدایەوە کە چ باسێکی دیکە نەمابێ بیکەین. پرسیم:
- ئەژدەر، لەمەو پاش چی؟.
وتی: دەڵێی چی؟.
وتم: وا ئەو پەیکەرە بە شکۆیەش بەلادا هات، چی زوڵم و زۆرو کوشت و بڕ هەیە لە گەڵیدا بە نەفرەت کران.
وتی: هێشتا زووە بۆ قسە کردن لەمەو پاش، هەمووکات و سەردەمێك، ڕوداوو مێژووی تایبەتی خۆی هەیە.

لە میانەی ئەو قسانەی ئەژدەرەوە بیرم بە لای زۆر شتدا رۆیشت، بۆم دەرکەوت کە دەبێ وابێ، دەبێ مێژوویەکی جیاوازو رووداوگەلێکی جیاوازتر بێنە ئاراوەو حوکمکارو بەرهەڵستکاری تازەش پەیدا بن.

ئەو رۆژەی لە گەڵ ئەژدەر بە نێو شار دەسوڕاینەوەو لە خەڵك و گۆڕانکارێکانمان دەڕوانی، خەڵك خرۆشا بوون، زۆربەیان تێکەڵ بە هێزی بەرگریکاروو رزگار کەر بوون و ئوتۆمبیلەکانیان رازاندبووەوەو منداڵ و مێرد منداڵ، سەریان دەر دێناو، باڵەکانیان رادەوەشاندو، فیکەیان دەکیشا، دروشمی جیاواز جیاوازیان دەوتەوە، گەورەکانیش تووشی دڵەڕاوکە بووبوون بۆ لەمەو پاش، ئەو دڵەڕاوکەیەیان تێکەڵ بە هیوا دەکردو ترس و نیگەرانییان لە نێو تەمی شادی و خۆشی سەرکەوتن، ون دەبوون.

ئێمەی خەڵکی شارەکە وەکو کەسێکی وێڵبووی نێو بیابانێ، تۆژنەی قومێ ئاوی سەرفرازی بووین، شاگەشکانە وەك سەرما بردوویەك، خۆمان بەو پاڵتۆ نوێیەی شارەکە دەپێۆشی، گرمۆڵە دەکردوو هەستمان بە تین و وزە بەرهاتنەوە دەکرد، لە ژێر باڵی گەرم و گوڕی گۆڕانکاریەکان باوێشکمان دەدا، حەزمان لێ بوو، خەوێکی ئارام تا ماوەیەکی درێژ بمانباتەوەو هیچ دەنگێکی درو تۆقێنەر بانگمان لێ نەکات و نەمانداتەوە بەر شەپۆلی دڕندەیی و داپڵۆسین و سەرکوتکردن و زمان برین. هەموو کەسە دڵسافەکان لە نێو شاردا دەسوڕانەوەو بە دەم چەکدارەکانەوە پێدەکەنین و سڵاویان لێ دەکردن و شیرینییان بە سەردا هەڵدەدان، بە چاو سوپاسگوزاریان دەبوون، کاتێ لە گەڵ ئەژدەر، گەیشتینە حەناس ئەو پەیکەرەی لە پۆستاڵ دروست کرابوو، ئەژدەر بەرامبەری راوەستا.

وتی: ئەمە نامەیەکە، بۆ لەمەودوای بتەکان و هۆشداریەکە، بۆ ئەوانەی سوجدە بردووی ئەو پەیکەرانەن و کاریان هێشتنەوەو پاراستنی ئەو پەیکەرانەو نا ئومێد کردنی ئەوانەیە کە خەون بە گۆڕانکاریەوە دەبینن.

سەرکەوتنی نەتەوە تا ماوەیەکی درێژ، مەست و بێهۆشی کردبووین، وەك تلیاك خۆرێ، بێ وازانە، سەرنجی ئەوانەمان دەدا کە جڕتیان بۆ ئەقڵی ئێمەو نەتەوە لێ دەدا، بێ ئەوەی بتوانین تەماشایەکی وردی نێوچەوانیان بکەین، بە دەم پێکەنین و جڕت لێدانەوە، شاریان رووت دەکردەوەو شەهوەتی خۆیانیان پێدا هەڵدەسوو، شار لە ژێر نەعرەتەی ئەوان ژان دەیگرت و بێچووەکانیشی یاری ئاگرینیان بە حەوادا دەکردوو فیکەی سەرکەوتنی نەتەوەیان دەکێشا، ئێمە ئاگادار بووین لە کاڵ بوونەوەی بیری نەتەوەیی وسەرهەڵدانی ململانێ خۆ ترێنەکان، بەڵام چ کارێکمان پێی نەبوو، رزگار بوونمان لە ستەمی رژێمێکی لەو جۆرە ماناو بەهایەکی یەکجار گەورەی بۆمان هەبوو، ئامادەی هەموو قوربانیدانێك بووین لە پێناو هێنانە ئاراوەی ئەو خۆزگەیە، پاش ماوەیەك کە بە ئاگا هاتینەوە، تەماشا ئەکەین، شوینێك بۆ دانیشتن نەماوە، گەر بمانویستایە لە شوێنێ دانیشین، دەبوا لە باوەشی کەسێکی جڕتکێش دانیشتینایە، ئەگینا هیچ شوێنێك بۆ ئێمەومانان نەمابووەوە. بەشمان بەوە بڕایەوە کە دەبێ شوێن کەوتووی شوێن گرەکان بین، یاخود وەك و شێریکی نوستوو بچینە بێشەکەمانەوەو ئەو چەقەڵە گەڕۆکانە لە ئێمەومانان باشتر بێنە هەژمار کردن.

سەی وەلی دونیا دیدە، گاڵتەی بە ئەقڵی هەمووومان دەهات، هەموو باس و خواسێکی سەرزەنشت کردن و جنێوبارانکردنی تورك و حکومەتی تورکان بوو، دەستەکانی بە یەکدا دەداو دەیگووت:

- تەرەسەکان، رێیان نەدا، رێیان نەداو هەموو بە ساخ و سەلامەتی بۆی دەرچوون.

خەمی گەورەی سەی وەلی، هەڵاتنی پیاوانی رژێم بوو بە ساخ و سەلامەتی، ئەم خەمە، بوو بە خەمی گەورەی ئەژدەریش، لێم پرسی:

ـ تۆ بۆ ئەم خەمەت کرد بە هی خۆت؟ وتی:

ـ ئەوەی سەی وەلی باسی دەکا، راکێشانی جۆگەلەیەکی خوێنە لە جەستەکانەوە بەرەو دەشتاییەکان و چاندنی تۆوی دووبەرەکی و دورینەوەی مەرگە. ئەوەی ئەو باسی دەکا زوو بڕانەوەی ئەم خۆشی سەرکەوتنانەیەو دیسان هاتنەوەی ئەو پیاو کوژانەیە بە وێزەمان. ئەژدەر هەر پاش بیستنی ئەو قسانە لەو پیرەمێردەو لە ئەوەڵی گۆڕانکاریەکانەوە ئەو خوڵکەی یەکەم رۆژی ئازادکردنی شارەکەی نەماو خۆی ئامادە ساز کرد بۆ رۆژانی لەوەو پاش، دیار بوو کەو تە دڵە راوکەیەکی بەردەوام و هەموو رۆژ گوێ قوڵاخی بیستنی هەواڵی تازە بوو، کاتێ کردەوە تیرۆریستیەکانیان دەست پێکرد، ئەو قسەکانی سەی وەلی پشتراستتر دەکردەوەو وڵات و حکومەتی تورکانی بە نەفرەت دەکرد، بەڵام من هەرگیز ئەو ترس و نیگەرانی و دڵەراوکەیەی ئەژدەروو پیرەمێردەکەشم بە شتێکی لۆژیك و جێ ی مەترسی نەدەزانی، بە ئەژدەرم دەگووت کە ئەو روخاوانە چ دەستەڵاتێکیان نەماوەو زۆر زۆر چەند پەلامارێکی ترسنۆکانەی تەمەن کورتی چەند مانگەیی، یا ئەوپەڕی ساڵێك ئەنجام دەدەن و تا هەتایە تۆویان دەبڕێتەوە، بەڵام من هەڵەو دەبەنگ بووم و دنیادیدە پیرەکە ترس و نیگەرانیەکانی لە جێ ی خۆی بوون و وردە وردە پەلامارەکان پەرەیان دەسەندوو لە چەندین شاری تر ئەوان حوکمڕان بوون و لە جاران زیاتر کەوتنە خەڵك تۆقاندن و خوێن رشتنی خێر لە خۆ نەدیوانی ئەم وڵاتە نەویستە.

سەی وەلی کابرایەکی نەخوێنەواری تەمەن سەرووی هەفتا ساڵ بوو، لەوانەیە هەشتاشی تێپەڕاندبێ، باس و خواسی گەلێ کۆنی دەگێڕایەوە، کە ئەو باسانە دەگەڕانەوە بۆ سەردەمی پێش جەنگی جیهانی دووەم، بیری گەلێ تیژ بوو وای دەگێڕانەوە وەك بڵێی دوێنێ رویانداوە، رۆژێك تەشەرێکیان لێگرت گوایە پیرەمێردێکی نەخوێنەواری وەك ئەو چی لە سیاسەت دەزانێ وا لێکدانەوە بۆ رەوشەکە دەکاو قسەی لە سەر مەسەلەکان هەیە، پێی وتبوون ئێوە خوێندەواری رووی کاغەزەکانن و هەموو شتێك لاسایی دەکەنەوەو قسەی خەڵکی دەڵێنەوە، قسەی کەسانێ کە ....... ی خۆیان و گێزەر لێك جیا ناکەنەوە، بەڵام من، ژیان مامۆستام بووەو سەرماو سۆڵەو رەشو رووتی گەورەیان کردووم، من نێو چەوانەکان وەك و پەڕەو کاغەزە کانی بەر دەستی ئێوە دەخوێنمەوە، گوتبووی ئێوە ماوەیەکی رەش لە پێشتانەوەیەو ئەوەی گێل و نەفام بێ وەك چیلکە بۆ گەرم کردنەوەی ژەمی بەر پرسێك دەبێ بە سوتماك.

2

تا ماوەیەکی زۆریش خەڵك لە مەستبوونی رزگاریی شارەکەیان، بێدار نەبووبوونەوە، دە ستی تاوانی تاوانباران درێژ بووەوەو کەوتنەوە کوشتن و راوە دوونانی هەر کەسێ بیانویستایە، هەر ماوەیەك و بە بەهانەیەکەوە، خەڵکیان لە خوێنی خۆیان دەگەوزاندو دەیانویست رووی تاوانکاری خۆیان لە پشت ئەو پاساوانەوە حەشاردەن، هەر لە بەهانەو پاساوی یارمەتیدانی داگیرکەرانەوە، تادەگەیشتە جیاوازی ئیتنی و تایەفی و ئایینی و

ئاییینزایی، زۆرێك لە هاویارانی ئەژدەریش، بوون بە قوربانی ئەو تەوژمی کوشتن و بڕینە، ئەژدەر، ئەوەندە باکی ئەو هەڕەشەو گوڕەشانەی نەبوو، ئەو وای حساب و کیتاب دەکرد کە ئەو شتانە هەر دەبێ روو بدەن و کەسیش ناتوانێ بەریان لێ بگرێ، ئەو رای وا بوو، هەموو بەرەو باش چوونێك و هەموو گۆڕانێك، پێویستی بەم جۆرە قوربانییانە هەیە.

تاوانەکان هەند زۆر بوون و هەن نامرۆڤانەو نا دروست و نامۆ بوون بە کولتوری ئەم شارە، هەموو خەڵکی تووشی شۆك و ترس و تۆقینێکی لە سنوور بە دەر کردبوو، هەموو رایان وا بوو، ئەم ولاتە بە ولات حیساب ناکرێ و بووە بە جەنگەڵستان.

ئەژدەر دەیگووت، شوبهاندنی ئەم دۆخە بە دۆخی جەنگەڵ، زوڵم کردنێکی گەورەیە لە جەنگەڵ و جەنگەڵێکان، چونکە تاوانەکانی ئەوان تەنها بۆ یەك هۆ دەگەڕێتەوە کە برسێتیە، بەڵام مرۆڤەکان دەیان هۆکاریان دروست کردووە بۆ ئەنجامدانی کوشتن و بڕینی یەکتر.

هەندەی پێ نەچوو، ژمارەیەکی زۆری پیاوانی رژێمی لە ناوچوو، ریشیان لێ بەردایەوەو خۆیان ئاخنییە نێو گرووپە توندڕەوەکانەوە. هەر هەموویان لە سایەی تەمسیلی دیموکراتی و بوونی چاوانی چاودێریکەری زۆرەوە زۆر ئاسابی وەك و چاخی جاران دەگوزەران و کەسێ بە ئاشکرا پەنجەی تاوانکاری و زوڵم و زۆری بۆ درێژ نەدەکردن، مارگەلێکی مت و دڕندەگەلێکی قۆناغی سوبات بوون.

ئەژدەر، تاقانەی ئەو ماڵە بوو، باوکی لە راپەڕینە مەزنەکەی ساڵی نەوەت و یەك لە لایەن رژێمەوە گوللە باران دەکرێ، پاش رزگارکردنی شارەکەو گەڕانەوەی هێزی رژێم بۆی تۆمەتبار دەکرێ بەوەی ژەمێکی نان خواردنی بە چەکدارەکان داوە.

ئەژدەر بووبوە هەموو ئومێدوو هیوایەکی دایە خان، دایکی گەلێ خەمی هەڵگرتبوو، هەردەم پێی دەگووتم، کوڕەکەم، وەرەو لە ماڵەوە لە گەڵ ئەژدەر دانیشن، تا نەچێتە دەرەوە، نەکەوێتە پێش چاوی ئەو پیاو کوژو خوا نەناسانە، دەیگووت، گەر ئەم کوڕەم لە دەس بدەم، یەك رۆژ بە سەر دنیاوە نامێنم، هەر پاش ئەو روح دەسپێرم.

لە گەڵ ئەژدەر سەرمان بە هەموو کون و کەلەبەرێکی شاردا دەکرد، هەرچی کۆڕو کۆبوونەوەیەکمان لە شوێنێ شك ببردایە ، ئامادەی دەبووین، بێ ئەوەی چاوەڕوانی بانگهێشتکردن بین، ئێمە لە سەرەتادا جیاوازی کۆڕو کۆبوونەوەکانمان هەست پێ نەدەکرد ، پاش ماوەیەك بۆمان دەرکەوت ئامادەبووانی کۆڕەکان جیاوازن لە یەکتر، ئەو دەم و چاوانەمان لە یەك کۆڕدا بە یەکەوە نەدەدی، تەنها دەم و چاوی ئێمە، بێ شەرمانەو سادەو ساویلکانە لە هەموو کۆڕەکان دووبارە دەبۆوە، رۆژێك ئەژدەر لە کۆڕێکدا بە پەستی هەستاو بەرەو دەرەوە چوو، منیش بە شوێنیەوە، هەردوو دەستەکانی نا بە سەر هەردوو گوێیەوەو وتی:

ـ ئای کە دەسەڵاتدارەکان توانای قسە کردنیان هەیە! دەڵێی لەوەتی لە دایك بوون زمانیان نەپژاوەو هەرچی قسەی تەمەنیان هەیە، دەیانەوێ لە کۆبوونەوەیەکی جەماوەریا هەڵی رێژن.

پاش هەست کردنمان بەو جیاوازیانە، تورەییەکانی ئەژدەر رۆژ بە رۆژ لە زیاد بوونی دەداو خەمی بێکەسی شارو نیشتیمانی لێ دەنیشت، دەیوت: من بیزاری لەت لەت کردنی شتەکانم، ئەم شارە چۆن بتوانێ بەرەو پێش هەنگاو هەڵێنێ، لەوەتی هەیە جێی ناکۆکی و پێکدادانەکان بووە، لەودیو سنورەکانەوەو لەوپەڕی دنیاشەوە دووکەس ناکۆکییان

هەبێ، دەیهێننە ئێرەو لێرە حساب راست دەکەنەوە، هەموو شتێ لەم شارە سەرەو قووچ بوونەتەوەو بە کەس راست ناکرێنەوە، کێ دەتوانێ ئێسك و پروسکی تێکشکاوی ئەم شارە بە یەك بگیرسێنێتەوە؟ کێ دەتوانێ، ناشرین لە جوان جوودا بکاتەوە؟ یان رەش لە سپی و بلیمەت لە گێل و خائینیش لە نیشتمان پەروەر؟.

ئەمانە بەشێك بوون لە خەمەکانی ئەژدەر، چەندینی وەك و ئەژدەر لەم شارە بە بێدەنگی و بێ خۆ دەرخستن لە کاردان و پەرە بە شتە جوانەکان دەدەن و ناشرینەکانیش نابووت و ریسوا دەکەن، ئەم جۆرە کەسانە وەکو سەربازی ون، جوانی لە نێو دۆزەخ دەبەخشنەوە، ئەژدەر دەیگووت:

ـ ئەم جۆرە کەسانە هەر لە ئەزەلەوە خودا دروستی کردوون بۆ بە قوربانی بوون، لە پێناو کەشفکردنی راستیەکان، کە هەرگیز کەشف نەبوون و کەشفیش ناکرێن، ئەم کەسانە لە هەموو شوێن و سەردەمەکاندا دەخولێنەوەو بەردەکەی سیزیف بە سەر پشتیانەوەیەو هەرگیز کەسێ ناتوانێ بارەکەیان سوك بکات و سوکناکی بە روحیان ببەخشێ.

ئەژدەر، گەنجێکی روح پاك و هەست ناسك و بیر تیژ بوو،گەر مەسەلەکان بگەیشتنایەتە ئاستی پیس کردنی روحەکان و گەمە کردن بە هەستی مرۆڤە پاکەکان، بە هەموو گوڕو تینێکیەوە دەکەوتە جووڵە، دەیگووت:

ـ راستە من بڕوام بە قەدەرەکان هەیەو دەزانم هەموو کارەکان دەستێکی پەنهانی تێدا وەردراوە، دەستێ کە کەسێ نیە بتوانێ رایگرێ، وە دەبێ ئەو کارانە بەو شێوەیە بکەونەوە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە دەسەوەستان بووەستم و چاوەڕوانی ئەو دەستە پیرۆزە پەنهانە بکەم، کایەکان یەکلا بکاتەوە، نەخێر ئێمەومانان سەربازی بن دەستی ئەو دەستە پەنهانەین ودەبێ ببینە ماشەو وەسیلە بۆ بەدیهێنانی ئامانجە پیرۆزەکان، کە مرۆڤی تێدا کامل ًدەبێ.

بەڵام من، هەندە ئەو قسانەم پەسەند نەدەکرد، گەر ژیان بەو شێوەیە بووایە، ئیتر هەوڵ و تەقەلای ئێمە لە پای چیە؟ پێم گووت:

ـ کاکە ئەژدەر، خۆت دەزانی من برای تۆم، دایکی تۆ من بە کوڕی خۆی بانگ دەکات و لە تۆم جیا ناکاتەوە، خۆت دەزانی خوای گەورە دەستی لە برایەتی ئێمە وەرداوەو ئاوای ویستووە، من هەردەم بە چاوی برایەتی تەماشام کردوویت و بەو جۆرەش سورەتتم لە مێشکم چەسپاندووە، ئێمە لە پێناوی داکۆکیکردن لە روحە پاکەکان و نەمر کردنیان، ئەم کارانە دەکەین، ئەگەر بەو بۆچوونانەی تۆ بێ، ئەبێ ئێمە گلەو گازندە لە کەس نەکەین و هەموو ئەنجامەکان بە سافی وەرگرین، من دەترسم ئەم بیرو بۆچونانەت بتخەنە سەنگەرێکی رووەو خۆت. وتی:

ـ دەزانم تۆ ترسی چیت لێمە، دەترسێی لە نیوەی رێگا وازت لێ بهێنم و بەرەنگارت ببمەوە. وتی، نا، هەرگیز من کاری وا ناکەم، من دەبێ داکۆکی لە زمانێ بکەم کە پەروەردگار پێی بەخشیوم، دەبێ داکۆکی لە کەلتوورێ بکەم بە ویستی ئەو باڵادەستە خراومەتە سەری، ئەو خودا گەورەیە بۆ جوانی ژیانێکی پڕ حیکمەت، ئەم جیاوازیانەی هێناوەتە کایەوە، ئەگینا دەیتوانی هەموو یەك رەنگ و یەك کەلتوورو یەك زمان بکا، داوامان لێ دەکا، تەنها بۆ پاراستنی روحە پاکەکان کار بکەین، هەر کەسێ ویستی بە هۆی جیاوازێکانمانەوە ئێمە لە ناو بەرێ، ئەوکات ئەرکێکی پیرۆزی سەپێنراوی ئیلاهیە

که داکۆکی بکەین و خۆمانی لە پێناودا بەختکەین، بەو جۆرە لە پێناو داکۆکیکردن لە کارێکی جوانی خودا دەمرین...
بەڵێ، ئەمانە هەندێك لە راو بۆچوونەکانی ئەژدەر بوون، بە تایبەتی لە بارەی ئەوانەوە کە وەکو سەربازی ون لەم جیهانە بەرفراوانە کۆشش دەکەن و چاوەڕوانی هیچ پاداشتێکیش نابن و کەم کەسیش ئاگاداریانە، ئەژدەر خۆی یەکێ بوو لەو سەربازە ونانەی کە کەس نەیدەزانی چی دەکاو بۆو لە سەرچی خوێنی رژێنرا؟

3

من ئێستا لە پرسەیەکی بەردەوامدام و گەر رۆژێ لە رۆژان کەسێ بە جل و بەرگ و پۆشاکی رەشەوە نەیدیم، وا تێ نەگا من لە خەڵوەتی پرسە گێڕان هاتوومەتە دەرێ و ژیانێکی ئاسایی دەگووزەرم، من نەك پۆشاکەکانم بەڵك و هەموو ناخ و روحیشم رەش داگەڕاوەو پێ ناچێ هەرگیز ببمەوە بە مرۆڤەکەی جاران. من ئێستا دژمنی سەرسەختی ژیانم، ژیانێك کە بتوانێ ئازیزەکانت لێ زەوت کات و لێتی دابڕێنێ شایانی خۆ ئالاّو والاّ کردن نیە بۆی، ئەمە شێوەی پرسە گێڕانی منە، بۆتان عەیان ئەکەم.
شیعە مەزەبەکان زیاتر لە هەزار ساڵە شیوەن و گێڕانەوەی کوشتنی کەسانێك دەکەن، منیش وا چیرۆکی کوشتنو شیوەنی کەسێکی ئازیزی خۆم دەگێڕم.. من شیوەنی دۆستێکی خۆم و گەردوون و هەموو مرۆڤایەتی لە بری ئێوەش دەگێرم، شیوەنی کۆچکردنی مامۆستایەك، مامۆستایەکی تایبەتی شارەزا لە بواری روح، هەموو روحەکانی نێو ئەم ژیانە، رێزی لە هەموویان دەناو دەیگووت هەموو زیندەوەروو پەلەوەرو دارو درەخت و تەنانەت بەردوو چەوو خاك و گڵ و هەرچی لەم گەردوونە لە گەڵمان بوون و ئامادەییان هەیە، پیرۆزن و شایەنی ئەوەن رێزیان بگرین و بە ئەدەبەوە دەستیان بۆ بەرین و بەکاریان بێنین.
ئای لەو مرۆڤە مەزنە، وای لەو جەللادوو دڕندەو دوژمنانی ژیانە، وای لەم تێکەڵ و پێکەڵیەی کە هەن، وای لەم تەنیایی و بێ ئەژدەریەی خۆم، کێ دەتوانێ وە ك و ئەو مامۆستایەم ئۆقرەییم پێ ببەخشێت و بەوە رازیم بکات کە ئەم شتانە شتی ئاسایی و سروشتی گۆڕەپانی ژیانن، من وەختە لەم بێ کەسیەی خۆم جاڕس دەبم و مێشك لە دەس دەدەم، کێ مامۆستایەکی وا بێ باکی دیوە، کێ هاورێیەکی لەو چەشنە دڵڕەقی هەیەو لەم جەنجاڵی و گرژیەی ژیانە وا بە تاق و تەنێ بە کۆمەڵێ پرسیارو هاوکیشەی بێ شیکاروو بێ وەلاّمەوە جێی بێڵێ؛ کێ پێی دەکرێ ئۆقرەی لە دەستدانی بوونەوەرێکی لەو جۆرە بگرێ، کێ دەتوانێ وا بکات، ئاسایی بێتەوەو ئاوی چاوان و سوتانی روح راگرێ و ژینێکی بێ شیوەن رابوێرێ، کێ دەتوانێ لەو پیرۆزترو خۆشەویستترو زەرورتر بێ بۆ ئەم کەونە، شیوەنی من شیوەنێکی وەك هی کەسانی دیکە نیە شیوەنێ دەگێرم هەرگیز بە بالاّی ناگا، شیوەنی تاساندنی روحێکی پاك و لەتلەتکردنی روحی دایەخانی من و دایە عیسمەتی ئەژدەری شەهید و جوانە مەرگ، دەکرێ کەسە پیرۆزەکان لە هەموو سەردەم و هەموو شوێنێکدا پەیدا ببن و لە ناو چوونیان ببێتە مایەی تورش و تاڵکردنی سەرتاپای ژیانی کەسانێکی زۆر.

ماوەیەك بە سەر كوشتنی ئەژدەردا تێپەڕیبوو، لەو ماوەیەدا من زۆر گۆڕابووم؛ ڕۆیشتنی ئەو هاوڕێیەم كارێكی وا ئاسان نەبوو، لە ڕۆژانی سەرەتادا ئەوەندە دركم بە گەورەیی كارەساتەكە نەدەكرد، یان هەند توند كاری تێ كردبووم نەمدەزانی چی ڕویداوە، بەڵام پاش ماوەیەك لە كۆتایی هاتنی پرسەكەی وردە وردە بێ ئەویم پێوە دەر دەكەوت، ئێمە شتێكی دەگمەنمان لە ناكاودا لێ بزر بوو، ئەوە شتێكی مادی هاكەزایی نەبوو شتێك بوو لەو شتانەی كە پەروەردگار لە هەر قۆناغەو چەند دانەیەكی لێ دەبەخشێ بە مرۆڤەكان، گەورەترین و دەگمەنترین و بە بەهاترین شتی گەردوون بوو بۆمن، وام هەست دەكرد بەتاق و تەنیا لە بیاباندا ماومەتەوەو ڕەو دەرناكەم، شێوەشم تەواو تێك چووبوو، بێ وازو بێ توانا، هەمیشە حەزم لێ بوو بنووم، نەك نووستنی بێ ئاگایی بەڵك و مەبەستم خۆ خزانە نێو نوێن و تێڕامان بوو لە شتە تاڵەكان و كارەساتە دڵتەزێنەكان، هەموو كەس و ئازیزەكانم نیگەران كردبوو، ئەوان، ڕوخسارو ڕەفتاریان دەدیم ، بەڵام، چ ئاگایەكیان لە ناخم نەبوو، نەیاندەزانی، ئەو گۆڕانكاریانە چین بە سەرمدا دێن.

كەسایەتی ئەژدەر هەند پتەوو هاوسەنگ بوو! كەس نەیدەتوانی بیلەرزێنێ، حەزم لێ بوو، منیش ئاوابم.

ئەژدەر، خاوەن عەشیرەتێكی گەورە بوو ، میوانی زۆریان دەهات، لە هەموو ناوچەكانی كوردستانەوە، هەر لە گوندەكانی دەورو بەری كەركووكەوە تا دەگاتە: هاوارو گوندەكانی دەوری مووسڵ و خانەقین وناوچەكانی دیكە؛ دوو كەس بە لامەوە ئاشنا بوون، ئەوانیش: خاڵۆی ئەژدەر، كە بە سەی قودرەت بانگیان دەكردو ئەوی دیش سەهاك بوو، كە دڵنیا نەبووم، لە گوندەكانی سنوورەوە دەهات، یاخوود، لەودیو سنوورەوە.

ئەوان، زۆرجار، سەردانی ماڵی ئەژدەریان دەكردوو بە چەند شەوو چەند ڕۆژ، لایان دەمانەوە ، هەرچی خزم و كەس و كاری ناو شاریشی بوون، منیان دەناسی و دەیانزانی، چەند پەیوەندیەكی بە تینم لە گەڵیان هەیە، دایكی، بە كوڕی خۆی، بانگی دەكردم، دەیگووت:

ـ تۆ كوڕی منی، تۆ برای ئەژدەری... نەكەی، جیاواز بیر بكەیتەوە.

من، بچوكترین ئەندامی خێزانەكەمانم، دایكی خۆمم بیر نایەتەوە، تەمەنم لە دەوروبەری حەوت هەشت مانگان بووە، دایكم بە هۆی سوتانی جەستەیەوە، كۆچی كردووە، وەك بیستبووم، كەس و كاری دایكم، ویستویانە باوكم تۆمەتبار بكەن بەوەی، ئەوە ڕووداو نەبووەو تاوانێكی كوشتن بووە، باوكم، پێی هەستاوە؛ بەڵام، خوشكەكانم، نكوڵی لەوە دەكەن و پشتڕاستی دەكەنەوە، كە ئەوە لە ڕوداوێكی دڵتەزێن زیاتر، چیتر نەبووە، پاش ماوەیەك باوكمیش، بەو كەسەرەوە سەری ناوەتەوە، هەر بە ڕۆیشتنەوە، ڕۆژێ بەلادا دێت و ئیتر هەڵناسێتەوە، بۆیە دڵم، لە باوكم و لە نامووسی دایكم، كرمێ نەبووە، چونكە دایكم پاش سی و سێ ڕۆژ لە سوتانەكەی، كۆچی دوایی دەكات و بێتاوانی باوكمی، بۆ هەموو كەس، دووپات كردووەتەوە، بەڵام ئەو قسەیە كەوتبووە سەر زارو لە گەروو دەرچووبوو و نەدەگێڕ ِی َنرایەوە، من دەمەوێ بڵێم، كوڕایەتی من و دایكایەتی دایە خانی دایكی ئەژدەر، هەروا، لە هیچەوە، نەهاتبووە ئاراوە، وەك دایكی هەركەسێ كە بە برادەری كوڕەكەی بڵێ كوڕم ، من ئەو كاتەی دایكم، كۆچی دوایی كردووە، شیرە خۆرە بووم و دایە خان لە گەڵ ئەژدەر، هاوبەشی شیر پێدانی كردووم، واتە برای شیری ئەژدەر بووم.

پاش هەفتەیەك لە تەواوبوونی پرسەكەی، چووم بۆ لای دایەخان و سەرەخۆشیم لێ كرد، داوام لە یەزدان كرد، كە سەبووری ئەوو خۆم و هەموو ئازیزو خۆشەویستەكانی بداتەوە، لە چەند خولەكێ زیاتر، نەمتوانی لای بمێنمەوەو بەرگەی دیتنی ئەو هەموو تامەزرۆیی وئازاری جوداییەی دایكم بگرم ، كاتێ بە دەم پرمەی گریانەوە رووی تێكردم و پرسی:

ـ ئەژدەر لە كوێیە؟ ئەژدەر، كوا؟ بۆ نایاتەوە؟.

بە دەم فرمێسك رشتنەوە، رووم لێ وەرگێڕاو بەرەو دەرەوە هەڵاتم، تا ماوەیەك، ئەو پرسیارەی دایە خان، لە گوێم دەزرنگایەوەو ئاوی لە چاوانم دەهێنایە خوار، منیش، وەك و ئەوان، جلی رەشم پۆشیبوو، ریشیشم بەر دابۆوە، هەر كەس بمیدیایا، دەیزانی كە تازیە بارم، من، هەموو كات، وەك تازیەبار وابووم، هەند خۆشیم بە ژیان نەدەهات، بە تایبەتی كاتێ بیرم لەو كۆتاییە جەرگ بڕانە دەكردەوە، مرۆڤەكان وەك و میوانێ، لەم ژیانە، بۆ ماوەیەك دەمێننەوەو دەڕۆن، چ پێویست دەكا! وا پەلە بكرێت لە چوونیان و ئەو دەرفەتی ژیانەی كە خوا پێی داون، لێیان زەوت بكرێت، بە راستی مرۆڤەكان دڕندەن؛ بە راستی مرۆڤ، خۆی، دوژمنی سەرسەختی خۆیەتی، بەم هەموو بێماناییەی ژیانەوە، مرۆڤەكان بێماناترن، كاتێ لە پلان گێڕان و لە بۆسەدا دەبن بۆ یەكتروو هەوڵی زووتر فەناكردنی یەكتر دەدەن، لێرە، ئەژدەر كوژرا، لەولاترەوە سەرگۆن و لە شوێنیكی تر........ لێرە رەش دەپۆشرێو لەوێش رەشتر ، لەولاوە، مۆر و شین و هەش بە سەر كردن و روومەت و قژ رنینەوە، ئەمانەش دەبنە منداڵدانی رك و كینەو تۆڵە بە شوێن خۆیەوە دێنێ ، كاروانی خوێنڕشتنی كوڕانی ئادەم، بەردەوام دەبێت و رەش و رەش و رەش، رەش، باوترین رەنگی ئەم خاكەیەو قێزەونترینێتی؛ من، لەنێوان ئەم هەموو روداوو كارەسەت و مەینەتیانە، وڕو كاس بوبووم ، لە لایەكەوە بیرم لە سەندنەوەی تۆڵەی ئەژدەر دەكردەوەو لە لایەكی ترەوە لە خۆمم دەپرسی، تۆڵە لە كێ ؟ بە ئاراستەیەكی دیكەش، بیرم دەكردەوە، لێرە بیوەستێنم و لە خۆخواردنەوەو خۆدزینەوەو ترس و لەرز، بەردەوام بم، تا تووشی جەڵتەیەكی دەماخ دەبم و مردنێكی پاكی بێ كێشە نانەوە، بۆ كەس و كارم، بە دەس دێنم و قورتار دەبم لەم ژیانە سەختە.

ماوەیەك پاش سەردانی كردنم بۆلای دایە خان و سەرە خۆشی كردن لێی، دەمەو بەیانی تازە لە خەو هەستابووم و لە ناو نوێنەكەم تلم دەدا ، گوێم لە دەنگە دەنگ بوو، زانیم كە یەكێ لە ماڵمانە، كاتێ گوێم لە دەنگی خوشكەكەم بوو، گووتی، یاخوا بە خێر بێی عیسمەت خان. بۆم دەركەوت، میوانەكەمان كێیە ، بە پەلە پەل لە ژوورەكەم دەرچووم و چووم بۆ بە خێرهێنانی دایە خان، دەستیم ماچ كردوو بەرامبەری دانیشتم، ئاگام لێ بوو پاش دەست ماچ كردنەكەم، چاوەكانی سڕتەوە ، هێشتا چاوەكانی پڕ بوون لە فرمێسك، بەڵام دیار بوو نەیدەویست بگریێ، نەكا تووشی هەمان دۆخەكەی پێشووترم بكاتەوە ، من ئارەزووم لێ بوو داوای لێبوردنی لێ بكەم، لە پای ئەوەی ئەو رۆژە پشتم تێ كردوو جێم هێشت، بەڵام خوشكەكەم فریام كەوت و دەستی بە دڵدانەوەی دایە خان كردەوە و باسی بێ دەستەڵاتی مرۆڤی بۆ دەكرد، بەرامبەر بە قەدەرەكان و ویستی ئەو خوایەی كە هەر كات ویستی، ئەو ئەمانەتەی خۆی دەباتەوە، هەندەی پێ نەچوو، خوشكەكەم جێی هێشتین، نەمدەزانی چۆن رەفتار بكەم، هەندێ خۆم بە نینۆكەكانمەوە خەریك كرد، دەمویست بێمە قسە، بەڵام قسەی چی و چی بڵێم ، نەمدەتوانی چاوەكانیشم بەرامبەری هەڵێنم، بەرامبەر هەموو ئەو كەسانە وا بووم كە دەیانمناسی و ئازیزێكیان لە دەس دەدا، تەنانەت، لە چوونم بۆ پرسەكانیشیان بێ ئەوەی چاو لە چاوی كۆست كەوتووەكان

بنێم، ڕاست، دەچوومە ژوورەوەو ڕاست، دەردەچووم، تەنها بە دەست سڵاوم ئاراستەی ئەو کەسانە دەکرد کە لە پێشوازیکردنی میوانەکان بە ڕیزوو بە ڕێزەوە وەستابوون. دایە خان، خۆی، ئەو بێدەنگیە کوشندەیەی شکاندوو بە دەنگێکی پڕ ئازارەوە گووتی:

- چی بکەین، ئیتر ئەمە حاڵی دنیایە ، دووربێ لەم ماڵە، ناشوکری نەبێ، ئەبێ ناخۆشیەکان هەر بۆ ئێمەومانان بێ.

من هەر هیچم پێ نەدەوترا ، تەنها هەناسەیەکی ساردی درێژم هەڵکێشا، کە نیشانەی هاوخەمیم بوو بۆیان، بە دەنگێکی جیاوازترەوە رووی دەمی لێم کردوو وتی:

- کوڕم، من خەوێکم دیوە، پێویستە تۆ بێی بۆ ئەو ژوورەی ڕەحمەتیەو وەکو ژووری خۆتی دانێی، کەی دێیت و کەی نایەی سەر فرازی، گرنگ ئەوەیە من ئاگادارتم کردەوەو ئەو پەیامەی پێمە پێتم گەیاند.

بە ڕاستی سەرسام بووم، بەو داواکاریەی دایە خان و هەندێ شڵەژام کە باسی خەونی بۆم کرد، وتم:

- دایە خان، ئەوە کارێکی هەروا ئاسان نیە، بەڵام بەڵێنت دەدەمێ کە تۆ هەرچیم لێ داوا بکەی بە چاوان جێبەجێی ئەکەم، لەوانەیە هەندێ شتی خوا لێخۆشبووش هەبێت کە پێویست بکا چاوێکیان پێیا بخشێنم. وتی:

- بێگومان، شتێکی لەو جۆرەیە، ئەگینا ئەم خەونەی من هەروا خەوێکی بەتاڵ و بێ ناوەڕۆك نیە.

لە لای خۆمەوە، وام بڕیار دابوو، هەرگیز ئەو دەرگایە نەکرێتەوە، بە دەقی خۆی بمێنێتەوە. دایە خان، ئەو ڕۆژە بە پەشۆکاوی جێی هێشتم، من نەمدەزانی چۆن بەو کارە هەستم، پاشان، وام بە بیردا هات کە دایە خان بیەوێ بەمن قەرەبووی کوڕە لە دەستچووەکەی بکاتەوەو ئەو ژوورە وەك و جاران جمەی تێ بکەوێتەوە، بەڵام ئەو خەیاڵەو ئەو بۆچوونەم لە گەڵ ڕەفتاری دایە خانما، هەرگیز یەکیان نەدەگرتەوە، وام بڕیاردا کە چ نەبێ تا ماوەیەکی زۆریش بەو کارە هەڵنەسم، تا پێویستیەکی تر ناچارم نەکات، لەوە بە دوا هەستم بە بۆشاییەکی کوشندە دەکرد لە ژیانما، بە تاق و تەنێ بە نێو شاردا دەسوڕامەوەو لە بەر خۆمەوە ورنە ورتم دەکرد، زۆر کەس بە شێتیان لە قەڵەم دەدام و ئەسەفیان بۆ دەکێشام، بە ڕێدا دەڕۆیشتم و کەسم نەدەدی و گوێم لە دەنگی کەسیش نەدەبوو، ئەو تەنیاییەم جۆرە ژیانێکی نوێ بوو بۆم، هەستم دەکرد دوور کەوتنەوە لە خەڵکی و ژیان بە سەربردنی تەنیایی مانای زیاتر دەبەخشێ، پارێزگاری لە پاکیی روح دەکات و لەوانی تر مەزنترت دەنوێنێ، لەو ژیانی تەنیاییە هاوڕێی جیاواز لەو خەڵکەم بۆ پەیدا دەبوون، هاوڕێگەلێك کەلەو سەر زەمینە ئامادەییان نەمابوو، بە روح بەتەکم دەکەوتن و دڵنەواییان دەکردم، حەزم لێ بوو بگەمەوە پێیان و پێیان شاد ببمەوە، لێتان ناشارمەوە ئەژدەر کاریگەریەکی زۆری بڕوای خۆی بە سەرمەوە جێ هێشتبوو، بیرو باوەڕەکانی ئەژدەر وایان لێ دەکردم هەست بە گەڕانەوە بۆ ڕەسەنایەتی خۆم بکەم و خۆم داماڵم لەو بەرگانەی کە تێیان ئاخنیبووم، ئەو بەرگانەی کە هەرگیز نەبوونەتە هۆی حەسانەوەو ڕازانەوەی جەستەو ڕوحم.

پیاوێکی ئەسڵزادە، بە، ژنێکی داوێن پاکوو روحێکی ساف و بێگەردەوە، لە ئاسمان تێك ئاڵاوەو را دەکا، را دەکات و ئارەقەی ماندوێتیو فرمێسك و ئاوی لووت، بە خوڕ دەرژێن و بە نێو ریش و سمێڵە شۆڕەوە بووەکەیا ون دەبن، پاشان، بە سنگە فراوانەکەیا بەش دەبنەوە ، ئەم پیاوە، پریاسکەیەکی لە بن دەستدایەو کتێبێ لە سنگیا بە نهێنی مەلاس دراوە ، کتێبێ کە لە نهێنی زەوی و ئاسمانەکان تێگەیشتووەو سنوورەکانی نێوانیان لێك دەترازێنێو مرۆڤە پاکەکان بە گەردوونەوە گرێ دەدا، بە یەکیان ئاوێتە دەکات و لە بۆتەیەکدا دەبن بە یەکپارچە نوور.

ئەو پیاوە دەسنووسەکانی دەسوتێنێت و هەمووی لە گەرووی خۆی قووت دەدات و وەك و بار هەڵگرێك بە هێزی ئەژنۆکانی دۆڵ و نشێوو هەردەکان دەبڕێت و تاو دەدا، ماندوو نابێت و هەڵتە هەڵت، هەنگاوی گەورە دەنێو دەیداتە نەرمەی غارو خۆی دەداتە دەم تۆفان و کرێوەو لێزمەی بارانەوە، بەرەو شوێنێکی نادیار مل دەنێ، نا شوکور نیەو بە ئەرکی دەزانێ؛ ژنەکەی، شوێن هەنگاوەکانی پەی پێدەبات و بە دوویەوە داوانی گرتووە، لەچکی، لە دەم و ملی ئاڵاندووەو تۆوی بڕاوەی نەوەی رەسەنی لە هەناویا حەشارداوەو بە دەم رێوە دەیانچێنێ، دەیانچێنێو روح دەڕوێ، ئەو روحانەی بۆنی رەسەنایەتی ئەو رێچکەیەیان هەڵگرتووەو دەبێ بیگەیەننە جێیەك کە نازانن کوێیەو کەیە. هەندێ کەسی نامۆ، لە پێش ئەوەوە، بلەزو تیژڕەو، باڵندەکان لە خوێن دەگەوزێنن و سەرچاوەکان تەڵخ و لێڵ دەکەن، تۆوێکی جودا لە خاکەکەیا دەچێنن، بلەزتر دەڕوێن و سەر دەردەکەن، بە نووکی رمەکانیان، خاکەکەیان زامار دەکەن و تۆوەکانیان دەوەشێنن، بە شمشێرەکانیان، رووەکەکانی دیکە دروێنە دەکەن، رەشاییەك، دوو دیدەی ئەم پیاوە دادەگرێت، تەمێك، بەری رۆژی لێدەگرێ، فشاری ئەم تەم و تاریکیە بینینەکان لێڵ دەکەن و رۆندکەکان، بەتاوتر دەڕژێن، ترسی گەورەی بە دەورەوە خەرمانە دەدات، ترسێك، کە بەگراوندی لێپرسراوی و هەڵگرتنی ئەمانەتێکی ئەزەلیە بەلایەوە.

ئەم پیاوە، دەکرا لە سەر پشتی باڵندەیەکی ئەفسانەیی رێی ئەم کۆچەی بگرتایەتە بەر ، بەڵام ئێستە دەبوا وا بێ نازوو تاق و تەنێ، ملی هەورازوو نشێوو هەموو مەینەتیەکان بگرێتە بەر، پرسیاری لە تەنیایی خۆی دەکردوو بە حیکمەتێکی لە قەڵەم دەدا، لە حەزمەتا، وا تووندو تیژ دەڕۆیشت! وای هەست دەکرد، جەستەی لێ سەندراوەتەوەو تەنها روحی ماوە، روحێك سووك و سانا، بە نێو لەشکری هاتوو، هەردەو هەڵەت تەی دەکات و بەرزە فڕو بەرزە دەماخ، بە لۆچی زەمەن و بە ناو مێژووی لەمەو پاش، پێچ دەکاتەوەو بە نهێنی رێگا سەختەکان دەبڕێ، چی بە سەر ئەرزەوە نەماوە، خۆی بەو گەورەیی ئاسمانە بەستۆتەوە، کە پەڵە هەورو تەم و خوڕەی بارانی بە لێزمە بەریان گرتووەو ئەمیشیان وەڕس و جاڕس کردووە.

تاریکی و بۆنە نامۆکان هاتن، هاتن و چ نیازێکی گەڕانەوەو چۆڵکردنیان نیە، ملی تەیروو تواڵ و باڵندەکانیان هەڵدەکێشا، ، باڵندەکان تاك تاك و جووت جووت، لە شەقەی باڵیان دەداو دوور دەڕۆیشتن، دوور دەڕیشتن و ئاوڕیان لە باڵندەوانیش نەدەدایەوەو باڵندەوانیان بێ باڵ لەو جیهانە ترسناکە بە تەنێ جێ دەهێشت، درەختەکان

ئارەزوویان بوو وەك ئەوان بدەن لە شەقەی باڵ و نەیەڵن ببن بە ئاوردانێك بۆ هەڵپروزانی جەستەی باڵندە باڵ قرتاوەكان.

دارەوان، شینی درەختە براوو داپاچراوەكانی دەگێڕا، ئاهووەوان، سەری براوی خوێناوی ئاهووەكانی لە كۆش دەناو رووەو پەروەردگار وەردەگەڕا، هەرچی زیندەوەرو روحلەبەرێك بوون، شپرزە بووبوون، ئەوەی رووی دەدا، مینێكی چێنراو بوو، بە روح و رووی ئەو ناوچانە دەتەقیەوە، تا ئێستاكەش، ئەو مینانە، پێیاندا دەتەقێنەوە.

كاتێ هاتن، لە كەوڵی بەرائەتدا خۆیان مەڵاس دابوو ، ئەوان، نامۆ بوون، هەڵس و كەوتی نامۆ، دەنگی نامۆو ئاوازی نامۆ، منداڵەكان دەترسان و پێیانیش پێدەكەنین، ئەوان، دەنوشتانەوەو چاویان لە منداڵەكان زیت دەكردەوە، وردە وردە، بەرائەت دەگۆڕا بۆ گومان و جارێ شەر لە چاوانیان دەبینرا ، وڵاخەكانیان لە درەختەكان دەبەستەوەو شمشێرەكانیان بە گوڵی ئەستێرەكان دەدرەوشانەوە،، ئەوانە شێوە گەلێكی جووداو رەفتاری جودایان پێ بوو، رەفتارگەلێ كە هەرگیز بە رەفتاری دۆست و دراوسێ نەدەچوون، رەفتاری ناحەزان بوون و لە ژێر ماسكی میهرەبانی خۆیان مەڵاس دەداو لە تاریكیەكانەوە خەنجەری نامەردی و ژاراوی تەماعیان هەڵگرتبوو، مقۆ مقۆ كەوتە ناو خەڵكەكەوە، وایان لێكدایەوە ئەمانە گاوانێكان بن و وەك: كۆزەرە. وەك: خڵتی دەریایەكی وشك بوو، لە پاش زەمەنێك قەتیس بووبن، بە بن پێو بەڵەكی زاگرۆس و بە ژێر ریشە چەرمووەكەی فوراتەوە تێپەڕیبن، بۆنی دوو توێی شەقی زەویە تینووەكانیان لێ دەهات و وشكی و نەهامەتیان لە گەڵ خۆ بۆ هینابوون، دیار بوو فورات، مل كەچ و جڵەو بە دەست، راگوێزرابۆوە، چونكە ئەوە سەرەتای چاخی راگواستن و جێگۆركێكان بوو، ئەوان، ئەكتەری نمایشكاروو نەخشەساز بوون، وەك جادوو، بە دوو چاوی زۆربەی خەڵكەكەدا رۆ چوون، وە كو خێو، خۆیان دەئاخنیە نێو روحی كەسەكانەوە، دەیانكردن بە چاوانی خۆیان، دەبوون بە مڵۆزمێكی خەتەرناك بە سەرخۆیانەوە، ئەوان، چی وایان نەكرد، سەرەتا وەك و لێقەوماوێك، وەك و پەڕاگەندەیەك، بە چاوی تكاوە، لێیان دەڕوانین، بە قونگە خشكێو قولانج، قولانج، خۆیان لەو خاكانە دەئاخنی، وا ئێستا سەرتاپای خاكیان تەنیوە، بە نێو شادەمارەكانی خوێنماندا تێدەپەڕن و دڵە كوترەمان پێ دەخەن و فشار بۆ مێشكمان دەبەن و بە ركێفی خۆیان هەموو ئەندامانی جەستەكان دەجوڵێنن، بەم دەست ئەو دەست دەبڕنەوە، دەمانكەن بە كلكی تەورەكان و دامان دەپاچن.

5

-لە نووسینەكانی ئەژدەر-

ئێمە لە زوڵماتەوە هێنراینە روناكیەوەو وەك و گارد وەك و نۆكەر بە درێژایی زەمەن هەوڵی جوانكردنی ژیان و بەربەرەكانی ناشرینییەكان دەكەین و جەستە بە جەستە دەگەڕێین و قۆناغەكان تەواو دەكەین و دەگەڕێینەوە ئەو خاڵەی كە لێوەی دەر پەڕین.

ئێمە دەمێ بوو بە ئاگا بووین، هەر لە گەڵ كەوتنی تیشكی رۆژ گوێمان لە دەنگی هەناسەی خۆمان بوو، بە كەون ئاشنا بووین و بووینە پیرۆزترین و خۆشەویستترین

بوونەوەری سروشت، ڕێزمان لەو شتانە دەنا کە بەڕێزەوە بە مرۆڤیان کردین و هەموو گێتییان بە هەموو باش و خراپیەوە تەسلیم کردین، ئێمە چی بووین؟ باوەڕمان نەدەکرد کەسێ بوێری ئەوە بکا بە دزێوو قێزەونمان وەسپ بکات، سروشت شەرمی لێ دەکردین و چۆنمان ویستبا فەراهەم و چاکمان دەکرد، دەمانکرد بە لانکی ئاسوودەیی بۆ نەوەکانمان، گەلێ ڕێورێچکەی کاڵ و کرچ و بێ جەستە بەرەو خاکی نیشتمانەکەمان دەخشاو بەرامبەر باوەڕەکانمان بە فەلاکەت دەچوو و سەری نامۆیی هەڵدەگرت و ببڕای ببڕ نەدەگەڕایەوە.

بەهەشت موڵکی ئامادەکراوی دەستی کردگارە، ئەو شوێنەی کە لێی بووین ئەو ئامادەکراوەی دەستی ئامادەکەری هەموو کەون بوو، ئەوەی ئێمە لێی دەگوزەراین شوێنی مرۆڤە خۆش نوودەکان بوو، فورات پاینی لێ گرتبووین و چاو برکێی لە گەڵ سەرکەشی زاگرۆس دەکرد، وامان دەزانی پەرژینێکی پۆلایینی بێهاوتایەو چ دەستێ لە برینی نادات و بواردن لێی ئەستەمە، خۆر لە ئاوا بوونی نەدەدا، ڕۆژەکان زۆر درێژترو درێژترو درێژتر دەبوونەوە، زەویو زار لە ژێر پرشنگی تیشك و خوڕەی ئەو بارانانەی کە تا شکانی تینوێتی ئەوان دەباری ، ڕاکشا بوون و چاوەڕوانی دەست و بازووی ئێمە بوون کە وە بەریان بێنین، دنیا پڕ پیت و بەرەکەت، بەری بە تام و بە چێژ، قەدو باڵای ئادەمیەکان چوون باڵای درەختەکان پتەوو بەرز بونیاتنرابوون، تووکی سەرو ریش و سمێڵمان وەك ئاوریشم و پەلکەزێڕینە پاکژو درەوشاوە بوون، ڕەگەزە ناسکەکان لە پاکیو بێگەردیا وەك شەتاوەکان بە هێمنی و بێ سڵەمینەوە وەك و سێبەری هەورێکی بە پێ کەوتوو، بە گشت پاژێکا دەکشان، هیچ سنوورو تابۆیەکیان بۆ ڕێکنەخرابوو، یاساکان لە ئەنجامی کەوتنی هەڵەو لە ڕێ لادان دێنە کایەوە . ماڵەکانمان شوشەیی و سادەو کراوە بوون، شوێنی تایبەتی و نهێنی نەبوو، مردن و جیا بوونەوە کارێکی هەق و زەروور بوو، بە دوو چاوی خۆمان ڕوحەکانمان دەدی، لە جەستە نازدارەکانمان جوودا دەبوونەوە، بێئەوەی خەم و پەژارە بە ڕوومانەوە بنشێ، ئەو ڕوحە بێگەردوو بێ خەوشانە، هێندەی نەدەبرد، دیسان لە سەرەتاوەو لە قووماتەوە حزووری دووبارە دەکردەوە و وەك خونچەیەکی تازە پوشکوتوو، بە دەم ئەو ژیانە ڕازاوەیەوە دەتریقانەوە، چیا سەرکەشەکانی زاگرۆس جمەی نەدەکرد، نەکا، هەموو سەرەو ژێر بین و تیاچین، وەك و لە سەر عەرش دانیشتوویەك، پەل و پۆو دامانی بە چوار دەوری خۆیدا بڵاو کردبووەوە، هەردوو پێی دابووە بەر شەپۆلەکانی فورات و ئێمەش لە سەر پاو بەڵەك وزرانی و ڕانەکانی، بە ئارامی و بێ غایەلە، ئەو ڕۆژە زێڕینانەمان بە ئاسوودەیی دەگوزەراند. دایە پیرەکان دەیانگووت:

- ئەو دارو درەختانە، تووکی ریش و سمێڵی پڕ بەرەکەتی زاگرۆسن و ئەو گیانلەبەرانە، ماڵاتی و ئەو شەتاوو کانیاوو ڕوبارانە، ئارەقەی هەنیەین، ئەو هەوا سازگارەش، کە باوەشێنی جەستەو ڕوحمان دەکات، هەناسەی پیرۆزیەتی و هەردەم دەم دەنێ بە گوێی ئاسمانەوەو بۆمان دەلالکێتەوەو تکای ئارامیو لەشساغیمان بۆ دەکا.

کەسێ نەبوو لقێ، یا تاڵێ لە پرچی درەختی ئەو بشکێنێ، یا بقرتێنێ، کەسێ تەماعی نەدەکردە ئاژەڵ و پەلەوەرو ماڵاتی، یا پێستیان بوروشێنێ، ئێمە نەماندەزانی خوێن چیەو ڕەنگی چۆنە، کوشتن و جەنگ و داگیرکاریمان نەدەناسی، مردنەکان هەموو بە هۆی تەواو بوونی تەمەنەکانەوە دەبوون، خواردنەکانمان بەری ناسکی ئەو درەختانە بوون کە بێ ئازاروو بە ویستی خۆیان دەکەوتنە کۆشمانەوە، مرۆڤەکان پاشەڕۆیان بێ بۆن و بێ خاك پیس کردن بوو ، شتەکان هەموو ناسك و تازەو نەرم و نیان بوون، چ پێویستیەکمان

بە کێردوو قاچی و تەوروو پاچ نەبوو، ئێمە خاوەنی کتێبخانەی سنگ بووین و ئەوەی لەو کتێبانە ناو نەنرابا، نەماندەناسین و وەرمان نەدەگرتن، خاوەنی گەورەترین و کۆنترین و پڕ ماناترین کتێبی دونیا بووین، هەند بە جوانی و ڕەوانی و ڕوونی نەخشێنرابوون! گشت توانای ئەوەمان هەبوو لە سنگیان نێین، باوەڕمان نەدەکرد چ جیهانی دیکەو کتێبی دیکەو بوونەوەری سەیرو سەمەرەی دیکە، لە نێوانی فورات و زاگرۆس بوونی هەبێ، جار جار کۆچەرانی وەك خۆمانمان بەدی دەکرد، کە بەرەو ژوور یا بەرەو خوار دەبوونەوەو چ جیاوازیەکی وایان لە گەڵ ئێمەومانان نەبوو.

ئەمانە وڕێنەو خەیاڵ نین، بەڵك و بوونیان هەبوو و دەستێکی میتافیزیکی ڕۆچوبووە ناویانەوە، بەڵام ئەو جیهانە بەهەشتیە تا سەر نەبوو ، بوونەوەری سەیر سەیروو ڕەفتاری سەیرو سەمەرەو کەرەستەی جەستە لەتکەری سەیرتر ڕوویان تێ کردین، لەو ڕۆژانەوە خوێنمان بینی و وشەی کوشتن هاتە ئاراوە ، دەڵێن کوڕانی ئادەم یەکەم کوشتنیان ئەنجامداوە، بەڵام دەکرێ ئێمە لەو ئادەمە نەبووبین و جیاوازو تایبەتتر هاتبینە کایەوە، نووسینی نامۆو نالۆژیك خۆیان ئاخنیە دووتوێی فەرهەنگمانەوە، هەناسەو ڕەنگ و شێوەی زاگرۆسیش گۆڕا، پێو بەڵەکی، ڕەنگی دییان گرت و ئێمەش لەو چاخەوە نامۆو گومڕا بە سەر گێتیەکی خوێناویەوە دەبینە قوربانی، تا ئێستاش بە دووی جیهانە دزراوەکەماندا وێڵین ، چەندین لەشکروو میللەت و سەرکردەی بێ بەزەیی و خوێنڕێژ، بە سەرمانیانا دەداو پاش تالا ن و بڕۆ جێیان دەهێشتین و دیسانەوە خۆمان پێك دەلکاندەوەو جیهانە تێکشکاوەکەی خۆمانمان ڕاست دەکردەوە ، بەڵام سەردەمێك هات، بوونەوەری وای ڕاپیچ کرد! کە نەك گۆشت و مالا ت و خێرو بێر تێریانی نەکرد، بەڵك و کەوتنە سڕینەوەی ڕوحمان و سووتاندنی کرۆکی بوونمان کتێبەکانمانیان گڕ تێبەردەداو زمانمانیان دەبڕیەوە، زمانی مردووەکانی خۆیانیان لە زارمان دادەسەپاند، لە گەڵ هاتنیان شەوەزەنگی درێژ باڵی بە سەرمانداکێشاوکەسێ بە ڕوونی سیمای ئەوەکەی نەدەدی،

ئێمە لە جوانی و پیرۆزی ئەو ڕۆژەمان دەڕوانی و دیقەتی دیمەنی ئاوا بوونی ڕۆژمان دەدا، هەر لەو ئاراستە ڕوانینەی ئێمەوە کەسێك لە شێوەی سەرکردەو چەندین کەس بە شوێنیەوە ڕوویان لێ کردین و ڕەشمەی ولاخە بەرزەکانیان بە درەختەکانەوە بەستەوە، کەو تنە ئەو دەروو دەشتە، وامان لێك دایەوە کە بچنە سەر ئاوو وچانێك بدەن و ئەو ناوە جێ بهێڵن، هەرلەو ئێوارەیەو لە دەسپێکی ئەو شەوەوە ئاراستەی هەوا گۆڕاو شپرزەییەك کەوتە ڕیزی خەڵکەکەو ئەو شپرزەییە بە ئاژەڵ و پەلەوەرو زیندەوەرانی ناوچەکەشەوە دیار بوو، ئاوی ئارامی سیروا ن لەو لاوە کەوتە لرفە لرف، دەنگی شەپۆلە شپرزەکانی دەگەیشتە هەناوی ئاسمان، خەڵکەکە حەپەساوو چاوەڕوان لەو ناوەیان دەڕوانی و گوێیان بۆ دەنگی سیروان ڕا دێرابوو، سیروان ماوەیەکی زۆر بوو بە خوڕینی پیاو چاکێ کزو مات و بێدەنگ شۆڕدەبۆوە، ملکەچی ئەو مرۆ ناسکانەو گوڵ و درەخت و هەموو ڕوحلەبەرێکی سەر ڕێگاکەی دەبوو، کەچی ئەو ئێوارەیە کەوتە جۆش و خرۆش و نا ئارامی و بوبووە مایەی ترس و دڵە ڕاوکە بۆمان ، مەردوومی گچکەو مەزن لێکیان دەڕوانی، نەکەسێ پرسیارێکی هەبوو و نەیش وەڵامێ، ئەوانیش دوور دەکەوتنەوەو شڵپ و شۆپی جل و بەرگە شۆڕو پان و پۆڕەکانیان نەدەما، خەڵکەکەش وردە وردە دەچوونەوە توێی خانوە شوشەییەکانیان، باوە هەیەر، نەدەحەسایەوە، نەپشتی دەچەماندەوەو نە لاقەکانی درێژ دەکرد، پێ نەدەچوو نیازی بێ تۆزێك بنشێ، یاخوود ڕاکشێ، یەك یەك

دەچووە سەر مەردوومە موریدەکانیو دیقەتی دەدان و پەرێشانی شپرزەییان دەبوو، تا دەهات تاریکیەکە خەستتر دەبۆوە و دلەکوتەکانیش توندترو خێراتر دەبوون، هیچ کەسێ شەوی وا تاریك و نووتەکی لەو دەڤەرە بەو شێوەیە نەدیبوو، لێیان روون بوو ئەوە سەرەتای چاخێکی نوێیە، چاخێ کە هەرگیز مزگانی خێر نادا، لەگەڵ کورتبوونەوەی مەودای بینین بەرامبەر ئەو دیواری رەشیە جلەوی بایەکی شێت و سەرەڕۆیش شل دەبۆوەو بارێ دیکەی بە سەر ئەو بار گرانیەوە دەنا.

تا دەهات دەڤەرەکە بە قوڵایی تارکیدا رۆ دەچوو ، ئەو تاریکیەی کە بوبووە لەمپەرێکی کەللە شەق و بواری بواردنی ئەو کەشە ناهەموارو دڵ گوشێنەرەی نەدەدا کە هەموو خوا خوای زوو تێپەڕبوونیان دەکردوو هیوایان دەخواست! لە گەڵ هەڵهاتنی رۆژێکی پاك و نوێی دیکە، سیروان هێور بێتەوەو بکەونەوە باوەشی ژینە سادەو بێ گرێ و گۆڵەکەی جارانیان، بەڵام ئەو شەوە بەو توێکڵ ئەستوریەوە چاوی لێ زیت دەکردنەوەو بە گوێیاندا دەیچپاند، ماڵئاوایی لە رۆژانی ئاسودەیی پێشووتر بکەن و بە تەمای گەڕانەوەی نەبن، هەرگیزاو هەرگیز،

باوە هەیەر دڵ پڕ خەم و هەست بە مەترسی لەمەو پاش، لە بەر خۆیەوە دەلالکایەوەو وشە قافیەدارەکانی نێو کتێبە پیرۆزەکانی خۆیانی دەوتەوە، بە نیازی رەتاندن و رەواندنەوەی وەیشوومەو کارەساتی جەرگبڕ، کۆڕێکی دەستە جەمییان بەست و لەو تاریکی ئەنگوستە چاوەدا چرایان پێکردو کەوتنە گێڕانی مەراسیمی سروتێ کە بۆ یەکەمجار بوو لە پەنهان بەڕێوەی ببەن! ئەوە یەکەمجار بوو، کەسانێ نامۆ نزیك ببنەوە، ئەو هەموو گۆڕانکاریە چاوەڕوان نەکراوانە نیشانەی نادۆستی و ناهامڕایی ئەو هاتووانە بوون، زۆر بە سرتەو بە پەلە کەوتنە نزاو دوعاو خوێندنەوەی سروودەکان ، لالەی تەمبوورژەن کزو کڵۆڵ و چاو فرمێسکاوی، تەمبوورەکەی دەژەنی، بە دەم ئاوازێکی پڕ جۆش و خرۆش و بە روحی جووت بوون لە گەڵ دوا سنورو ئافەریدە، لە شێوەی روح، خورەی فرمێسکی عەشقیان دەڕشت و داوای مەرەخەس بوونی ئەو ساتە سامناکەیان دەکرد، کەسێك نەبوو بە نوشتانەوەی تایبەتی ئەو سرووتە کڕنوش نەبات و بەرەو دەرکەی ئافەریدەی خۆی داواکاری بەخشین و بەزەیی نەبێ. کە لێبوونەوە هەموو رووحەکان گەڕانەوە نێو جەستە، بینیان با سەرشێتەکە توندتر خۆی بە داروو بەردی ئەو دەورو بەرە دەکێشێ، هەند بە تین بوبوو! هەڕەشەی ئاشکرای لێ دەکردن.

خوانی ئەوانەی کە بە میوان یاخود بە رێبوار هاتبوونە ناسین، یاخوود ئارەزوویان دەکرد کە وابن، وەك ئەوەی ئەوان دەیانەوێ، بە دەقی خۆیەوە مابووەوە، باوە هەیەر سەری سوڕما لە دوا کەوتنیان، چوو سەرێکی ئەو وڵاخانە بدا کە بە بارو بنەیەکی زۆرەوە بە درەختەکانەوە بەسترابوون، بەڵام بە نەدیتنی هیچ وڵاخێ راچڵەکی، بە هەڵەداوان گەڕایەوە ناو هاویارانیو لێی پرسین: کە کەسێ هەواڵیان دەزانێ؟ بەڵام چ وەڵامێکی چنگ نەکەوت، ئەو ترسی ئەوەی هەبوو ئاگاداری گێڕانی مەراسیمەکەیان بووبن، تێکەڵبوون بەو سرووت و مەراسیمە، لە دنیای دادەبڕین و دەبوونە یەکپارچە روحی یەکگرتوو، هەر هەموو لە بۆتەیەکی روحی دەتوانەوە، باکە بواری ئەوەی پێنەدەدان کە دانیشن و شەن و کەوێکی ئەو مەسەلەیە بکەن، وەك بڵێی تەسلیمی دەستی قەدەرو چارەنووس بووبنەوە، پشتیان لێ کردن و کەوتنە تەکبیری خۆ پاراستن لە هێرشی یەك لە سەر یەکی ئەو با توندو بە هێزە، ئەمە یەکەمجار بوو کە بیر لە پێکەوەنانی پەرژینێ بکەنەوە، ببێتە بەربەستێ بەرامبەر هەر هێرشێکی سروشتی و نا

سروشتی، گشت گەورەو گچکە کەوتنە هەوڵدانی دروستکردنی پەرژین، سەرەتا بیرۆکەکە وابوو کە پەرژینێ درێژو ئەستور بۆ بەرەنگار بوونەوەی باکە هەڵچنن، هەر هەموو بەو شەوە تاریك و نا هەموارە خۆیان هەڵماڵیبوو، دەیانویست کەرەسە بۆ بونیاتنانی ئەو پەرژینە کۆ بکەنەوە، بەڵام کاتێ کەوتنە کار کردن، بینیان ئەنجامدانی ئەو پلانە زۆر قورس دەینواند، باوە هەیەر هەر زوو هەستی بە ئەستەمی ئەو کارە دەکرد بەو دەم و دەسە، لە بەر هەندێ کەوتە سۆراخی دیتنەوەی رێگە چارەیەکی خێراتر ،خۆ دانە پاڵی ئەو ئەشکەوتو کەژوو کێوانەی بە لاوە گەلێ پێ باشتر بوو، هەموو ئەو پێشنیازەیان پەسەند کرد ، خۆ گەیاندن بەو کەژو کێوو ئەشکەوتانەش هەروا بە سانایی نەدەکرا، باکە بە پێچی چیاکاندا سورێ دەخواردوو جڵەوی خۆی لە دەس دابوو، هەر جارەی لە لایەکەوە هێرشی دەکردە سەر خەڵکە سەرهەڵگرتووەکە.

شەوی وا درێژ وێنەی نەبوو، داروو بەردوو ئاوو جۆگاکانیش سرەوتیان لێ بڕابوو، باوە هەیەرو دایکی مەزن، هاوسەرو هاو خەمی باوە هەیەر بە دایکی مەزنی هەمووان دەناسرا، هەرکەسەو لەلای خۆیەوەو لە ناو هاوڕەگەزی خۆیان کەوتبوونە دڵدانەوەو ورە بەر خستنەوەی هاو یارانیان، پێیان دەگوتن:

ـ ئەوە کاری پیرۆزی پەروەردگارەو نابێ نا شوکرو نا رەزابن بەوەی رودەدا، ئەوەی خوا دەیکاو دەیزانێ بەندە بێ ئاوەزەکان لێی بێئاگان. باڵندەوان، ئەو مێردمنداڵەی کە شای باڵندەکان بوو، حەزمەتی لێ بڕابوو، بەو رەوشە ترسناك و بڕست بڕە کەوتبووە سۆراخی کۆتروو باڵندە رازاوەکانی دیکەی، بە هەموو کون و کەلەبەرێکی ئەو دەرو دەشت و زوورگانە سۆراخی دەکردن، خشەو هات و هووری لق و پۆپەکان و قەترانی ئەو شەوە، باڵندەوانیان هەراسانتر کردبوو، گوێکانی وا رادێرابووا! هەموو شتێکی دەبیست، تەنها گمەو شەققەی باڵی کۆترەکان نەبێ، لە نائومێدیا دەیویست بداتە پرمەی گریانێکی شین ئاسا، لە ناکاودا دەنگی باڵەفرەی سەدان باڵندە لەو ئاسمانە تاریك و نووتەکە گەیشتنەوە گۆشە کانی ، لە ناخەوە گینگڵی دەدا، نەیدەتوانی بستە ئەرزێکی ئاسوودە بۆ نیشتنەوەیان ئامادە بکات ، لەم دۆخەدا بوو کە لە دوورەوە ئاگرێکی تر دەچوو بە ئاسماندا، بۆنێکی سەیروسەمەرەی کرد، بۆنێ کە هەرگیزاو هەرگیز لەو دەورو پشتە بوونی نەبووە، باکە ئەو بۆنە نامۆو ترسناکەی بە هەموو پاژێکی ئەو خاکەو لووتی هەموو روحلەبەرێ دەگەیاند، دەنگی تەمبووری لالەی تەمبوور ژەن تێکەڵ بەو هەموو هەراو زەناو بۆن و شپرزەییە بوو و باڵندەوان هەستی بە رۆچوونی ئەو ئاوازانەی تەمبوور ژەن دەکرد، بەرەو قولایی روحی.

6

ـ لە نووسینەکانی ئەژدەر ـ

ئەوەی ئەو کەسە نامۆیانەی هێنابووە دەڤەرەکە، کەسێکی خەڵکی ئەو ناوەو ئەو هاویارانە بوو، ئەوە وەیسە بوو، وەیسە رەنگ و بۆی خەڵکەکەی خۆی پێوە نەمابوو، رێك دەچووە سەر ئەوانەی کە پەلکێشی کردبوون بۆ ئەتککردنی خاك و هەموو پیرۆزیەکان و گۆڕینی رێچکەی مێژوو لەو خاك و وڵاتە، سیمایەکی تەواو جیاواز ریشێکی بەردابووەوە،

وەك و ئەوانی تر سمێڵی شوڕی بڕیبوو تەنها هەندەی نوکی قەڵەمێکی هێشتبووەوە،، کە بە تەنێ رووەو رووی باوە هەیەر بۆوە دەستی رانەموسی و لە پێشی نەنوشتایەوەو رێزێکی پێویستی لێ نەنا، ئەوە شتێکی هەند نامۆو جێی سەر سوڕمان نەبوو، چوونکە وەیسە هەر لە منداڵیەوە کەسێکی لەوان نەچوو بوو، هەردەم چاوەڕوانی ئەوەی لێ دەکرا رەفتارێکی نا ئاساییو نا باوو دژی نەریتی ئەوان ئەنجام بدات، وەیسە لەو شەوەدا بە دەنگی تەمبوورەکەوە چووبوو، ویستی ئینتیمای خۆی نیشان بدات و وەك و جاران بەشداری ئەو مەراسیمانە بکات، بەوە دەچوو شەیدایی ژیانی پێشوتروسۆز بزوانی بۆ تەمەنی منداڵی و مێرد منداڵی ئەو تامەزرۆییەی لا چاندبێ، سەرەتا پێش ئەوەی بکەوێتە ناو خەرمانەی ئەو مەشخەڵەی هەڵکرابوو نەدەبینرا، پاشان وردە وردە لە شێوەی تارماییەك دەرکەوتبوو، ئەوسا یەکتریان ئاگادار کردەوە کە کەسێ بەرەو لایان دێ، کەل و پەلە پان و پۆڕەکەی کە  بە کولتووری زێدی خۆی نەدەچوو، بەدەم باوە شڵپ و شاپی بوو، ئەو شەوە وا پەرت و بڵاو بوبوونەوە دەکرا لە هەر ئان و ساتێکدا بێت و لە هەر سوچو قوژبنێکەوە بوایە کەسێ دەرکەوێ، ئاوازی تەمبووری لالەی تەمبوور ژەن، سەری کاسی وەیسەی کردبووە کێش، وەیسە وای دانابوو کە دەکرێ نەیناسنەوە، بیری دەکردەوە خۆی ئاشکرا بکات یاخود نەو، ئەو لە هەرەتی لاوی وەك و سەر شێتێ دەینواندوو ئەو هەموو نهێنی کتێبە قافیەدارەکانی بۆ لێك نەدەدرایەوەو نەیدەتوانی وەری بگرێ و تاو توێیان بکات، تێفکرینی لە پەیدا بوون و لە نێو چوون خەریك بوو ئاوەزی لە دەست بدات، بەرگەی ئەو هەموو سەرگەرمی و عەشقداریەی ئافەریدەو یاوەرانی نەدەگرت و دەیویست لەو ماڵ پێدانەی خودایە چەشەو لە زەت وەرگرێ، بە هاو یارانی دەگووت:

ـ ئێوە سنوورو دیواری گەلەك مەزنتان بە پەرژینی روح و نەفسم کردووە، تاقەتی ئەو تامەزرۆییە لە دەس دەدەم، من دەڕۆم بۆ جێ و رێیێ دەگەڕێم خۆم ئاسا بیر بکەنەوەو رۆحم دوو لەت بکەن، هەر لەتەی بۆ لایێ، لایەکی ئەودیوو لایەکی ئەمدیو، من دەمەوێ لەم لایەی خۆمە تامی شتە بە لەزەتەکانی بەهەشت بکەم کە بۆم نێردراوەتە لای خۆم و ئێوە لێم دەشێوێنن.

کەسێ رێی لێ نەگرت و کەسێکیش وشەیێ کاڵی تێ نەسرەواند، چونکە ئەو جۆرە رەفتارانە لە کولتووری واندا نەبوو، وەیسە نەك خۆی هەموو ئەو کەسانەشی تێگەیاندبوو کە ئەم کۆمەڵە کەسە دوورە دەستە دوور لە وەتەنی ئەوانە چەند ئاشتیخوازو بێ وەین، پێ دەچوو پێی وتبن هاتن و مان و گونجانیان لەو ناوە ئاسان و بێ گرفت و گێچەڵ و زیانە، ئەو تۆوەیشی کە هەڵیانگرتووە دەتوانن لە خاکێکی بە پیتی ئەو دەڤەرەی وەشێنن، چی خاکی ئەو وڵاتەیە بیتەنن، باوە هەیەر تەماشایەکی وردی سەرو سیمای وەیسەی کرد سەرەتا دڵنیا نەبوو، باوەڕی بە زەینی خۆی نەدەکرد، بەڵام ویستی پرسیار بکات، چاوی بڕیە ناو چاوی و وتی:

ـ تۆۆ ۆ...

وەیسە بە خەواندنی پێڵوەکانی کە تێکەڵ بە شەرم و ترس و نیازی کەتن بوو داخست، ئەو جووڵە بێ کۆنترۆڵە جووڵەیەکی ئاشناو ناسراو بوو باوە هەیەر گومانەکەی رەویەوەو ترسێکی گەورەتری لەوەی پێشووی لا دروست بوو، دەیزانی گەڕانەوەی ئەم کەسە بەم شێوەیە هەرگیز مایەی خێر نیە، بە بزەیەکی تاڵی وەك نامەیەکی کراوە پێشوازی لێکرد، بەڵام وەیسە بێ دەربانە پێشوازیە تاڵەکەی لێ قبول ًکردو بێ شڵەژان چووە پێش و

وەك خاوەن ماڵ بەرەو قولایی كشا، وەك و بڵێی لە شتێ دەگەڕێ، تا گەیشتە ئەو دەستە جەمەی كە ئەو هەوڵی دیتنیانی دەدا، بەڵام تەنها لالەی تەمبوور ژەن و كارای باڵندەوان و چەند تاكە كەسێكی دیكە لەوێ مابوونەوە، لالە بێ مەبەست قامكەكانی لە وەتەر وەردەداو ئاوازی سەیرو سەمەرەی دەژەنی، كارا گورج هەستایە سەر پێیان، ئەوە یەكەمجار بوو لەو دەستووری پۆشینە ببینێ، لالەی تەمبوور ژەن بە شوێن تەماشاو واق وڕماوی كاراوە ئاوڕێكی لە وەیسە دایەوە، وەیسە سەری ڕێزی بۆ لار كردەوەو بەرەو لای چوو، بۆی نوشتایەوەو دەستی بۆ تەمبوورەكە درێژ كرد، بە سڵەمینەوە تەمبوورەكەی لە دەستی لالە دەرهێنا، لالە بە سەر سوڕماوی لەو هەڵس و كەوتەی دەڕوانی، تا ئەو كاتەش وەیسەی زەین نەكردبوو، وەیسەش هەستی بەو زەین كوێریەی لالە دەكرد.

باكە هێشتا سەرو پەل و پۆی خۆی بە هەموو شوێنێكدا دەكێشاو چی لق و پۆپی درەختە زەبەلاحەكانە وەك و لانك دەیهێنان و دەیبردن، دەنگی نوزەو جیرە جیرو داخ هەڵكێشانی لە هەموو درەخت و بوونەوەرەكان هەڵدەستاند، لرفەو خوڕەی شەپۆلە سەرشێتەكانی سیروان تێكەڵ بەو دەنگانە دەبوو، ریتمێكی تایبەتی هاوبەشیان تێكەڵ بە ترس و نیگەرانیو دەنگی تەمبوورەكەو كەسەكان دەكرد، كاراو لالەو چەند كەسێكی دی دەوری وەیسەیان دابوو، بازنەیەكی ئازادیان بە دەورەوە بەستبوو، باوە هەیەر هێشتا لە شوێنەكەی خۆیەوە كە چەند هەنگاوێ لەوانەوە دوور بوو لێیانی دەڕوانی، وەیسە تەماشایەكی درێژی كردن و سەری بە سەر تەمبوورەكە خوار كردەوەو پەنجەكانی بە تەلەكانی راوەشاند، دەستی كرد بە دەنگ دەرهێنان لە تەمبوورەكە، دەنگێكی تایبەت و جیاواز بوو، وەك ئەوەی لە زووەوە فێری ئەو ژەنینە بووبێ، لالە تۆزێ گوێی رادێرا، وێنەی وەیسەیەكی سەرهەڵگرتووی هاتەوە یاد، ئەو ژەنینە تایبەت بوو بە خۆیەوە كە هەموو دەیانناسیەوە ، وەكو بڵێی بە مەبەستەوە ئەوە بكات و خۆی بە هەموان بناسێنێتەوە، یان پێیان بڵێ ئەم ئاوازەتان لە یاد ماوە؟ لالە تەماشایەكی پرسیار ئامێزی باوە هەیەری كردوو پاشان رووی لە چەند بە ساڵاچوویەك كرد كە وەیسەیان باش دەناسی، وەیسە بە دەم ئەو ژەنینانەوە بەرەو لای لالە چوو، سەری خستە بن دەمی لالەو چاوی لە چاوەكانی بڕی، لالە سمێڵ و ریشی هەند تێكەڵ و پێكەڵ بوون هەر لە لالغاوە بە خوارەوە لێك جوێ نەدەكرانەوە، سمێڵێكی قەبەو ریشێكی چڕو تێكچرژاوو وەك خوری سپی هەندێ لە دیمەنی شێواندبوو، لەو دەمەی نەدەكرد كە وەیسە دواجار دیبووی، بەڵام باشی دەناسیەوە چ نەبێ بە ژەنینی تەمبوورەكەی ئەو ئاوازانەی كە دەیژەنەفتن هەر لەو لالەیە دەوەشایەوەو كەسی دیكەی هاوتا نەدەبوو، وەیسە تەمبوورەكەی دایەوە دەستی و ریشە چەرمییەكەی راموسی، رووی لە هەموان كردوو پاشان تەماشایەكی دیكەی لالەی كردوو وتی:

- وا بزانم ئێستە هەموو دەمناسنەوە، بەڵام كەستان زەینی باوەی نیە، چونكە ئەو زاتە هەر زوو ناسیمیەوە.

دەستێكی بە ریشەكەیا هێناو وتی:

- وا من هاتمەوەو جلكی تازەم پۆشیوە، جلكە كۆنەكانی ئێوەم تووڕداوەو لە گەڵ ئەم جلكە تازانەو ئەم سیما تازەیەم پەیامی تازەو رەفتارو كردەی تازەم بۆ هەڵگرتوون، من پەیامی ئاشتیو پەیامی سەرتاسەری مرۆڤایەتیم لە گەڵ خۆم هەڵگرتووە.

وەك و پێشەوایەك دەیویست رەفتارو دەم و دوو بكات، جار جارێك نەفەسێكی دەخستە نێوان قسەكانیەوەو دیسانەوە دەستی پێ دەكردەوە.

- ئەو پەیامانەی ئێوەو ئەوانی پێش ئێوەش، چ پیرۆزی و کاریگەریەکیان نەماوە، هەموو پووچەڵ بوونەتەوە، وەك پێم وتن، من هاتوومەتەوەو جلکە کۆنەکانم فرێداوەو جلکی تازەم پۆشیوە، ئێستا دەتوانم بڵێم من ئەو کەسە نیم کە چەند یادەوەریەکی تاڵ و چەند رەفتارێکی نەشیاوم لە بیرەوەریتان جێ هێشتبوو، دەشزانم لێم دەسڵەمێنەوەو نیگەرانن لە گەڕانەوەم، بەڵام دوبارەی دەکەمەوەو دەڵێم: دڵنیابن من ئەو کەسە نیم و تەواو گۆڕاوم، ئێستا هەڵگری پەیامێکم کە جوان لێی تێ دەگەم و هەموو کەس بۆی هەیە لێی تێبگات.

چاوەڕوانی وەڵامی کەسێکی دەکرد، حەزی لێ بوو کەسێ قسەیەك بکا، تا تێبگا چەندە قسەکانیان بە هەند وەرگرتووە، بەڵام ورتە لە کەسەوە نەهات و هەموو دەتوت مەییون، کە زانی کەسێ ئامادە نیە شتێك بڵێ، ناچار بڕیاربدا کۆتایی بە قسەکانی بێنێ، بۆیە وتی:

- من و هاوەڵەکانم وەك و میوانێ لێرە دەمێنینەوەو پاش ماوەیەك ئێرە جێ دەهێڵین، بەردەوام دەبین لە بڵاوکردنەوەی ئەو پەیامەی بۆ مرۆڤەکانمان هەڵگرتووە.

## 7

- لە نووسینەکانی ئەژدەر -

باڵندەوان و دارەوان و ئاهووەوان، دەتوت سێ کوڕیژکەی نێو ئەفسانەکانن، سێ میراتگری ئەو خولیا پڕ تام و چێژانەن، هەرسێکیان وەك خولیاکان و وەك درەخت و باڵندەو ئاهووەکان، تیژڕەوو ناسك و باڵاو قەد، راست و رێك بوون، هەر وەك ئەوان خۆشەویست و شیرین و ئازیزی هەموو کەسێك بوون و هەموو کەسەکان حەزیان بە دیتنیان دەکرد، کەم و کورت و دەگمەن دەکەوتنەوە ئاوەدانی ، کچ و کوڕو منداڵ و گەورەو هەمووانیان تامەزرۆی دیتنی خۆیان کردبوو، هەندێجار هەند بزر دەبوون و دیار نەدەمان! کەس و کارو خۆشەویستانیان دەکەوتنە گڕخواردنیان، ئەو دەشت و دەرو نێو دارو دەوەنانەیان بە دوودا دەپشکنی، تا دەیانبینینەوەو لە تەکیاندا دەنیشتن و دەیاندواندن، بۆ ئەوەیشی کەسێ بتوانێ بیانهێنێتە ئاخافتن، دەبوا ئەو بابەتانە بوروژێنن کە پەیوەست بە خولیاکانیان بوون، باسەکان، دەبوا تەنیا پەیوەندی بە دارو درەخت و باڵندەی رەنگاو رەنگ و ئاهووی ناسك و نازدارەوە بووایە، دەنا بابەتی دیکە پێی نەدەکرا زاریان هەڵپچڕێنێ و وشەیەکیان پێ بدرکێنێ، بە پێچەوانەوە سرتەیان دەکردوو لە چاو ون دەبوونەوەو هەرگیز نەدەدۆزرانەوە، ئەو خولیایانە لە کەللەیان چێ بووبوو.

پەیوەندی باڵندەکان و ئاژەڵەکان لە گەڵ مرۆڤەکان بەم جۆرەی ئێستا نەبوو، زۆر بێ ترس و سڵەمینەوە لە مرۆکان نزیك دەکەوتنەوەو خۆیان پێیاندا هەڵدەسوو، بەڵام هەرگیزاو هەرگیز ئەو پەیوەندی و تەماسە لە شێوەی ئەوان نەبوو، پەیوەندیەکەیان لە گەڵ خولیا لە سەرەکان گەلێ جیاواز بوو، کە سەردانی یەکێکیانت کردبا دەتبینی چۆنە! دارەوان رووی لە هەرکوێ دەکرد پۆلی درەخت و بنجگی قەبە قەبەو داروو دەوەنەکان دەکەوتنە خشە خش و خۆ لەرزاندن، لە باری ئاساییو ئۆقرەیی خۆیان نەدەمان.

باڵندەوان، بە هەمان چەشن، چی پەلەوەرو باڵندەو چی باڵی ببوایە و چووبا بە حەوادا، بە دەورووی خول و ئاسمانی بان سەریەوە باڵە فڕەیان دەکردوو وەکو خەرمانەیەك، بە دەوریەوە گۆلیان دەبەست.
ئاهووەوانیش، هەرگیزاو هەرگیز بە تەنێ و بێ بوونی چەندین مامزوو ئاهوو بە دەوریەوە نەدەبینرا، رەوە ئاسك لە شوێنانی دوورەوە دەهاتن و لێی نزیك دەکەوتنەوەو بۆنیان پێوە دەنا، جاری وا هەبوو ئەو دەرو دەشت و تەپەو تەلانە هێند ئاسکی تێ دەرژا تا چاو بڕی کردبا شەپۆلی ئاسکان بوو، شاخدارو بێ شاخ، گەورەو گچکە، ئاهووانیش بە نێویاندا تیژ دەهات و دەچوو و نێو لەپی بە سەرو لقی شاخەکانیاندا هەڵدەسوو، بەڵام ئاژەڵانی دیش تەریك و نامۆ و بێ نازوو فیز نەبوون، چی ئاژەڵ و گیانلەبەری ئەو دەرو دەشت و ئاسمانی خوایە بوون یەك هەست و یەك سۆزیان بۆ ئەم توولە کوڕانە دەبزوا، هەند هۆگروو خۆشەویستی یەك بوون، دەبوا بچنەوە سەریەك و لە شێوە، چوون یەك بوونایە، هەندێ کەس لە بری کوڕی فلان و کوڕی فیسان، بە کوڕی باڵندەو کوڕی ئاهوو و کوڕی  گیاو گوڵیان ناو دەبردن، بەو ناوانە نەبا ئاوڕیان لە کەس نەدەدایەوەو خۆیان لێیان تێ نەدەگەیاند، بۆ ئەوەی ئەو میراتیە بە سەر خۆیان تاپۆکەن، ئەو ناوانەی کە بۆیان جێ مابوو بە خۆیانەوە بلکێ، تەنها بەو گازکردنانەو بەو ناوانە ئاوڕیان دەدایەوە، دەبوا بانگکەن و بلێن:
ـ هۆو باڵندەوان.. هۆو دارەوان.. هۆو ئاهووەوان.. تا ئاوڕ بدەنەوە، بە کوڕی هیچ کەسێ خۆیان نەدەژمارد، هەرچەندە بۆ ماوەیەك بە کوڕی باڵندەوان و کوڕی دارەوان و کوڕی ئاهووەوان بە دوویان کەوتبوون، بەڵام زوو بە زوو کەوتنە کارو فکری ئەوەی کە ئەو نازناوانە شایستەی خۆیان بن و لە پاشگری دەرباز بن، کەوتنە تەقەلای ئەوەی بەلەز رۆچنە روحی لەشکرەکانیانەوەو هاو روح و هاو سۆز بن و خۆشەویستیەك و ئاشنایەتیەکی چەشنی باوانیان بە دەست بێنن، ئەوەش گەلێ ساناو خێرا هاتە دی ، تەمبوورژەن دەیگووت:
ـ خەڵکینە خۆ من نەمردووم! ماوم ، بەڵام کوریژکەکەم بۆن و بەرامەی باڵندەوان لە روحیا هەر هەبووە و خێرا گەورەتر بووە، کە بەتەکم دەکەوت، باڵندەکان، هوردە، مایلی ئەو دەبوون ، خۆ من لە خوت و خۆرا ئەو ئارەزووەو ئەو شوانێتیەو ئەو سەر لەشکریەم بۆ کوڕیژکەکەم جێ نەهێشت، ئەوە لە ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەوەوە بوو لە لایەن باڵندەکانی جیهانەوە، بێگومانم هاوەڵەکانیشی بەو شێوەیە پشتبەندی خۆشەویستی ئەو سروشتەن، راستە ئەوان تا باوانیان لە نێو نەچوون ئەو رکێفی ئارەزوانەیان سەرتاپا نەگرتە دەست، ئەمە مانای ئەوە نیە شایستەی ئەو نازناوە نەبن، هەقی خۆیانە گەر بە کوڕی فلانیان بانگ بکەن، فەرامۆش بکرێن و لاتان لێ نەکەنەوە، کوڕی من کوڕی باڵندەوان و کوڕی تەمبوورژەن نیە، کوڕی من خۆی باڵندەوان و خۆی تەمبوورژەنە ، من تەمبوورژەنی بە پەنجەو قامکەکانی دەستم ، کەچی ئەو بە پەنجەو قامکی روحی تەمبوور دەژەنێو بە زوبانی گشت باڵندان دەخوێنێ، من بە گومانم لەوەی قسەیان لە گەڵ ناکا، وای بۆ دەچم زمانی گشت باڵندەکان بزانێ، باڵندەکان، لە شوێنی زۆر دوورەوە دێن و سەرهاتی هەموو دونیاو دوور نیە! ئەو دونیاشی بۆ بگێڕنەوە.
بەم چەشنە ئەو نازناوانە بە شایەنی ئەوان زانرا، بەڵام ئەو جیهانە پڕ ئەفسوونە هەروا نەگەڕاو لە گەڵ پەیدا بوونی چەند نامۆیەك و هەڵدانی چەند خێوەتێ بوونە مایەی نیگەرانیو شێواندن و تەفرو تونا کردنی ئەو ناخە بەهاریانە . ئەو سێ

هەڵبژێردراوی سروشتە، ئەو سێ بە خاوەن بووانەی چی درەخت و باڵندەو ئاهووە جوانەکانن، بە چاوی پڕ ترس و گومان و دڵی هەڵپڕوشاوو گوشراوەوە تێیان دەڕوانین و سەرنجی ترس و تار بوونی باڵندەو گیانلەبەرەکانیان دەدا، چۆن لەو مەردوومە نا ئارامانە دەسڵەمێنەوە، هەڵدێن، ئەو شپرزەیی باڵندەو گیانلەبەرانە ئەمانی زیاتر شپرزە دەکردو خۆیان بە کەمتەرخەم و بێ دەسەڵات دەزانی بەرامبەر بەو هۆکاری شپرزەیی و نا ئارامیە، ئەم کارە نەخوازراوانە لە پلەو پایەی هەستناسکی دەدان و کەڵلەیان قورس و گێژ دەبوو، لەو رۆژەوە زووتر دەکەوتنەوە ئاوەدانی و دەیانویست ئاگاداری دۆخەکە بن و ئەو گۆڕانکاری و ترس و نیگەرانیانە لە زاری باوە هەیەر و گەورەکانی دی ببیستن، کە رەنگ بوو لەو ئان و ساتەی ئەوان دووردەکەوتنەوە پەرەیان بساندایە، بەڵام، رۆژ دەهات و رۆژ دەچوو، شتەکان بە باشتر هەڵنەدەگەڕان و هەڵنەدەسوڕان، هەرچەندە ئەوەندە شتی کوت و پڕو بە لەز رویان نەدەدا، بەڵام بە کپیەکی کوشندەو بەرزبوونەوەیەکی بە ئارامی دڵخورپێن هەنگاوەکانی ئەو نەویستراوانە بەرەو ناخ و باخ و خاکی ئەمان هەنگاویان دەنا.

## 8

- لە نووسینەکانی ئەژدەر -

دەستەکان وەربوونە هەڵپڕوکانی سینەی سافی بێگەردی باوە هەیەرو یارانی، ئەو دەستەیەی خۆیان و رێو ریچکەی خۆیان بە دەسپێکی رێورێچکەی توند بوونەوەی توێکڵ و پێستی زەمین دەزانی ، لە گەڵ نەبوونەوە خۆیان لە بۆتەی بوون وەك و خەونێك دیتەوە، سامی سرووتەکان دەسەڵاتێکی رەهای سەر روحی ئادەمیەکان بوو، ئەوان، لە میانەی ئەو سرووت و جەم بوونەیان سەفەرێکی بێ جەستەییان رووەو ئەودیوی دیارەکان دەکردوو خۆیان بە کەسانی ئەودیو دەژمارد، دەمێ بوو، لە بیروبۆچوونی سەرەخۆیی دیاردە سروشتیەکان بوبوونەوە، بە دیدو بۆچوونی کتێبە قافیەدارەکان، تەنها دەستێکی پیرۆزو دەستەڵاتدار حاکم و شاهی گشت وانەو رووداوو گۆڕانەکان جڵەو بە دەستی تاکن، ئەو تاکەی کە بێ جوتەو بێ جەستەیەو گشت جەستەکان دەستکردی ئەون و سەرو بنی بوون و نەبوونی پێکەوە لکان و ئاوێزان کردووە.

باوە هەیەر رای لە سەر ئەوەدا کە پێویستە ئەو راو سرووتانە بگرنە بەر کە لە بەڵاو گرفتی ناگەهان دووریان دەخاتەوە، ئەو ئەوەی بە پێویست زانیو بە یارانی خۆی گووت:

ـ گەر لەمەو پاش بە چاك و خراپ، بە ویستی ئەو شاهی شاهانەی خۆیان بێ، نابێ نەفرەتی لێ بکەن و چۆنی ویستووەو نەخشاندووە با وا رێچکە بگرێ ، دەیگووت، هەڵبەت کارێکی بەو کارە هەیەو لە ویستیدایە دەستێك لەو رەوتی ژیان و کەونە وەردا کە خۆی هێناوبەتە بوون و خۆیشی دەیەوێ بە شێوەیەکی بگۆڕێ، دەیگووت، ئەمەی ئێمە چ نیە، جگە لە کایەو سەیرانی ئەو.

تەنها ئەو دەستە نادیارەیان بە دەستی حەق دەزانی و مل کەچی کردەوەکان دەبوون و دەستەکانی دیکە مایەی ترس و نیگەرانی بوون، دەستی وەیسە دەستێکی بۆرو چڵکنی نەویست بوو، هەموو لێی دەپرینگانەوە، چونکە دەستی ئەوجارەی دەستێکی پەتی

نەدەینواند، بەڵك و دەستێ بوو چەندین دەستی دیكە بە شوێنیەوە درێژ دەبنەوەو لە ئەوكی خۆیان و ماڵ و حاڵ و خاك و ئاویان گیر دەبێ، دەستێكن، دەچنە گیانەوەو هەوڵی لە ت و پەتكردنی ئەو گیانە خۆپارێزراوانە دەكەن كە بە درێژی بوونەوە لە پاكژیو بێگەردیا وەك و گاردوو پاسەوان خۆیان بۆی تەرخان كردووە.

هەموو سیماكان رەنگیان هەڵبزركاو بە حالەتێكی دیكە شكانەوە ، كەوتنە وتە وت و فسە فس لە گەڵ باوە هەیەرو تەكبیر كردنێ، گەر راست و دروست بۆیان بێتە دەس، كارا حەژمەتی لێ براِبوو، نەیدەویست ئەو گوزەرانەی لە سەری رادەبورێ چ دەستێكی گۆرانكەرو تێكدەری تێ وەردرێ، ئەو شڵەژانی كەس و كارەی دەبینی و بیرو هۆشیشی بە نیگای تارا تژی دبوو، تارای روحو گیان، تارای تاك و تەنێ لە بەرزی كاری داهێن و نەخشاندنی سیماكان ، تارایێ، كە ئەو رۆژانە خۆشی و شادومانی تێكەڵ بە ترس و ئەو نیگەرانیانە كردبوو، ئەو كارەساتانە وای لە كارای دلۆڤانی كردبوو كە بوونی لە ئاوەدانی زیاتر بێت و ئەویش چاوەكانی پێ رووناك و روحی پێ ئاسوودە بێ، ژن و كچە بێ فیزو دڵپاكەكان پێیان دڵشاد بوون و دیقەتی تارایان دەداو دەیانگووت:

ـ با ئەو چاوە گەشانەی پڕ پڕ لە وێنەی باڵندەوانە گچكەكەمان بێت و وەك و دوو مەلی لف و ئاشنا چاو بە روحی یەكتردا بخشێنن، بەلاّم وا خەریكە باڵندەوانە عاشقەكە بێ باڵندەو بێ باڵ و پەڕ هەڵوەریوانە دەهری دەبێت، باڵندەكان پەراگەندەن و ئاسمان چ باڵ پێكدا نادات و دەنگی چ شە ققەی باڵێك نابیسترێ، كەس نازانێ لە چ كون و كەلە بەرێكەوە لە مرۆ حەپەساوەكان دەڕوانن و چاوەڕوانی ئاسمان ساماڵیەك دەكەن، تا دیسانەوە بە ئازادی دەنگی شەققەی باڵەكانیان بە سەر گوێكاندا ببارێنن.

هەندەی پێ نەچوو، باوە هەیەر لە نواوەو لالەی تەمبوورژەن و ئەوانی دی بە شوێنیەوە، بەرەو هەردەكان سەركەوتن، دوور لە چاوی بیانیەكان دەرۆیشتن، كاراش بە دوویانەوە، بەلاّم جار جار ئاوڕێكی دواوەی دەدایەوەو چاوی لەو شوێنە دەبڕی كە وەیسەی پێدا تێپەڕی و لە نێو تاریكیەكاندا وێڵ و گوم بوو.

ئەو بایەی كە كەس نەیدەزانی لە كوێرا هەڵدەكاو بەرەو كوێوە دەچێ، بەو سەرلێشاویەی خۆی و سەر لێشێواوی ئەوانەی كە بێزاری كردبوون، گڤەو هاژەی هێشتا تێكەڵ بە لرفەی سیروان، بێدەنگی و كپیی مێژویەكی ئەو ناوەیان تێكشكاندبوو، هەندێ جاریش بۆنی كروزو سوتماكی شوێنێكی بە سەرا دەپژاندن، باوە هەیەر ئەو بۆنەی دەناسیەوە، دەیزانی بۆنی سووتانی جەستەیە، جەستەیەك كە روحی تێدا خاڵی كراوەتەوەو لە شێوەی تاوانێك و خۆ پەرستیەك كەسێك پێی هەستاوە، بەلاّم چ خۆی تێنەگەیاندوو وای بە یارانی نیشاندەدا كە شتێك نیە جێی مەترسی بێت، ئاواتی بوو وا بێت و دەیشیزانی كە وانیە، ئاواتی بوو ئەو سوتان و بشێویە هەر لەو شەوە ببڕێتەوە و بەرەو ئایندە شۆڕ نەبێتەوە، وا سەردەكەوت و دەیویست بەگرنگترین و پیرۆزترین و بێوەیترین كارێك هەستێ، كە ئەزیەت و تۆقین و روح تاسانی ئەو خەتەریە پەنگ بداتەوەو وە ك و نزگرەیەك لە گەرودا دایمركێنێتەوە، هەركە نزیك كەوتنەوە، ئەو كەس و كارانەی لەوێ بوون، هەمووان لە رێیان وەستا بوون و چاوەڕێی وتەیەكیان دەكرد ببیسترێ و روناكیەك لە سەر ئەو شتانە بخرێ كە بووەو یان دەبێ، زوو تێگەیەنران كە پێویستیەكیان بە جەم بوونێكەو لە میانەیەوە نزاو لالە رووەو دەرگای یەزدان بكرێت و لە هەرچ بەلاّو گرفتێك كە لە رێیانە دوریان بخاتەوەو بیانپارێزێ، باوە هەیەر چ خەمێكی تاكەكانی نەبوو، راستە جێی خەم و پەژارەیە كە وێنەو نیگای ئازیزێك لە بەر

چاو ون بێ، هەرچەن لایان وابوو لە جێیەکی دیکەو جارێکی دیکە هەڵدەستێتەوە، بەڵام ئەو دیمەنە دووبارە نەدەبۆوە، ئەوان تامەزرۆیی دیتنەوەی ئەو نیگاو رەنگە هەمیشە لە پێش چاوانە شەیداو دڵ پڕ کەسەری دەکردن، چەند کەسێك کەوتنە کوشتنەوەی چەن کوشتەیەك، تا، وەك و قوربانیەك، لە بری سەری خۆیانی پێشکەش بکەن، ئەو کوشتانە تەنها بۆ ئەم گرفتە سەختانەو دورخستنەوەی کارەسات و مەینەتیەکان دەبەخشران و پێشکەش بە ئافەریدە دەکران، لەوە بە دوور بێ، کەسێ نەیدەکرد ئازاری یەکێ لەو ئاژەڵە روحدارانە بدات، تا ئامادەکردنی ئەو کوشتانە گشت گرد بوونەوەو لالەی تەمبوورژەن دەستی بە ژەنین کردوو چەندین تەمبوور بە دەستی شاگرد، لە دەوری کۆ دەبوونەوەو ریتمەکانیان چڕو پڕ ئاوازتر دەکرد، باوە هەیەر، بە دەم گێڕانی سرووتەوە، سروودە پیرۆزە قافیەدارەکانی بە پێی ئاوازەکان دەوتەوە، دەنگێکی بە سۆزو ئاوازێکی مەستکەر، باڵی بە سەرا دەکێشان، سەرەتا لە ترسی سنوور بەزاندنی دەنگەکان و گەیشتنی بە گوێی وەیسەو هاوەڵە ئەغیارەکانی، بە دەنگی نزم دەیانژەنی و دەیانچڕی، بەڵام، وردە، وردە، بە رۆچوونی ئەو دەنگانەو جووتبوونی روحیان بە وشە پیرۆزەکان، لە فەزایەکی زۆر فراوان ون دەبوون وهەموو دەبوونە تۆپەڵێك لە روح و تێکەڵ بە دنیایەکی ئەودی و دەبوون، لە گەڵ ئەو چڕ بوونەوەی روحە، دەنگەکانیش بێ ویستی خاوەنەکانیان، بێ ئاگاییان، بەرز دەبوونەوەو دەسەڵاتی سرووت گێڕانەکە باڵاتر دەبوو، ئەوانەی بەشدار بوون و ئەوانەشی لە دەوروبەرو ئەملاو ئەولا گوێیان رادەدێرا بە خوڕ فرمێسك بە چاویاندا دەهاتە خوارەوەو لە جەستەی خۆیان دەرباز دەبوون، دەنگەکان بە هەموو کون و کەلەبەرێك دەگەشتن، بە دەم با شێتەکەوەو بە گوێرەی جلەوی ئەو، هەرجارەی بە لایەکدا گووزەریان دەکرد، ئەو دەنگی بایەو ئاوازی سرووتەکەو لرفەی رووباری سیروان، جیهانێکی فریشتەیی بەهەشتانەی دەهێنایە کایەوە، جیهانێ کە رەنگ و بۆنی شوێنە نادیارو نەبینراوەکانی دەنواند، جار، جار، بە دەم باکەوە، دەنگی تەمبوورو ئاوازەکە دەگەیشتە خێوەتگەی وەیسەو ئەوان، وەیسەش بەو شارەزاییەی کە هەیبوو، بۆ هاوڕێکانی دەگێڕایەوە، ئەو، وا هاتبوو کە ئەم رێورچانە، لە بندا هەڵتەکێنێ و تا هەتا هەتایە سەر هەڵنەداتەوەو ئەوەی ئەوان هەڵیانگرتبوو لە شوێنی داسەپێنن، وەیسە بۆنی ئەو کوشتانەی کە تێکەڵ بە کوشتەکانی خۆیان دەبۆوە لێك جیا دەکردەوە، لەو بۆنکردنەوە کە زانی قوربانیان پێشکەش بە پەروەردگاریان کردووە، بۆی دەرکەوت، هاوڕەگەزەکانی، هەست بە مەترسیەك دەکەن، لە سەر پەیڕەوو ژیانی ئاسایی خۆیان، چونکە دەیزانی لە چ کاتێکدا ئەو کوشتانە دەکوژرێنەوە.

9

ئەو رۆژە کلیلەکانم لە دایەخان وەرگرت، بەڵام وەرگرتنی کلیلەکان زۆر لا ئیرادی و بێ مەبەست بوو، مەبەستم لە بێ مەبەستی ئەوەیە، من نەمویست بەو شێوەیە وەری بگرم کە دایەخان مەبەستی بوو، تەنها ئەوەندە بوو ئەو کاتە زۆر بە سەر کۆچی دوایی ئەژدەردا تێنەپەڕیبوو، نەمدەویست بە هیچ جۆرێك دڵی بشکێنم و چەن و چوونی لە گەڵدا بکەم، بەڵکو هەوڵم دەدا دڵی رازی بکەم، دایەخان، سیمایەکی دڵگیری هەبوو، وا دەزانم هەرکەسێك بۆ یەکەمجار بیبینێت، یا نەختێك لە گەڵیا بدوێت، هەرگیز ناتوانێت

وشەیەکی ڕەق، یا نابەدڵی بکات، من نەك هەر ئەوجارە، بەڵکو هەردەم نەمتوانیوە بێ دڵی بکەم و یەك وشەی کاڵ، یاخود ڕایەکی جیاواز، لە ڕای ئەو بدرکێنم، لەوانەیە هۆی ئەوەش ئەوە نەبێ کە بە کوڕی خۆیم بانگ ئەکا، من وەك و دایکێك، یاخود باشتر بڵێم، وام نیشانداوە کە بە چاوی دایکایەتی تەماشای دەکەم و بەدایکی خۆمی دەزانم، هەرگیز نەمدەتوانی لە جێی دایکی خۆمی دابنێم، ئەویش وەك و وەفایەك لە قەڵەمم دەدا بەرامبەر ڕوحی دایکم.

ئەژدەر دەیگووت:

- ڕوحەکان هەرگیز بزر نابن، هاوشێوەی جەستە لە فەنا بوون نایەن.

من زۆر بە سەر سوڕمانەوە گوێم لەم قسانەی دەگرت و جارجار بزەیەکم دەکرد، ئەویش بزەیەکی دەکردو دەیوت:

- ئەزانم ئەم قسانەم بەلای تۆوە نامۆن و نا مەنتیقن، بەڵام ئەمە بڕوای منەو تۆش چۆنی وەر ئەگری کەیفی خۆتە.

ڕۆژێ هات بۆ لام و وتی:

- ئارام.... ئاخر ئەو بەئارام بانگی دەکردم، تەنها ئەو بەو ناوە بانگی دەکردم، دەیگوت، تۆ زۆر ئارام و لە سەر خۆی، لە بەر ئەوە حەز ئەکەم بەم ناوە کە شایستەتە بانگت بکەم، من خۆم ناوم یڵمازە، بەڵام ئەو پێی دەگوتم ئارام، وتی:

- ئارام، تۆ چۆن ئەم قسانەی من لێك ئەدەیتەوە؟.

سەرەتا نەمزانی مەبەستی چیە، بۆیە وتی:

- مەبەستم ئەو قسانەی لە بارەی ڕوح و خواو ڕێوڕێچکە جۆر بە جۆرەکانە، تۆ چۆن لێکیان دەدەیەوە؟ تۆ وا تێگەیشتووی مەبەستم لەم باسانە باوەڕ پێهێنانی تۆ بێ پێیان؟

وتم:

- نەخێر، من وا بۆی نەچووم، ئایا تۆ مەبەستت وا بووە؟ وتی:

- نا، نا، هەرگیز، هەرگیز مەبەستم وا نەبووە، هەموو ڕێگاکان بەرەو ئامانجێك دەچن، لە بەر ئەوە هیچ پێویستیم بەوە نیە تۆ بێنمە سەر ڕای خۆم، تەنها ئەمەوێ لێم تێ بگەی چۆن بیر ئەکەمەوەو بتوانی لە گەڵما بگونجێی.

ئەژدەر لە هەموو قسەکانیا ڕاستگۆ بوو، تەواو بڕوام بە ڕاستی و دروستی قسەکانی دەکرد، دەمزانی هیچ مەبەستێکی شاراوەو پیلان داڕێژراوی بەرامبەر بە دۆست و برادەرانی نیەو ئەوەی بیەوێ بیکا ڕاشکاوانە دەیدرکێنێ و لە هیچ بەر پەرچدانەوەیەکیش ناسڵەمێتەوە، ئەمە یەکێ بوو لە خەسڵەتە جوانەکانی، وای لە مرۆڤ دەکرد حەز بە هاوڕێیەتی بکات و هەموو متمانەیەکی بداتێ.

ئەو ڕۆژەی دایکی ئەژدەر، کلیلەکانی پێمدا، بۆ یەکەمجار بوو پێم بڵێ ئارام، چونکەدەیزانی ئەژدەر حەزی بەو ناوە بوو، ئیتر لەو ڕۆژە بە دواوە ناوەکەی خۆم لە کزی دەدا و ئارام جێی دەگرتەوە، ئەو ڕۆژە سەرەتای گۆڕانی من بوو، وردە، وردە، دەبووم بە ئارام، ئارامێ کە لە یڵمازی پێش مردنی ئەژدەر جیاواز بوو، من هەرچەندە ناوەکەم تورکی بوو، لە لایەکەوە حەزم پێ دەکرد، چونکە ناوی دەرهێنەرێکی کوردی پارچەیەکی نیشتمانەکەم بوو، هەرچەنە من بە ناوی ئەوەوە ناو نەنراوم، چونکە ئەم ناوەی من لە سەر خواستی برادەرێکی تورکمانی باوکمەوە لێم نرابوو، ئەویش لە سەر خواستی باوکم ناو کوڕەکەی نابوو شوان، کە دەبوا شوان ناوی من بوایەو یڵمازیش ناوی ئەو، هەردووکمان لە ناو یەك هەفتە لە دایك بووین، هەر لە منداڵیمەوە کەسێ ناوەکەمی

ببیستایە، دەیپرسی کە ئایا تورکمانم؟ منیش دەمگووت، ناوی من بە ناوی یەڵماز گۆنایەوە نراوە، ئەو دەرهێنەرە بلیمەتەی نەتەوەکەم ، بەڵام کە گەورە بووم و هاورێییەتی ئەژدەرم کرد، لەوەوە فێری خۆشەویستی مرۆڤەکان و هەموو گەردوونیش بووم، ئیتر بە شانازییەوە راستی ناونانەکەمم دەگێڕایەوە، کە دەلالەتی پێکەوەژیانی هەموو پێکهاتەکانی شارەکەمی تێدا کۆ بوبووەوە.
کاتێ کلیلەکانم لە دایەخان وەرگرت، هیچ بە تەمای ئەوە نەبووم بچم دەرگاکانی ئەژدەر بکەمەوە، وام دانا، پاش ماوەیەکی دیکە، کلیلەکانیان تەسلیم ئەکەمەوەو ئەو کات ئەوانیش هیچ دڵگیر نابن و دایەخانیش هەر بە کوڕەکەی خۆیم بانگهێشت ئەکات، ئیتر ئەو مەسەلەیە بوو بە غایەڵەم، هەر بیرم لێ دەکردەوە، بچم، یا نەچم، ئەگەر بمەوێ پرۆژەکانی ئەژدەر درێژە پێ بدەم، دەبێ بڕۆم، یان هیچ نەبێ یەکجار، یان دوو جار، بڕۆمە ژورەکەی و هەموو ئەو کاغەزو یادەوەریانەی چاو پێدا بخشێنم کە رۆژانە دەینوسیەوە، تا لە کۆتاییا هەموو بلکێنێت بە یەکەوەو لە شێوەی بیرەوەری دایانرێژێتەوە، من لە لای خۆمەوە هەندێ شتم دەزانی، بەڵام ئەو، خاوەنی پرۆژەکەو بیرۆکەکەی بوو، بێگومان پشکی زۆری کارەکان بە لای ئەودا شکابووەوە، لە کاتێکدا ئەو، شارەزاییەکی زیاتری هەبوو لە من، لە سەرنجدان لەو شتانەی روویان ئەدا.
ئەترسام بەو کارە هەستم و کەس و کارەکەی پاش ماوەیەك، سەرزەنشتم بکەن و بڵێن، دایکمان لە تاو دووری کوڕەکەی و کۆسکەوتنی، باری دەروونی وای لێکرد خەونێکی هاکەزایی ببینێ و ئەویش ئەو هەلەی قۆستەوەو حەرەمی ماڵی مردوویەکی شکاند، کە ئێمە لەو لە پێشترین بۆ ئەو مەبەستە، رووم کردە خوشکە گەورەکەم و پرسی ئەو مەسەلەیەم پێ کرد، بێ سێو دوو گووتی:
ـ یەڵماز، دایەخانت هەروا خەو نابینێ، خەوی ئەو لە گەڵ خەوی خەڵکانی دیکە جیاوازە، خەوی ئەو وەك و پەیامێك وایە، کە دەیبینێ رێك و راست خەونەکانی دێنە دی و ئەوەی ئەو دەیڵێ راستەو سڵی لێ مەکەرەوە.
چەندین نمونەی خەو دیتنی ئەوی بۆ هێنامەوە، پێشتر دیبوی و دواتر هاتبووە دی. ئەو بەو جۆرە رای خۆیدا، بەڵام نەیدەوێرا بە راشکاوانە داوام لێ بکات کە بڕۆم، ترسی ئەوەی هەبوو، بە دەردی ئەژدەر بچم و بەڵایەکم بە سەر بێ، بێ ئەوەی لێ ی بپرسم ئایا بە رای تۆ بچم یا نەچم، بە جێم هێشت و چوومەوە ژورەکەی خۆم و کەوتمە سۆراخی ئەو وێنانەی لە گەڵ ئەژدەر گرتبومان، لە هەموو وێنە گرتنەکاندا پێدەکەنی، واتا، دانە سپیەکانی بە ئاستەم لە ژێر مووی سمێڵە شۆڕەکەیەوە دەبینرا، چاوەکانی گەش و رووی شیرین، کە تەماشای وێنەکانت بکردایە بە دەمیەوە دەخەنیتەوە، ئەوان هەرگیز نەیاندەوت پێکەنین، وشەی خەنینەیان بە کار دەهێنا، ئەمە لە کاتێکدا لە گەڵ کەسانی وەك و ئێمە بدوایەن، بەڵام لە نێوانی خزمە نزیکەکانی و بنەماڵەکەی خۆیدا بە زاراوەی ماچۆ دەدوان، زاراوەیەکی گەلێك گران نەبوو، منیش زۆر شت لێیانەوە فێر بووبووم، کە قسەیان دەکرد لێیان تێ دەگەیشتم، جار جارە هەر بۆ خۆشی، هەندێ وشەی زاری خۆیانم لە گەڵ رستەکان تێکەڵ دەکرد، ئەویش بە هەمان شێوە وەڵامی دەدامەوە، کاتێ بیانویستایە شتێکی تایبەت بە خۆیان بکەن و کەسێکی غەیرە لە لایان بوایە، ئەوە دەیانگۆڕیە سەر ئەو شێوەزارە، بەڵام لە ئامادە بوونی مندا پێدەکەنین و دەیانگوت:
ـ ئارام، وا پێویست دەکا زاراوەیەکی وا دا بهێنین بۆ ئەوەی تۆش جار جار لێمان تێ نەگەی. منیش پێدەکەنیم و دەمگوت:

- جا ئەوەی بۆ چیە بەس پێم بڵێ، هەردوو گوێی خۆم دەگرم و حەز دەکەن چاوەکانیشم دەنوقێنم. ئەژدەر پێدەکەنی و دەیگووت:
- هەی سەرکزی دڵ وریا، ئاگاداری هەموو شتێکی، بەس قەینا جێی متمانەی و تۆ تازە بووی بە یەکێ لە ئێمە، چیت لێ بکەم کوڕەکەی دایەخان.
دوو رۆژ پاش وەرگرتنی کلیلەکان لە دایەخان و ناجێگیری بیرو هەستم بەرامبەر بەو داوایەی، سەهاکم بینی، سەهاك لە یەکێ لە شارۆچکەکانی سنورەوە هاتبوو، لە گوندێك، لە سەر هەمان رێبازو رێچکەی ئەژدەرو بنەماڵەکەی بوو، سەهاك کابرایەکی دەورو بەری چلەکان بوو، ریشێکی درێژی بەر دابوەوەو دەستی لە سمێڵەکەشی نەدابوو، باڵایەکی بەرزوو دوو چاوی قەترانی هەبوو، زۆر حەزی لە جووڵەو گەڕان بوو، زۆربەی کات سنووری دەبەزاندوو دەچووە ئەودیو، پەیوەندیەکی پتەوی لە نێوان هاویارانی ئەمدیوو ئەودیو بەستبوو، تەمبورێکی هاکەزایی هەردەم هاوەڵی بوو، بۆ هەرکوێ بچوایە ئەو تەمبورەی لە گەڵدا بوو، من هەرگیز نەمدیبوو بیژەنێ، بەڵام بۆ یەکەمجار کە ئەژدەر پێی ناساندم گووتی:
- ئەمە کاك سەهاکە، من بە سەهاك تەمبوورژەن بانگی دەکەم و ئەو ناوەم لێی ناوە، جوانترین و بە سۆزترین تەمبوور دەژەنێ.
من زۆر شەوان دەچووم بۆ ماڵی ئەژدەر، یاخود ئەو دەهات بۆ ماڵی ئێمە، بەڵام ئەو شەوانەی سەهاك میوانیان بوایە ئەوە ئەژدەر رێی نەدەدام بە شەوان یەکتر ببینین، ئەژدەر پێی دەگوتم:
- ئارام گیان، لێم زویر نەبی، ئەمە خواستی سەهاك خۆیەتی، نەك بۆ تۆ، قابیل نیە هیچ کەسێ لە دەرەوەی ئێمە گوێی لە ژەنینی ئاوازەکانی بێت. وەك وتم، ئەژدەر شتێکی بویستایە ئاوا بە راشکاوانە دەیگوت و کەسیش لێی زویر نەدەبوو ، بە تایبەتی من.
سەهاکم لە سەر کۆڵانەکەی خۆمان دی، دەمەو عەسر بوو، تەمبورەکەشی بە قەدەوە بوو، سڵاوی لێ کردم و ئەحواڵی پرسیم، وتی:
- با برۆینەوە بۆ ماڵتان، هەندێ قسەم لە گەڵتدا هەیە. بێ ئەوەی بزانێ بۆ لە ماڵ دەرچووم و کوێوە ئەچم، هەرچەند بێ مەبەست دەرچووبووم، دەمویست هەندێ لەو خەم و پەژارەیەی خۆم بە با بدەم، کە چووینەوە بۆ ماڵ تەماشایەکی هەموو قوژبنێکی ژوورەکەی کردم، وتی:
- کاکە ئارام ژورێکی پوختەت هەیە. من تێدەگەیشتم پوختەیی ژورەکەم لە چیەوەیە، ئەوەی وای لێ کردم ژوورەکەم بەو جۆرە پوختە بێ ویستی ئەژدەر بوو، ژوورەکەم خاڵی بوو لەو وێنانەی کە گەنجەکانی ئەم سەردەمە ژورەکانیانی پێ دەڕازێننەوە، وێنەی کچ و کوڕانی گۆرانی بێژو سەماکەر، تەمبورەکەی لە کۆڵی کردەوەو لە لایەکی ژوورەکە بە دیوارەکەیدا راگرت، پاش بە خێر هێنان و ئەحواڵ پرسین، لێم پرسی:
- لە کەیەوە لێرەی؟ یان هەر لە رۆژی کارەساتەکەوە نەچویتەتەوە؟ وتی:
- بەڵێ چومەوەو هەر ئێستا لە رێوە دێم و لە هیچ کوێش لامنەداوە، وتی کاکە ئارام، وا دیارە قەدەرێك پێکمان دەبەستێتەوە، چارە نووسەکان داوای ئەوە دەکەن من و تۆ پێکەوە رێیەك بگرینە بەر، بەوە دەکا، تۆیش لە بۆتەی روحدا توابیتەوە، ئەگینا ئەو شێوە داواکاریانە لە هەموو کەس ناکرێ.
من تەواو قسەکانیم وەرنەدەگرت، نەمدەزانی چ چەمکێ لە پشت قسەکانیەوەیەتی، تۆزێ شڵەژام و کەمێ ترس دایگرتم، ئەو کابرایە هەر شێوەو رەفتارو جۆری قسەکردنی

تەلیسمێکی نا سروشتی تێدا بوو، من چەندین جار لە گەڵ ئەژدەردا دیومە، هەرگیز نەمدیبوو بەم شێوەیە زاری بژابێ و بەو جۆرە کەوتبێتە قسە کردن، بەوە دەچوو کارێکی زۆر گرنگی پێم بووبێ ،بە تایبەتی، هەر لە ڕێگاوە ڕێك و ڕاست بەرەو لای من هاتبوو، بێ ئەوەی لە یەکێ لە ماڵە ناسیاوەکانی لای دابێ.
وتم:
- کاك سەهاك، قەدەر چۆنی ئەوێ با وابێ، ئایا بەرامبەر قەدەر هیچمان پێ ئەکرێ؟
ئەم جۆرە قسە کردنەم لە گەڵ بیرو باوەڕی ئەو یەکانگیر دەبوو و خۆشەویستی دەکردم،
وتی:
- نازانم بۆ دەبێ ئەم کارانە بە تۆ بسپێردرێ، بەڵام ئەوەتا هاتووم و دەبێ چاوەڕوان بین بزانین چارە نووس چیەو ئەو ئەرکە چیە دەبێ جێبەجێ ی بکەین. وتم:
- کاك سەهاك، بێگومان دەبێ شتێکی پیرۆزو مەزنت لە گەڵ خۆت هەڵگرتبێ، ئەگینا وا ڕێك و ڕاست نەدەهاتیتە ماڵەکەی من. وتی:
- بەڵێ، هەروا بە خۆڕایی نەهاتووم، دوێنێ شەو ئەژدەرم بینی، پێی ڕاگەیاندم کە بێم بۆ لای تۆو ئەو کارانەی لە سەرتە پێی هەستی.

## 10

پاش ئەوەی لە گەڵ سەهاك سەردانی ژوورەکەی ئەژدەرمان کرد ، هەندێ لەو کاغەزو بە دواچونانەمان تاوتوێ کردو هەندێ شت روون بۆوەو هەندێکی دیکە تەم و مژاوی بوون، ئەمانە بە نسبەت سەهاکەوە ، چونکە ئەو تێبینی و لێکدانەوانەی ئەژدەر شتێکی جیاواز بوو، ناواخنی کتێب و فەلسەفەیەکی روحیی تایبەت بە خۆی بوو، کە من ئەوەندە سەرم لێ دەر نە ئەچوو، سەهاك وتی:
- ئارام گیان، ئەژدەر وەك و سەربازێك کاری کردووە، سەربازێکی بەردەوامی ئەم کەونەیە، لە هەموو چاخەکان جەنگاوەرێك و قوربانیەکی هێمن و لە سەر خۆ بووە، ئەو پەیامەی پێی راسپێردراوە، هەردەم هەڵی گرتووەو هەردەم پێیەتی، پەیامی هێنانە ناوەوەی یەکێتی مرۆڤەکان و یەکێتی چاخەکان و کەون و گەردوون، یەکێتی بوون و میتافیزیکا، دەیگووت، ئارام گیان، من نازانم بۆ ئەم قسانەت بۆ ئەکەم، بەڵام وا دیارە دەبێ بیانکەم، دەمەوێ ئەوەت پێ را بگەیەنم کە مرۆڤەکان هەموو یەکن و هەموو لە سەرچاوەیەکەوە هەڵقوڵاون و هەرکەسەو نێردراوێکی بە مەبەستە، ئێمەی مرۆڤ لە ململانێکان بەردەوام دەبین و لە میانەی ئەوانەیشەوە بۆ حەقیقەتی خۆمان دەگەڕێین.
سەرەتا ئەژدەرو پاشان سەهاك، هەند لەم جۆرە قسانەی بۆکردبووم خەریك بووم وام لێ دەهات ببمە کەسێکی ئەفسانەیی و هەوڵی ئەوە بدەم لە گەڵ نادیارەکاندا بدوێم و تاوتوێی ئەو رەوشەی مرۆڤیان لە تەکدا بکەم و لەوانەوە حەقیقەتەکان بدۆزمەوە.
سەهاك و ئەژدەریش هیچ باوەڕێکیان بە جەستەو پیرۆزی جەستەکان نەبوو، سەهاك دەیگووت:

ـ جەستە هیچ نیە، تەنها وەك و قوتوویەك وایە، گەوهەرێکی تێدا بپارێزی، وەك و قاسەی دەوڵەمەندە پارە پەرستەکان وایە، گرنگترین شت لایان پارەکەی ناویەتی، نەك شێوەو رەنگی قاسەکان، ئەو قاسانە چەند پتەو بن، ئەوەندە پارەکان پارێزراوتر دەبن، جا لە بەر ئەوە ئەم بەدەنەی ئێمە تەنها بۆ پاراستنی ئەو گەوهەرە بە نرخەیە کە تیایەتی و ئێمەی مرۆڤ پێی دەڵێین روح.

دەیگووت: گەر تۆ لە جەستەیەکی پاش مردن را بمێنی، بۆت دەر ئەکەوێ کە جەستە شتێکی گرنگ و بە بەها نیە لای ئافەریدەکەی، برۆ گۆرێك هەڵدەرەوە بزانە جەستەکان چیان بە سەر هاتووە.

ئەو بەم چەشنە باسی پێکهاتەی مرۆڤی بۆ دەکردم، بەڵام من نەمدەتوانی قەناعەت بەوە بێنم، چونکە من پێم وایە روح لە رێی جەستەوە بوونی خۆی رادەگەیەنێ ، هەر بەرکەوتەی جەستەی رەگەزە جیاوازەکانە کە خۆشی و لەزەتێکی مەزن بە روح دەبەخشێ، هەموو تامو چێژەکانی روح لە رێی جەستەوە دەست دەکەوێ، روح بە تەنیا ناتوانێ شێوەو جۆرو بۆن و هەموو خەسڵەتە باش و خراپەکان، کەشف بکات، ئەم هەموو هەستکردنانە بە گەرمی و ساردی و تفتی و تاڵی و هەموو تامەکانی تر لە رێی جەستە دەگوازرێنەوە بۆ روح و بریاری وەرگرتن و رەتکردنەوەی دەدات، جەستە مادەیەو لە رێی ئەم مادەیەوە روح پەیوەندی بە هەموو مادەکانی تری کەونەوە دەکات، من خۆم ئەم شتانەم پاش قسەکانی سەهاك و جیا بوونەوەم لێی و تێرامانم لێیان، لێك دەدایەوە، بیرو هۆشم گەورەتر دەبوون، ئەو جووتە وایان لێ کردبووم مەودای خەیالمَ گەلێ بەر فراوانتر بێ، دەمتوانی لە ئەنجامی قسەکانی ئەوانەوە زۆر شت لێك بدەمەوەو ببمە خاوەن خەیاڵ و بیر کردنەوەیەکی تایبەت بە خۆم، هەر ئەمەیش بوو کە وای لێکردم دەست بۆ ئەم چامانەی ئەژدەر ببەم و هەمووی پێکەوە بلکێنم و وای لێ بکەم شایانی خوێندنەوە بێت.

## 11

لە رۆژی هەژدەی کانونی دووەمەووە ئەژدەر ون بوو، ئەژدەر چاوەکانی کردەوەو سەرێکی بەرز کردەوە، تەماشایەکی کردم و بزەیەکی کرد و دیسانەوە سەری خستەوە سەر سەرینەکەی، دیاربوو لەشی داهێزرابوو، یا ئارەزووی ئەوەی نەبوو کوت و پڕ لە نوێنەکەی بێتە دەرەوە، شەکەت و ماندووی ئەو شەوە دوورودرێژەی دوێنێ بوو، کە تا درەنگانێ لە ژوورەکەی خەریکی کاغەزوو هەڵدانەوەی کتێب بوو، من نەمویست بە ئاگای بێنمەوە، هەر بۆ ئەوەندە هاتمە ژوورەکەیەوە تا هیتەرەکەی بۆ پێکەم، بەڵام دیار بوو ئەو کارەم بە ئاگای هێنایەوە، من زۆر جار ئەوەم دەکرد، بێ ئەوەی بە ئاگا بێتەوە، دیسانەوە تەماشابەکی کردم و وتی: بەیانی باش دایە. وتم: جارێ بخەوە.. هێشتا زووە، لە ناو نوێنەکەت مەیە دەرەوە، تا تەواو گەرم دەبیتەوە. تەماشایەکی هیتەرەکەی کردوو وتی: لە کەیەوە کارەبا هەیە؟ وتم: زۆر نیە هاتووە. درێژەم پێ نەداو لە ژوورەکە دەرچوومە دەرەوە، چووم بۆ مەتبەخەکەو خەریکی کاری خۆم بووم، هەروام دانابوو کە دیسانەوە دەخەوێت و چ نەبێ یەك دوو کاتژمێری تر هەڵ دەستێت، بەڵام بێ ئەوەی

ئاگاداربم  یەکسەر بە شوێن من هەستا بوو و چووبووە حەمامەکەوە بۆ خۆ شوشتن، ئەوکات ئاگادار بوومەوە کە لە حەمامەکەوە دەرچوو.
ئەمە سەرەتای ئەو باسانە بوو کە دایەخان لە بارەی ئەژدەری کوڕیەوە دەیگێڕایەوە، دریژەی پێداو وتی:
- دیاربوو بە ئاوێکی زۆر گەرم خۆی شوشتبوو، چونکە گەر وای بکردایە رەنگی تەواو سوور هەڵدەگەڕا، بەشێوەیەك هەرکەس بیدیایە دەیوت هەر ئێستە خوێن لە هەموو جەستەیەوە دەر دەپەڕێتە دەرەوە، گوتی: نەئەبوو ئەو رۆژە خۆی بشوات، چونکە بە رۆژوو بوو، لە کاتی رۆژوو گرتندا خۆی نەدەشوشت، رەفتارەکانی ئەو رۆژەی جیاواز بوو، لێی پرسیم:
- دایە ئەمڕۆ چەن شەممەیە، ئەزانی؟وتم:
- ئەمرۆ شەممەیە، وتی:
- ئەی چەنی مانگە؟ وتم:
- هەژدەی کانونی دووەمە. وتی:
- دڵنیای وایە؟ پرسیارەکانی مایەی سەر سوڕمان بوون، ئەو ئەوەندە زرنگ بوو ئاگاداری هەموو شتێك بوو، بۆ دڵنیا بوون لە رۆژانی هەفتەو مانگ، هەمیشە پرسیارمان لەو دەکرد ، هەستم دەکرد خەمێکی قوڵی بە نهێنی هەڵگرتووە، چەند هەوڵم لە گەڵدا نەچووە ژێر بارەوە، دەیویست خۆی وا نیشانبدات کە زۆر ئاساییە. بەو بەیانیە زیاتر لە نیو کاتژمێر منی بە تەك خۆیەوە داناو قسەی لە گەڵما کرد، چەندین کەسی لە ناسیاوو خزمی دێنایەوە یاد، هەندێکیان مایەی پێکەنین، هەندێکی تریان مایەی خەم، باسی ماڵی کەسێکی گەڕەکەکەی خۆمانی کرد کە چۆن دوای کوژرانی کوڕەکەیان دایکی وەك و مۆم بەردەوام دەتوایەوە، تا بوو بە یەك پارچە ئێسك و پێست و پاشانیش روحی لە دەستدا ، وتی:
- دایە ئەی ئێمە لە خواوە نەدراوین و هەر بۆ ئەویش ناگەڕێینەوە؟ ئیتر هەندێ کەس بۆ وا بە سەر خۆیان دێنن! دەیگووت، ئەو خوا گەورەیە خۆی ئەزانی ٌ چی ئەکا، لەکاتی وایا پێویست ناکا مرۆڤ وا لە خۆی بکات، ئەبێ پشت بە خوای ببەستێو نزا بکا مردووەکەیان بە ژیانێکی باشتر بسپێرێ، پێم وت:
- ئەژدەر گیان، بەم بەیانیە چی ئەم شتانەی هێناوەتەوە یادت! کەی کاتی ئەم قسانەیە کورم، ئەم شتە ناخۆشانە لە بیر خۆت بەرەوە.
بەڵام من ئێستا دەزانم، ئەو قسانەی ئەو سەبووری مردنی خۆی بوو بۆ من، ئەو بەیانیە گەلێ قسەو باسی بۆم کرد، ئەو هەڵس وکەوتەی  منداڵی بیر دێنامەوە کاتێك لە ناو ماڵەکەی خۆمان بچوایەتە هەورە بانەکە، یا هەر کون و قوژبنێکی دیکەی ماڵەکە، بەردەوام بە دەنگی بەرز دەیدواندم، تا دڵنیا بێ لەوەی کە کەسێك ئاگای لێیەتی، ئەو بەیانیەش رێك بەو کاتانەی تەمەنی دەچوو کە ترس شوێنی خۆی لە دڵ و مێشکیا کردبووەوە، کاتێ من ئەو ماوەیەی منداڵیەیم هاتەوە یاد، لەو کاتەیا رووی دەمی تێکردم و وتی:
- دایە، بیرتە منداڵ بووم بە تەنیا بچومایەتە شوێنێکەوە  بەردەوام قسەم دەکرد لە گەڵتا، تا ترس زاڵ نەبێ بە سەرما.

لە گەڵ ئەو قسەیەی قوڵپی گریانێ قورگی گرتم، هەرچۆنێ بێ نەمهێشت هەستی پێ بکات، بەڵام دڵم لەت لەت بوو بۆی، وام دەزانی هەر ئەومنداڵەی جارانەو لە پێشم دانیشتووە، لێی نزیك کەوتمەوەو دەستم نایە سەر شانی و وتم:
ـ کورە جوانەکەم، چیت لە دڵدایە بۆم هەڵیرێژە، من هەر ئەو دایکەی جارانم. بەڵام ئەو تەواو خۆی لێم گێل کردوو بە دڵنیا بوونەوە وتی:
ـ دایە دەبێ چی بێ؛ ئەی نابێ تۆزێ قسەت لە گەڵ بکەم، وتی، هەر ئەوەندەیە ئەمشەو گوێم لە دەنگی هەندێ شت بوو، خەریك بوو بترسێم، بۆیە ئەو ماوەی منداڵیەم هاتەوە یاد.
پاشان پێش ئەوەی لە ماڵ دەرچێ، وتی:
ـ دایە، چیت هەیە بۆت راپەڕێنم؟ هەرچی کارێکت پێمەو من نەمکردووە تکات لێ ئەکەم پێم بڵێ بۆت بکەم.
ئەو چەند رۆژەی پێشوو چی نوقسانی و کەم و کوڕی بوو بۆمی تەواو کردبوون، تەنانەت سەرە غازی سێ پایەی پریمزەکەشی چاك کردەوە، کە تەنها لە بۆنەکاندا بە کارمان دەهێنا.
دایەخان لە گەڵ گێڕانەوەی ئەو قسانە فرمێسکی هەڵدەڕشت و پەیتا پەیتا چاوەکانی دەسڕتەوە، گەلێ بەزەییم پێدا دەهاتەوە، ئەو کوشتنی ئەژدەرە نازانم لە سەر چی بوو! بەڵام، گەر سزادانێك بووبێ، ئەوە زۆر هەڵە بوون، چونکە ئەوە زیاتر سزادانی دایەخان بووە، وەك لە ئەژدەر، سەهاك رووی دەمی تێ کردو وتی:
ـ ئەم شتانەی تۆ دەیگێڕیتەوەو ئەو شتانەی ئەو لەو چەند رۆژەیا لە گەڵ تۆ کردویەتی، چی ئەگەیەنێ؟ ئەویش هەناسەی هەڵکێشاو وتی:
ـ سەهاك گیان، کورە شیرنەکەم، من دایکم، من هەقی ئەوەم نیە چارەنووس چی ئەکا، من جەرگم سوتاوەو ناتوانم ئارام ببمەوە، دەزانم کوڕەکەم کوڕێکی ئاسایی نەبوو، ئەم کەسە نا ئاساییانەش تا سەر موڵك و کوڕی دایك و باوکیان نابن و تا سەر هاوەڵ و هاورێۣیی کەسە ئازیزەکانیان نابن، بەڵام من بیری بینینی ئەکەم، حەز ئەکەم بە پێش چاومدا بێت و بڕوات، تامەزرۆی بیستنی دەنگیم، ئەو چەند رۆژانە هەند بەدەورو خولمەوە بوو، هەند نزیکم بوو، بارتەقای هەموو تەمەنی خۆشەویستی زیاتری چوو بە دڵما.
ئەورۆژە هیچمان لە بارەی نامەکەی ئەژدەرەوە بۆ باس نەکرد، لەوە دەترساین ئەم نامەیە دەستی ئەو پۆلیس و ئاسایشانە بکەوێ و لە دەستمانی بکەنەوە، چونکە هێشتا لێکۆڵینەوە لە دۆسێکەی ئەژدەر بەردەوام بوو، جار جارە سەردانی دایەخانیان دەکردوو بە سەریان دەکردەوە، چاوەڕێ بووین ئەوان کارەکانی خۆیان تەواو بکەن و کەمێ خەمەکانی دایەخانیش سووکتر بووایە، تا نامەکەمان بۆی بخوێندایەتەوە.
ئەو رۆژەی سەهاکم لە سەر کۆڵانەکە بینی و لە گەڵ خۆمم بردەوە بۆ ماڵ ، خۆیشی نەیدەزانی بۆچی هاتووە بۆ لام، ئەو شەوە لە لام مایەوە، گەلێ قسەمان کرد، پێی وتم:
ـ دەبێ سبەی بچین بۆ ژوورەکەی ئەژدەر، کە لێم پرسی بۆ؟ چیت لە ژووری ئەژدەر دەوێ؟ وتی:
ـ نازانم .. وەك چۆن پێویست بووە بێم بۆ لای تۆ، ئاواش پێویست دەکا بە یەکەوە بچین بۆ ئەو ژوورە، ئێمە وەك و مەئمورێك دەڕۆین. وتم:
ـ کاك ئەژدەر، مەئموور بە ئەمری ئامر دەجولێ، بۆ جێبەجێکردنی فەرمانێك، ئامری ئێمە کێیە؟ وتی:

ـ ئەژدەر.. ئەژدەر، وەك پێم وتی، ئەژدەرم دیوەو داوای لێ کردووم کە لە تەك تۆدا بچینە ژورەکەی و لەویا چەند رۆژێ بمێنینەوە.
هەندێ سەرم خستە سەری تا بتوانم زیاتر لە بارەی خۆیمەوە بۆ باس بکات، بەڵام خۆی لێم گێل کردوو پاشان زۆر زوو خۆی خزاندە تویێی پێخەفەوەو بە یەکجاری رێی قسەکردنی لێ بڕیم. کەچی لە ژێر بەتانیەکەیەوە ورتە ورتی دەهات، نەمدەزانی چی دەڵێ، ئەو شت وتنەوانەی درێژەی کێشا تا نوستنی منیش، بەیانی کە هەستام تەماشا ئەکەم لە سەر کورسیەك دانیشتووەو چاوەڕێی بە ئاگا هاتنەوەی من ئەکات، وتم:
ـ ببورە بۆ بە ئاگات نەهێنام؟ وتی:
ـ بەیانیت باش. وتم:
ـ باشتر.. سوپاس.
هەستاین و چووین دەست و دەم و چاومان شت، من بەرەو مەتبەخەکە چووم، بینیم خوشکەکەم پیاڵەو پەرداخ ئەشوات، وتی:
ـ یەڵماز قاوەڵتیتان بۆ ئامادە بکەم؟ وتم:
ـ بەڵێ. زاواکەمان ئامۆزای خۆمان بوو، لە بەر ئەوەی من تەنیا بووم، بە باشم زانی ئەوان لە گەڵم دانیشن و ماڵەکەم بۆ ئاوەدان بکەنەوە، ئاسنگەر بوو، ئاسنگەرێ کە هەرگیزاو هەرگیز نەخشێکی دووبارە نەدەکردەوە، بە فتری هونەرمەند بوو، جوانترین و رازاوەترین نەخشی دەرگاو پەنجەرەکانی ئەم شارە لە ژێر دەستی ئەوەوە دەردەچوون و ماڵەکانی پێ دەڕازایەوە، کاری بە هیچ شتێکی لا بەلاوە نەبوو، تەنها نان پەیدا کردنیکی حەڵاڵ نەبێ، رۆژێك لە کاتی هاتنی چەند سەربازێکی سوپا بۆ بردنەوەی ئەو دەرگایەی کە بۆ سەربازگەکەیان دابوویانە کردن، لە ناو ئۆتۆمبیلێکەوە دەسرێژی لێ دەکرێ و شەهیدی دەکەن، ژنێك بێوەژن و کۆمەڵێ مندالّ هەتیو دەخەن، خوشکەکەم یەکێ بوو لەو ژنانەی بکەوتایەتە هەر ماڵێ دەیگەشاندەوە، کەسێ بوو لەوانەی کە بە رووگەشی پێشوازی لە هەموو کەس دەکردوو ئاسوودەیی پێ دەبەخشین، وای دەنواند کە هیچ کەسێ بار قورسی نیە بە سەریەوە، پێچەوانەی ئەو ژنانەی کە دەبنە هۆی لێکترازانی ئەندامانی خێزانێك، کە قاوەڵتی بۆ هێناین هەندێ پەنیرو هێلکەورۆن و هەنگوینی لە قوتوونراو بوو، بەڵام سەهاك، لە یەك پاروو بە هەنگوین زیاتر هیچی نەخواردوو دەستی کێشایەوەو بەو دەستەسرەی کە لە باخەڵی دەرهێنا، دەم و سمێڵە درێژەکەی سڕتەوەو هەستا کەوتە سەرنجدانی ئەو تابلۆیانەی کە بە دیواری ژوورەکەمدا هەڵمواسیبوون، چووبەلای ئەو کتێبخانە بچکۆلەیەی کە هەمبوو، ژمارەی کتێبەکان کە تێیدابوو، ئەو زۆرە نەبوو، خۆی لە دەورو بەری پەنجا کتێبی هەمە چەشن دەدا، لە کتێبی زانستی و ئەدەبی و یەك دوو کتێبیش لە بارەی فەلسەفە، لە گەڵ هەندێ گۆڤاری جۆراو جۆر کە ئەوانیش زۆر نەبوون، وتم لەوانەیە ئێستە نەختێ لە بارەی کتێبەوە قسە بکات، بەڵام هیچ گرنگیەکی پێ نەدان و وردە وردە کەوتە خۆ ئامادەکردن لە گۆرەوی لە پێکردن و پرچ وداهێنان و رێکخستنی سمێڵ و قیافەتی، تەماشایەکی دەمژمێرە هەڵواسراوەکەی کردوو بزەیەکی کەوتە سەر لێو، ئەو دەمژمێرە دەمژمێرێکی گەلەك سادە بوو، چ نەخشەو وێنەو زەخرەفەیەکی لە دەورو ناو نەبوو، لە راستیدا هەموو شتەکان وا بوون، هەمووی شتی سادەو رەنگی سادەو نەرم بوون، کە هیچ ئازاری چاوو دەروون نەدات و هەست بە هەڵتۆقینیانت نەدەکرد، گەر سەرنجت بدایە، کەم کەس وا ورد لەم شتانە

دەنۆڕێ، تەنها ئەوانە نەبن کە شتەکان جوانترو رونترو جیاوازتر دەبینن، سەهاك گووتی:
ـ کاکە ئارام، شتەکانت زۆر سادەو ساکارن، خۆزیام خواست وابی. گووتی، ئەمن خۆم وام، شتە سادەو روونەکانم لاوە پێشترن و بە بەهاترن، گرنگ نیە نرخی دراوییان چەندە، گرنگ دیمەن و شێوەکەی بە ئاسانی و بە دڵفراوان بوونی و بێ فیز خۆ بنوێنن. وتم:
ـ کاك سەهاك، من شتە روونەکان مەزنتر دێنە بەر زەینم، راستە سەرەتا روون دیارن، بەڵام گەر سەرنجی وردیان بدەیت و تۆزێك لێیان را بمێنی هەست بە دەوڵەمەندی ناواخنی دەکەیت و ئەو دەوڵەمەندییە وا روون و مەزنی کردووە.
سەری رەزایی یا هاوڕایی بۆ لەقاندم و گووتی:
ـ راست دەکەی، هەموو شتە سادەو روونەکان بە شتی لۆژیك و دروست بارگاوین و بە هەموو دەورو پشتدا بۆن و رەنگ و ئاوازی هەمەچەشن و بە سوود پەخش دەکەن، ئیرادەی کۆمکردنی زۆرترین ژمارەیان لە دەورەخۆ هەیە. بە دەم ئەم گفت و گۆ و را گۆڕینەوەیەوە منیش وردە وردە خۆم کۆ کردەوەو وەك و ئەو ئامادەی هەر رۆیشتن و دەرچوونێك بووم، من خۆم هیچ بەرنامەیەکم نەبوو، گەر بشمبووایە ئەوا دەبوا پشت گوێی بخەم و بچمە هاوەڵی ئەو میوانە سەرنجراکێشە لە بیرو بۆچوون و شکڵ و هەیبەتی.. نەمدەزانی چۆن پرسیاری لێ بکەم، لە کوێوە هاتووە؟ چوونکە بە بیرم نایا پێشتر ئەژدەر پێی وتبم کە گووندی وی کوێیەو لە کوێوە دێ و بۆ کوێ دەڕوات، ئەو ساڵانە، یا ئەو ماوەیە، کەم کەسی دەرەوەی ئەم شارە بوێری ئەوەی دەکرد سەردانی ئەم شارە بکات و بێ پەروا تێیدا بسورێتەوە، ئەوانەشی کە دەهاتن بە پەلە ئیش و کاری خۆیانیان رایی ئەکردوو بەلەز تێیان دەتەقاندوو بە جێیان دەهێشت. خوشکەکەم لە دەرگای ژوورەکەیداو بە دەنگێکی هێمنەوە بانگی کردم، ئیزنم لە سەهاك وەرگرت و سینی قاوەڵتیەکەم لە گەڵ خۆم هەڵگرت و دەرچووم، من وامزانی مەبەستی هەڵگرتنی سینیەکەیە، بەڵام گووتی:
ـ وەرە ئیشم پێتە.
بە شوێنیا چووم بۆ مەتبەخەکە، پرسیاری سەهاکی لێ کردم کە کێیە؟ دیار بوو بە هۆی ئەو ریش و ئەو جل و بەرگانەی پۆشیبووی وای لێ کردبوو بە کەسێکی نا ئاسایی هەژماری بکات، چوونکە ئەوە یەکەمجاری بوو سەهاك ببینێ، دڵنیام کردەوە کە من پێشتر چەندین جار ئەوم دیوەو کابرایەکی بێ وەیەو خزمی نزیکی ماڵی دایەخانەو هاوڕێیەکی ئازیزوو خۆشەویستی ئەژدەر بووە، بەڵام ئەو بەوەی دەکرد دڵی ئاوی نەخواردبێتەوە بەو قسانە، تکای لێ کردم کە تا ماڵی دایەخانی ببەم، دەسبەرداری بم و دوور کەومەوە لەو بارگرژیەی کە بە هۆی کوشتنی ئەژدەرەوە هاتبووە ئاراوە. گووتی:
ـ من ئەترسم ئەم کابرایە بۆ تۆڵە سەندنەوە هاتبێ.
منیش بە پرسیارێ ئەو رایەیم خستە ژێر گومانەوە، کە ئایا تۆڵە لە کێ؟! کێ دەکوژێ؟ کەس ئەزانێ چەندین کەس و چەندین گرووپ و چەندین لایەن لەم کارەیا دەست وەردەدەن. خۆیشی هەر وابوو، بە دەیان کەس دەکوژران و سەر دەبڕان بێ ئەوەی کەس بزانێ کێ دەیکات و دەستی کێی تیایە، کوژراوەکان لە هەموو بەرەکان بوون، لە هەموو گرووپ و نەتەوەو ئایین و ئایینزاکان دەبوونە قوربانی، بە پێی ئەم هاوکێشەیە هەمان گرووپ و هەمان ئەو هەموو ئایین و ئایینزاو نەتەوانە دەستیان هەبووە لە ئەنجامدانی ئەو تاوانانە، بە راستی رەوشێکی زۆر ئاڵۆزو نەخوازراو بوو.

خوشکەکەم بە گومان و دڵەڕاوکەی خۆیەوە جێ هێشت، گەڕامەوە بۆ لای سەهاك، چاوەڕوانی دەکردم، گوتی:
- کاکە ئارام، ڕاستە من هاتووم بۆ لای تۆو هاتنەکەشم لە سەر داخوازی ئەژدەرە، بەڵام بێ گوومان بوومەتە بارگرانی بە سەرتانەوە.
من زوو قسەکانیم پێ بڕی، چەندین حاشاو پاکانەم لەو دیدە نەویستراوەی کرد، دەمویست دڵنیای کەمەوە لەوەی کە من بە هەموو دڵسۆزیەکەوە هاوکاری دەبم، ئەوەی پێم بکرێت و ئەو ئەمری پێ بکا من جێبەجێی ئەکەم، بەڵام ئەو تا دوا دەرفەتی قسە کردنم هەروا گوێی دەگرت، تاتەواو بێدەنگ بووم پاشان زۆر لە سەرخۆ دەستی بە دوان کردەوە، کە من گەر نامەوێ بکەومە تەکی، ئەوا زۆر ئاساییەو مافێکی ڕەوای خۆمەو ئەرکێکیشە لە سەرم کە بە دووی کاری خۆم بچم. هەر لە خۆی و ئەژدەرەوە فێری ئەوە بووم کە زوو تێهەڵنەچم و زۆر لە سەرخۆو بە ساردیەکەوە پێم وت:
- قوربان، کەی ویستم ئەوە ئەکەم، دڵنیات دەکەمەوە کە بەو جۆرەت ڕەفتار لە گەڵ دەکەم، ئێستاش ئەمرت بە چیەو یا بە تەمای چی و بەرنامەی ئەمڕۆت چیە، من لە خزمەتتدام و جێت ناهێڵم.
سوێندی دام کەی ویستم جێی بهێڵم، پاش ئەوە وتی:
- کاکە ئارام، هیچ ڕوحێکی شەڕانگێزی لە مندا بەرامبەر بە هیچ کەس نیە، پەیامی من وەك و پەیامی ئەژدەر نەهێشتنی کینەو پاککردنەوەی ڕوحی شەڕانگێزی و قەلاچۆکردنی سڕینەوەی بەرامبەرو ڕێگرتن لە تاساندنی ڕوحی مرۆڤەکانە. کە کەوتینە ڕێ وتی:
- سەرەتا دەبێ مەزارێك زیارەت بکەم. وتم:
- دەکرێ بۆ ئەوەش بێم؟ وتی:- ئەبێو نا، گەر بتەوێ.

12

هەفتەیەکی ڕەبەق بە سەر ون بوونی ئەژدەردا تێپەڕیبوو، من و سەهاك و سەی قودرەتی خاڵۆی ئەژدەر، لە گەڵ دایەخاندا،کەوتبووینە هەڵوەدای دۆزینەوەو سۆراخێکی ئەو کوڕەگەنجە، سەی قودرەت، کابرایەکی بە تەمەن لە چلەکان بوو، لە خانەقینەوە هاتبوو، وەك بیستبووم لە گوندی مێخاس دادەنیشت، تووك ڕەش و لەش چوست و چالاك بوو، باڵای مام ناوەندی، توند و پڕ بوو، سەری دایەخانی دەخستە سەر سنگیەوەو دەیگووت:
- والێ سەبرت بۆ.
ئەوان بە خوشك دەیانوت والێ، زۆر دڵی بە دایەخانی خوشکی ئەسوتا، هەردەم هەوڵی دەدا هێوری بکاتەوە، چەندین دێڕە شیعری ماچۆی بۆ دەخوێندەوە کە گوایە گریان ببڕێتەوەو چاوەڕوانی ڕەحمی کردگاری بکات، ئەوەی ئەو بڕیاری لە سەر بدات، پێویستە پێی ڕازی بن، ئەوەندە، لەو دێڕە شعریە ماچۆ زمانانە حاڵی نەدەبووم کە سەی قودرەت دەیانی وتەوە، بەڵام دەمزانی، سەهاك، پێی ناخۆشە لە حزووری منا ئەو بەیتانە بڵێتەوە، سەی قودرەت، منی زۆر خۆشدەویست، دەیگووت، ئێمە زۆر کەسانی وەك و تۆ جێی متمانەمانن و لە نزیکەوە هاوڕێیەتیان کردووین و کەسانی نهێنی پارێز بوون و هەرگیز بە چاوی نەخوازراو لێمانیان نەڕوانیوە.

ئەو قسانەی لە بارەی منەوە بە سەهاکیش راگەیاند، سەید، زۆر سەردانی ئەم شارەی دەکرد، جگە لە بە سەرکردنەوەی خوشکەکەی،  سەردانی مەزارگە پیرۆزەکانی شارەکەشی دەکرد.
هەر لە دوای ونبوونی ئەژدەرەوە، کەوتبووینە تەقەلای ئەوەی کە بڕێکی پارەی زۆر پەیدا بکەین، بۆ ئەوەی کاتێ رفێنەرەکان پەیوەندییان پێوە کردین، بتوانین مامەڵەیان لە گەڵدا بکەین و بە پارە ئەژدەر بگێڕینەوە، دایەخان دەیگووت:
ـ خانووەکەش بفرۆشن، چی خشڵ و زێڕیشم هەیە بیفرۆشن، هەموو ناوماڵەکەشم، تەنها کوڕەکەم بۆ بگێڕنەوە.
هەندێ پارەمان کۆ کردبووەوە، بەڵام کەسێ پەیوەندی نەکرد، خزم و کەسی ئەژدەر چاوەڕێ بوون بزانن بڕی ئەو پارەیە چەندە کە لێیان داوا دەکرێ، دەیانگووت، بڕەکە چەند بێ گرنگ نیە، گرنگ ئەوەیە داوا بکەن و ئەو کوڕەمان بدەنەوە، گەلێ پشتیان بە خزم و کەس و کارو هاویارانیان قایم بوو، دڵنیا بوون لەوەی کە هەر خێزانەو بە بڕێ بەشدار دەبێ و نایەڵن پارە ببێتە کێشەیەك، یەکەم رۆژو دووەم و سێیەمیش، کەس و کارەکەی بە چڕی سەردانی ماڵی دایەخانیان دەکرد، بەڵام وردە وردە ئەو قەرەباڵغیە لە کزی دەدا، لە پێنجەم رۆژ بە دواوە، تەنها من و سەی قودرەت و سەهاك بە بەردەوامی ئامادەییمان هەبوو، تاك و تەراك خەڵکی دیکەش بە سەریان دەکردنەوە، زۆر ئێواران دانیشتنی تایبەت بە خۆیانیان ئەنجام دەدا، لەو کاتانەدا زۆرێ لە هاویارانیان کۆ دەبوونەوە، من شارەزایی تەواوم لەو دانیشتنانەی ئەوان هەبوو، بۆیە ئەو ئێوارانانە هەرگیز توخنی ماڵیان نەدەکەوتمەوە، ئەو دانیشتنانەی ئەو هاویارانانە دانیشتنی پیرۆزو پاك و بێگەرد بوو، جار جار لە دەرەوەو نزیك ماڵیان دەنگی ژەنینی تەمبوور دەبیستراو، ئاوازێکی رەسەن بە نێو هەوای پاکژی ئەو دەورو بەرە پەرش و بڵاو دەبۆوە، هەموو خەڵکی گەڕەکیش وەك و من رێزی ئەو دانیشتنە تایبەتیەی وانیان دەگرت و بە هیچ شێوەیەك موداخەلەیان نەدەکردن، بە چاوی رێزو حورمەتەوە مامەڵەیان لە گەڵ دەکردن، ماڵمان لە ماڵی دایەخانەوە نزیك بوو، هەر لە منداڵیەوە من و ئەژدەر هۆگری یەکتر بوبووین، دەمزانی بە چ جۆرێ سرووتی ئەو دانیشتنانە بە رێوە دەچێ، بۆیە لە هەموو شوێنێك لە خۆیان پتر داکۆکیم لێ دەکردن، کاتێ کەسێ بیویستایە قسەو قسەلۆکی نا بەجێیان دەرهەق بکات کە لە زووەوە ئەو قسانە هەڵبەسترا بوون و دەماو دەم دەوترانەوە، لە خۆیان زیاتر بەرگریم لێ دەکردن، بە راستی زۆر قسەی پڕو پوچو بێ بنەما لە سەرچاوە مێژوویی و ئەدەبیاتی میللەتەکەماندا بەرامبەر بەم گرووپەو چەندین گرووپی رەسەنی دیکە دەخوێنرانەوە، یاخود دەبینرا، ئەژدەر هەردەم دەیگووت:
ـ ئێمە رەتێنراوی دەستی خۆمانین، لە ناو جەرگەی خاکی نیشتمانەوە و لە سنورەکانی زاگرۆس، راوەدوو نراوین و تەنگەتاو کراوین، هەردەم بەو دەردە براوین، تا لەم ناوچانە گیرساوینیتەوە. دەیگووت، ئێمە بە هەمووماننەوە دەتوانین جیهانێکی یەك رەنگی یەك ئامانج پێکەوە بنێین و ئەم هەموو مێژووە ناشیرینانە بخەینە پەراوێزەوە، تا بە سڕینەوەی دەگەیەنین، کولتورێکی هاوبەشی رەسەن بکەین بە بنەمای پێکەوە ژیان و یەکتر قبووڵ کردن.
گەلێك دڵی بەو رێکخراوە حزبی و نا حزبی و حکومی و نا حکومیانە خۆش بوو، کە بەم شێوە دوانەی ئەم دەدوان و داکۆکیان لە پێکهاتە و ئایین و ئاینزا جیاوازەکان دەکرد، وە زیاتر بەوە دڵخۆش بوو کە لە هەڵبژاردنەکاندا ئەم دەنگانە دەنگی زۆرترینی خەڵك بە

دەست دێنن و بەو هۆیەوە ئەو دەستەڵاتی براوەیە دەبووە پەناگەیەك بۆ ئەم جۆرە گروپانەو ئەو دەنگە زۆرانەشی بە  مایەی هۆشیاری هاوزمانانی لە قەڵەم دەداو دەیگووت:

ـ ئەمانە مایەی بە دیهێنانی رۆژێکی رووناکی پێکەوە ژیانن و دەبنە پێشەنگ بۆ سڕینەوەو بنبڕکردنی ئەو کولتورە پیرە دیدە تەسکەو نەوەکانی دواتر بە بیرێکی پاکژ پەروەردە دەکرێن.

من لەم نوسینەوانە زۆر شتی چەشناو چەشن دێنمەوە یادو بەلای خۆمەوە گرنگن ئیشارەتیان پێ بدەم، تۆی وەرگریش چۆنی وەردەگری ئارەزووی خۆتە، سەرپشکبە لە لایەنگیریکردنی راکانم، یا بە پێچەوانەوە.

خەڵکی شار راهاتنێکی ئولفەت ئامێزیان لە گەل ئەم جۆرە روداوانە گرتبوو، لە سەرەتای پرۆسەوە تا کۆتایی ئەو ساڵە و دەستگیرکردنی دکتاتۆر، لە کانونی یەکەمی هەمان ساڵدا، تا رادەیەك شار هێمنیەکی پێوە بوو..بەڵام هەر لە ساڵی تازەوەو لەوە بە دوا بە تایبەتی لە هەردوو ساڵی دوو هەزارو پێنج و دوو هەزارو شەش، رۆژانە چەندین کاری تیرۆریستی و کوشتن و برین و تەقاندنەوەی هەرەمەکی دەسنەپارێزراو لە هەموو شارو شارۆچکەکانی ولآت دەستی پێکردو بە جۆرێك تەواو بووبوونە هەڕەشە بۆ سەر سەرجەم مرۆڤەکان بە بێ جیاوازی، تەنها هەندێ لەو ناوچانە نەبێ کە بێ شەڕو شۆڕو بێ هیچ زەرەرو زیانێکی کاتی پرۆسەی ئازادی، دەرباز بوون و لە بنەڕەتدا مۆڵگەو جێ و رێی پیاوانی دکتاتۆر بوون، هەموو ئەندامانی دام و دەزگا داپلۆسێنەرەکان لەو ناوچانە بوون، ئەم کارە تیرۆریستیانە بێ بنەما نەبوون، بەڵکو بە بەرنامەو دارشتنی پلانی ستراتیجی ئەنجام دەدران، تا بتوانن لەو رێگەیەوە،  پرۆ ژەی ستراتیژی ئەمریکی لە ناوچەکە شکست پێ بێنن، بەوەی دژایەتیەکی خوێناوی لە نێوان هەموو پێکهاتە ئایینی و ئایینزاو ئیتنێکان بێننە کایەوە، ئەژدەریش یەکێ بوو لەو دەیانکەسەی هاویاران و هاو رێوریچکەیە بووبوونە ئامانجی ئەو پلانانە، سەی قودرەت دەیگووت:

ـ سەرەرای ئەم زەرەرو زیانە گیانیانەی لێمان دەکەوێتەوە هیچ سودێکیشمان لەم بارو دۆخە نەدیوە، لەم گۆڕانکاریانە ئێمە بێ بەشین و تا ئێستاش ناوچەکانیشمان بێ خزمەتترین ناوچەن و تاکەکانیش بێ رێزو بێ پۆست و بێ ناز دەبنە سوتەمەنی، وە خێزانەکانمان تووشی زەدەو سەر لێشێواویو منداڵەکان بێ سەرپەرشتیارو ژنەکان بێوەژن دەکەون.

 بۆ نەبوونی خزمەتگوزاری و گوێ نەدانە خێزانی شەهیدەکان سەد دەر سەد پشتگیریم کرد، بەڵام بۆ پۆست و پلەو پایە رایەکی جیاوازم هەبوو، پێم وت:

ـ کاکە سەید، لە گەڵ رێزم بۆ قسەکانت، بەڵام پێویستە پلەو پۆست بە پرۆسەیەکی دیموکراتیانە بێتە دەست. گووتم، دەتوانن یەك بن و هەڵبژێردراوێکی خۆتان دیاری بکەن و دەنگی پێ بدەن. بەڵام ئەو پیکەنینێکی گاڵتە ئامێزی بۆکردو وتی:

ـ کاکە ئارام گیان، ئەم تەمسیلیانە بە ئەقڵتەوە نەچن، دیموکراسی چی و قسەی قۆڕی چی؟ ئەمەی تۆ باسی دەکەی دیموکراسیەت نیە، ئەم جۆرە دیموکراسیەتە کە لێرە پەیرەو دەکرێ دەبێ ناوێکی تازەی بۆ بدۆزینەوە، دەبێتە دیموکراسیەکی خۆماڵی و بەو پێیە دەبینە داهێنەری رێبازێکی نوێ لە دیموکراسیەت، باسی یەکبوونمانت کرد، یەکبوون وشەیەکە تەنها لە سەر کاغەزو لە سەر زار ماوە، ئەگینا هەموو دوو بوون و سێ بوونە، تۆ تەماشای ئەم شارە بکە چۆن چۆن هەر لە ئەزەلەوە سروشت کردوویەتیە

دوولەتەوە، ئەو چەمی خاسەیە، مۆرکێکی ناتەبایی ئەم شارەیە، چەمێکە بێ ئاو، وەك هێڵێکی لێڵ و چڵکن ئەم دیوو ئەودیو بەم شارە دەکا، ئێ خۆ ئێمەیش و هاویارانمان لەم شارە هەر بەو جۆرە دولەت کراوین و کەس ناتوانێ بمانلکێنێتەوە بە یەك، تۆ دوعاو نزا بکە بەو دووەیشەوە بمێنێتەوە،گەر نەبوو بە سێو چوارو نەکەوتنە وێزەی یەك، ئەم شارە وەك ئەم دوو دەستەی من وایە، دەستی راست و دەستی چەپ، هەر دەستەو کارو پێگەی گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، دەستی راستم بۆ پاروو قوتدان و نوسین و بیرو باوەڕ و ئایدیاو بۆچوونەکان و لابردنی لەمپەرەکان و لە ناوبردنی ناحەزەکانمە لە رێگاکەم، دەستی چەپیشم بۆ تاراتکردن و پیسی پاك کردنەوەو پێڵاو سڕین و خۆڵ و خاشاك لابردن و قونگ خوراندنمە، من دوو دەستی یەك جەستەم بەو شێوەیە جیاوازبن، دەبێ دوو دیوو دوو لەتی جەستە جیاوازەکان رەفتاریان دەرهەق بە یەك چۆن بێ!.

ئەمە چەند لایەنێکی ئەو گفت و گۆیانە بوون کە دوایین جار من و ئەژدەروو خاڵۆی لە ماڵی ئەژدەر دانیشتبووین و دایەخانیش گوێی لێ دەگرتین و جار جارەش شتی لە پێش دا دەنایین، لە چاو شیرو میوەجات و ئەم جۆرە بابەتانەو جار جارەش رایەکی خۆی لە بارەی هەندێ شتەوە دەدا، هەر لەو شەوە، ئەژدەر، باسی ئایین و دەستی نادیاری خودای تاك و مەزنی لە قەدەرەکان دەکردو وای لێك دەدایەوە کە هەندێ شت هەیە، ئێمە لێی غافڵین و دەبێ ببن، وەك و زەرورەتێکی کەونی و بوونی بەشەرەکانە، لە سەر زەوی و رێچکەی بەردەوامی ژیان، شوبهاندنی ژیانی بە درەختێك بۆ کردین کە ژیان و بوون چوون درەختێکن، رەگەکەی لە میتافیزیکایە، واتە لەو دیو بوونەوە، ژیان خۆیشی قەدی درەختەکەیەو لقەکانیش هەموو بوارەکانی ژیانە، لە ژیاری و زانست و هتد...

پاشان بزەیەکی بۆ کردین و وتی:

- خاڵۆ قودرەت، کاکە ئارام، ئەم قسەیە هی من نیە، ئەمە قسەی یەکێ لە فەیلەسوفەکانەو بڕوای تەواوم پێیەتی.

ئەوان جار جارە لە نیوان خۆیان دەیانگۆڕیە ماچۆ، بە تایبەت گەر سەی قودرەت لە گەڵ دایەخانی خوشکی بدوایە، هەردەم پێی دەگووت (والێ عیسمەت ) واتە خوشکەکەم عیسمەت، کە عیسمەت ناوی دایەخانی من بوو، سەی قودرەت سەرەتا وایدەزانی من لەو شێوە زارەی ئەوان نافامم، هەندێ قسەی تایبەت بە رێورێچکەی خۆیانی باس کرد، ئەژدەر پێی وت:

- خاڵۆ، تۆ وا ئەزانی ئارام تێناگا؟ ئارام زۆر باش لێت تێ ئەگا، بەڵام هیچ نیگەران مەبە، وا بزانە کەسێکە لە خۆمان.

بە سەر سوڕمانەوە رووی دەمی لێم کردو پرسی:

- راست مۆ؟ وتم، بەڵێ، هەندێ تێ ئەگەم. ئەژدەر وتی:- زۆر، نەك هەندێ. وتم: بەڵێ ، بەڵام نەك هەموو شتێ وەکو ئێوە.

کە لەوە ئاگاداریان کردەوە، هەندێ رەنگ و رووی گۆڕا، لەوە بە دوا لە حزوری منا هەرگیز بە لای باسکردنی شتە تایبەتیەکانی خۆیانەوە نەچوو، ئەوان وەك گرووپێکی سێکتی داخراو بە سەر خۆیاندا دەر دەکەوتن، رۆژێ بە راشکاوانە لە گەڵ ئەژدەر لەو بارەیەوە کەوتمە گفت و گۆ، پێم وت:

- ئێمە لە دوای پرۆسەی ئازادی ساڵی دوو هەزارو سێوە بەرەو سیکولاری عەلمانی هەنگاو دەنێین، پێویست وایە هەموو شتەکان بە راست ورروونی باس بکرێن و ئەو نەریتی گرووپ و گرووپکاری و خۆ داخستن بە رووی جیهانی گچکەوە بوو، نەهێڵین.

حەزم دەکرد لە بارەی نەریتی رۆژئاواوە قسەمان بکردایە کە چۆن خۆیان لەم مەسەلە پڕ کێشانە بواردووەو هەولی ژیانێکی هاو بەشی بێ جیاوازی مرۆڤەکان دەدەن.
ئەژدەر کەسێکی رۆشنبیری دەرچووی کۆلیجی یاسا بوو، جگە لەوەش هەر لە منداڵیەوە هۆگری کتێب خوێندنەوە بوو، لە هەموو بوارەکانی دەخوێندەوە، بە تایبەتی فەلسەفە، هەر لە دوای نەمانی رژێمی دکتاتۆرەوە ئەو نوسینانەی دەخوێندەوە کە بابەتەکانی لە شەڕی کولتوری رۆژهەڵات و رۆژئاوا سەرچاوەیان دەگرت، بۆیە وەڵامدانەوەی راکانم بە لایەوە ئاسان و تا رادەیەك لۆژیك بوون، ئەو بە لایەوە وابوو چەند شتێك وای کردووە کە ئەوان بەو شێوەیە دەرکەون، لە بارەی رۆژئاواو ئەو وڵاتانەی کەپێشەنگی بە مرۆڤایەتی کردنی ژیانن، دەیگوت:
- کاکە ئارام، هەر کاتێك ئابووری ئەو وڵاتانە بکەوێتە مەترسیەوە، ئەوە بێ سڵەمینەوەو بێ دودڵی و بێ رەچاو کردن و لە بەرچاو گرتنی ئەو پرەنسیپە مرۆییانەی کە بانگەشەی بۆ ئەکەن و خۆیان وانیشان ئەدەن کە باوەڕیان پێیەتی، جەنگێکی گەورەی وەك و یەکەم و دووەمی خوێناوی هەڵدەگیرسێنن و دەکەونە تاڵانکردنی سامانی ئەو وڵاتانەی کە داگیریان دەکەن.
ئەو پێی وابوو کە هاتنیان بەرەو رۆژهەڵات کار کردنە بۆ بە دەستهێنانی ئابووریەکی مەزن بۆ دوارۆژی خۆیان و وڵاتەکانیان، دەیگوت:
- ئەوان شەڕی خۆیان بۆ بە دیهێنانی ئەو ئامانجانە دەس پێکردووەو وردە وردە دەس بە سەر هەموو شتێکدا دەگرن.
ئەو بەو شێوەیە بیری دەکردەوە، شێوەیەك کە لە گەڵ هەموو ئەوانەی کە دژی هاتنی هێزی ئەمریکی بوون بۆ ناوچەکە یەکی دەگرتەوە، پرسیارەکە لێرەدایە، ئەژدەر لە کوێیەو کێ دەستی لە رفاندنی هەیە؟

13

ئێستاشی لە گەڵدا بێ، ئەو خوێنە ئاڵانەی لە نووسینەکانی ئەژدەردا، لەو شەوە نامۆو نا وێنەیەدا رژێنران، دەچۆڕێت و زامەکان دەم کراوەن و ئازارەکان بەردەوامییان هەیە، ئێمە چاوەڕوانی شتی وامان نەدەکرد، هەر لە هەوڵ و تەقەلای ئەوە بووین، گوێبیستی دەنگێکی ناساز بین و مامەڵەیەکی ناڕەوشتانەمان لە تەکدا بکرێت، من و دایەخان و سەهاك و خزمە نزیکەکانی چاوەڕوانی ئەوە بووین، بەرامبەر برێ پارەو دراو، ئەو کوڕە گەنج و جوانەمان بۆ بگێڕدرێتەوە، لە دەست دێوەزمەکانی مەرگ قورتاری بێ، هەر لە یەکەم رۆژەوە جگە لەو چاوەڕوانیە بێ هودەیە، هەولی دیتنەوەی لاشەکان بووین، رۆژ نەبوو چەندین لاشەی بێ گیانی ساردو سڕ لە دەوروبەری شارو شارۆچکەو گوندەکان نەدۆزرێنەوە، ئەو رۆژەی لە نەخۆشخانە وێنەی سەری براوی ئەژدەرمان ناسییەوە، بۆ من مایەی شۆك بوو، ئەو هەواڵەمان لە دایەخان شاردەوە، سەرەکان بە خاوەنەکانیان نەدرانەوە، بە ئومێدی ئەوەی جەستە بێ سەرەکانیش بدۆزرێنەوەو وەك و مردوویەکی تەواو تەسلیم بە کەس و کاریان بکرێنەوە.

لەو ساتەوە گێتی و هەموو کەون لە پێش چاوەکانم بوو بە زیندانێکی تەسك و نووتەك، هەموو شت لێڵ دەیاننواند، نە خۆر وەك خۆی مابۆوەو نە ئاسمان و نە دارودرەخت و نە خاك و ئاویش، رەنگی خەڵکانی شارەکەش زۆر لەو رەنگانە باشتر نەبوو، هەموو رەنگی مردوویان دەنواند لە پێش چاوم، وەکو مەڕی مۆڵدراوی بەر قەسابخانە، سەر کزو بێچار، بە دەوری خۆیان دەخولانەوە، ئەم جۆرە کارەساتانە لە هەموو کون و کەلەبەرێکی ئەم شارەو دەورو بەری روویان دەدا، بۆن و بەرامەو سام و هەڕەشەی تۆقێنەری دەگەیشتە گوێ و چاوو دڵی هەموو تاکێ لەو خەڵکە، ئەو خەڵکەی کە تیایاندا بوو بوێری ئەوەی نەدەکرد بچوکترین زیندەوەر ئازار بدات و لانەی پەلەوەرێك تێك بدات، کەلتورێکی گەلێ جیاواز، گەلێ نا ئاشنا، دەڕژایە نێویانەوەو دەیهێنانە لەرزین، مێژوویەك لە تاریکی، مێژوویەك لە ترس و دڵەڕاوکە، مێژویەك لە لێکترازان و لێك جوودا بوونەوە، هەر لە کارەساتەکانی کۆتایی پەنجاکانی سەدەی بیستەوە تا بە ئەمڕۆ دەگا خوین رشتن و ماڵوێرانی و دەر بە دەری و بێ ئارامی لە سای سیاسەتەوە بەڕۆکی گرتوون، سەی وەلی دونیا دیدە، رۆژی سەد جار تفی بە سەر سیاسەت و پیاوی سیاسی رۆ دەکردوو نەفرەتی لە حکومەتەکان دەنا، دەیگووت:

ـ گەنجەکان: نابێ ئێوە کار لە سیاسەت بکەن، نابێ لووتی خۆتان لەو گوواوە وەردەن، ئەوە کوورەیەکی زۆر خەتەرناکە، زۆر غەددارو ناپاکە، وردوو خاشتان دەکا، ئێسك و گۆشتتان لە مەکینە دەدا، دەیگووت، ئێوە دووی ئەمانە مەکەون ، دووی پیاوی سیاسی مەکەون، ئەوانە پیاوی بێ بەڵین و بێ ئەمەکن، بە بستێ خاکی بێ فەڕو بە تەنەکەیێ نەوت و مشتێ چلکی دەستان دەتانفرۆشن، ئەمانەی دەتانەوێ دوویان کەون خۆیان ماشەن، خۆیان دوو کەوتوون، مەبنە ماشەی ماشەکان، مەبنە دوو کەوتووی دوو کەوتووەکان.

رۆژێ لە گەڵ سەی قودرەت بووم، سەی وەلی رێك و راست بەرەو لامان هات، لووتی نا بە لووتی سەی قودرەتەوە، وتی:

ـ تۆ خاڵۆی ئەو جوانە مەرگەی، من تۆ ناناسم، بەلام دەزانم ئەو پیاوە گەنجە چەند پاك و سادەو ساف و بێگەرد بوو، ئەو کوڕە خوارزایەت چ نەبێ بەشێکی ئەو پاکی و بێگەردیەی لە تۆوە بۆ ماوە، بەو پێیە هەندێ تۆش دەناسم، بۆیە پێت دەڵێم سمێڵ زلی وەك ئێوە، ئێوەی وەك کۆتر سپی، وەك ئاو رۆشن، وەك ئاسمان دڵ بەرین، خۆتان مەخەنە شەڕی ئەم کافرانەوە، ئەمانە رەحم لە خۆیشیان ناکەن، باکی خوای خۆیانیشیان نیە، بیاندەنە دەس خولقێنەرەکانیانەوە، تەنها ئەو دەزانێ چۆن لووتیان بە عەرد دەدات و بە قولابی نووك تیژی خۆی بەرەو جەهەننەم پەلکێشیان دەکا.

دوو دڵۆپ فرمێسك بە سەر روومەتی چرچ و لۆچی خلۆر بوونە خوارەوە، دەسی نایە پشت سەری سەی قودرەت و سمێڵەکانی ماچ کردوو رووی وەرگێڕاو جێی هێشتین، سەی قودرەت بە دەستەکانی روخساری خۆی داپۆشی، پاشان دەستی راستی داگرت و بەو دەستەکەی هەموو روخساری سڕتەوەو بە مەبەستی رێکخستنی، دەستێکی بە سمێڵەکەیا هێنا، ئەو رەفتارەی سەی وەلی، وەکو جۆرێك لە سەرەخۆشی لە بنەماڵەی ئەژدەر هاتە پێش چاوم، هەر لەو ساتەوە یەك رۆژی پاش نەمان و بە لاداهاتنی پەیکەری دکتاتۆرم هاتەوە یاد، رۆژ بە رۆژ قسەکانی ئەو کاتەی سەی وەلیم بۆ پشت راست دەبۆوە، لە مەجلیسێکی سەر پێیی ناو کۆلاندا، وەکو باران کەوتە جنێو بارانکردنی تورکو وڵاتی تورکان، زۆرێ لە خەڵکانی کوردستان، بە تایبەتی شارەکەی ئێمە، خۆشحاڵ بووین بەوەی کە وڵاتی تورکیا

ڕێیان نەدا لە خاکی وڵاتەکەیانەوە هێرش بکرێتە سەر ڕژێمەکەی بەعس، شەڕ هێنانە ناو ماڵتەوە گەمەی منداڵان نیە، سەی وەلی کابرایەکی تەمەن درێژی بە گوڕو تین بوو، چەندین ساڵ بوو ئاوارەی یەکێ لە شارەکانی خوار بەغدا بوو، وەچەکانی زۆر تەنگاو بوونایە لە قسە کردن، دەیانگۆڕیە زمانی عەرەبی، هەر پاش ڕوخانی ڕژێم، هەموو کوڕو بووکو وەچەی دابووە بەرو هێنایانیەوە بۆ زێدی باو باپیری، ئەو ڕۆژە سەی وەلی پێی وتین:

ـ گەمژینە، ئێوە نازانن ئەو تورکە باب حیزانە چ کارێکی خراپیان کردووە، چی جەللادو پیاو کوژ بوون، وەکو بەرزەکی بانان، بە ساخ و سەلامەتی بۆی دەرچوون، ئەوەندە نابا خۆیان ڕێك دەخەنەوەو دەکەونەوە وێزەتان.

ئەو قسانەی سەی وەلی ڕێك و دروست چۆنی وت ئاوا کەوتنەوە، ئەوەندەی نەبرد هاتنەوە مەیدان و کەوتنەوە هەڕەشە کردن لە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵ، بە ڕەفتارەکەی جارانیان دەستیان کردەوە بە کوشت و بڕو چاندنی تۆوی ترس لە دڵی خەڵکی، ئەوەندەی نەبرد دەستی تاوان و هەڕەشەیان تەواو درێژوو چڕو پڕ بوو، بە ئەندازەیەك دەتوت ئەوان جڵەوی دەستەڵاتیان بە دەستەوەیەو لەو ڕێیەوە بە خەڵکی ڕا دەگەیەنن: گەر دەسەڵاتی ئێمە نەبێ، ئاسایش و ئارامی هەرگیز بەر قەرار نابن، ئێمە بێگومان بووین لەوەی کە جارێکی دیکە ئەو ڕژێمە تاوانکاری لە ناوچووە، ناتوانێ بگەڕێتەوە دەسەڵات، هەرگیزاو هەرگیز، وە دەشمانزانی کە هێنانە کایەوەی ڕژێمێکی دادپەروەریی ڕاگیرکەری هەموو پێکهاتەکان لە یەك ئاستدا، هەر وا بە سانایی و بە لادا هاتنی پەیکەرێك نایەتە دی، بەڵام دایەخان، چۆن ڕازی دەبێ پارچەیێ لە جگەری بکەنەوە بە بەهانەی ئازادی هێنان، منداڵێکی ساوا چۆن تێ دەگا! ئازادی و دیموکراتی لە بوونی باوکی بە بەهاترە، کام بەهاری ئازادی لە بوونی دەزگیرانێ ڕازاوەترەو لە جەمبوونی هەموو ئەندامانی خێزانێ، بێ نوقسانی، سەوزترو پیرۆزترە، ئاخر کێ ئاوڕێ لەم هەناسە ناسك و جوانانەی مرۆڤ دەداتەوە، کێ دەتوانێ ئەوەندە ناسك و منداڵ بێ؟ تا بتوانێ لە سەر پشتی پەپولەیەك بە جیهاندا بفڕێت، ئێمە نوقسانی دەستی هەستەکانین، ئێمە هەموو کەم ئەندامین، ئێمە ئەندامە نەبینراوەکانمان گۆج و ئیفلیجن، هەموو کەم ئەندام و ئیفلیجین، هەموو بەشدارین لە تاریك کردنی خۆرو کوژاندنەوەی گڵۆپەکان و خنکاندنی چۆلەکەکان و کۆتکردنی ئاوو دیوار چنی پەنجەرەکان، ئێمە شایەنی ئەوەین کە هەیە، ئەوەی دەیدوورینەوە بەری چاندنی خۆمانە، من چەندە گلەو گازندەو هات و هاوارکەم، کەمەو پێویستی بە زیاترە، پێویستە هەمیشە تازیە بارو هەش بە سەر بین، خەڵکانێ هەن، لە هەموو زەمەنەکان سواری شەپۆلەکان دەبن، سواری ترۆپکی شەپۆلەکان، هەموو دەکەن بە بارگیری بارگیرو تیژ تیژ، بێ بینینی بەر پێمان، لێمان دەخوڕن، دەبنە گەمیەوان و شوان و بەرەو هەڵدێروو دۆزەخمان دەنێرن، ئەوەتا پاڵەوانەکان لە کۆمەڵێ جەستەی بێ سەر دەگەڕێن، ماندوو نەناسانە تەقەلای ئەوە دەکەن ئەم بێ جەستانە لەم نا هەمواریە دەرباز بکەن و بە هانایانەوە بێن، گرنگ نیە سەرەکان دەپەڕێنرێن، گرنگ ئەوەیە دەتوانرێ ئەو سەروجەستانە بدۆزرێنەوەو بە یەکیانەوە بلکێنن و وەك و تەرمێکی تەواو لە گۆڕا بنێژرێن، ئەم کردەوانە هەروا سووك و ئاسان نایەنە دەس، ئەمانە پیاوی شیاوی خۆیان دەوێ ئەنجامیان بدات، ئەوەتا وەکو پاڵەوان، لێدوان دەدەن و بە شانازیەوە باس لەوە دەکەن کە پاش ماندوو بوونێکی زۆرو پاش ئەوەندە گەڕان و پشکنین توانیان جەستەکان بدۆزنەوە، سەرەکان ناتوانن تف

هەڵدەن بە رویانداو روو رەشی مێژوویان بکەن، ناتوانن زمان سوڕدەنو لێیان بپرسن، بۆچی ئێمەتان نەپاراست؟ زیندووەکانیش ئەو دیمەنانە دەبینن زیاتر زمانیان قوفڵ دەبێت و نایانەوێ بەو دەردەی ئەوان بچن، جەستەیەکیان بە سەری ئەژدەرەوە لکاند، کەسێ نەبوو جەستەی ئەژدەر بناسێتەوە، نەدەکرا دایەخان ببرێتە سەر ئەژدەرێکی دوولەت بوو، سەی قودرەت لە بەر خاتری عیسمەتی خوشکی بەو حالەتە رازی بوو، ئێمەش بۆمان نەبوو ورتەیەك بکەین.
پاش دۆزینەوەی نوسینەکانی ئەژدەر ئەم روداوانە دوو بارەوە بوونیان بە خۆوە دەدی، دووبارە بوونەوەی رووداوەکان، بە جیاوازی کات و شوێن، بەوە دەچێ ئەم روداوانە دوو شەڕی گەورەو بەردەوامی نێوان دوو هێزی دژ یەکی گەردوونی و کەونی بێت و تا ژیان ماوە درێژەی هەبێ، هەر چۆنێ بوو، مەراسیمی دیتنەوەو ناشتنی تەرمی ئەژدەر پاش ماوەیەکی درێژ کۆتایی پێهات، ماتەممان بۆ گێڕاو ریشمان بۆ بەردایەوەو رەنگی رەش بوو بە پۆشاکمان، ئەو رەنگەی کە هەر لە گەڵ بوونی مرۆڤەکانەوە رەواجی گەورەی هەیە، هەموو ناوەکان دەکوژرێن و سەر دەبڕدرێن و تۆڵە بە شوێن خۆیانەوە دێنن، من نازانم ئێستە باسی کێ دەکەم، باسی خۆم یا ئەژدەر، یا هەموو جیهان، یا باسی ئەولیاکان و گێتی و باسی ئەم شارە، یا تەنها هەڵوەرینی وشەیە لە بری فرمێسکی گریانێکی ئەبەدی.

14

نووسینە ترسناك و سەیرەکانی ئەژدەر لە چاوی ژێرەوەی مێزەکەیدا بوو، ئەو چاوەی کە کلیلەکەی شاردرابۆوە، ئێمە سەرەتا پرسی دایەخانمان کرد بۆ سۆراخی ئەو کلیلە، بەڵام ئەو هیچی لە بارەوە نەدەزانی، نازانم چ نهێنیەك بوو کە تەنها کلیلی ئەو چاوی مێزە بشاردرێتەوە و لە گەڵ ئەو کلیلەکانی ژوورەکە نەدرێتە دایەخان، ئەو دوو چاوەکە کلیلەکانیان بە سەرەوە بوو، وە کانتۆرەکەش بەو شبۆوەیە و هەموو شمەکەکانی بە دەقی خۆیانەوە مابوون، ئەو ژوورە بەو ژوورەی جارانی نەدەکرد، کە جار جار، لە گەڵ ئەژدەر تیای دادەنیشتین و باس و خواسمان دەگۆڕیەوە، بۆ من شتێکی دیکە بوو، شتێك لە جاران پیرۆزترو هەندێك بە سام، تەنانەت ئەو وێنانەشی کە بە دیوارەکانەوە بوون و چەند جاری تر بینیبومن، شێوەیەکی دیکەیان دەنواند، وام هەست دەکرد ئەوان دەستی ئەژدەریان گرتووەو بەرەو جیهانی خۆیانیان بردووە، وێنەکان بە رواڵەت بە پیاوانی ئایینی و پیاو چاك و وەجاغزادەکان دەچوون، لەو پیاوانە دەچوون کە دەگمەن لە ناو کۆمەڵگا هەڵدەکەوتن و هەموو سیفەت و فیکرو نیەتەکانیان لە سەر روخساریان رەنگ دەدەنەوە، هەر هەموو ریش و سمێڵی شۆڕو قژی درێژی پان و پۆڕیان بەردابۆوە، پێش ئەوەی ئەو کارەساتە روو بدات هەردەم وا بیرم دەکردەوە، رۆژێ وێنەی ئەژدەریش لە ژووری گەنجێکی وەك ئەژدەری سەردەمێکی دیکە، لە چوار چێوەی وێنەیەکی فۆتۆگرافی بەو شێوەیە هەڵواسرێ، ببێتە پێشەنگ و نموونە بۆ ئەو سەردەمە نادیارە، ئەو وێنانەی

ژوورەکەی ئەژدەر، بۆنی زەمەنێکی دێرینی بە سەر چووی تەپ و تۆزاویان لێ دەهات، بۆنێکی نا ئاسایی، کە لووتم پێیانەوە بنایە، بێگومان بووم لەوەی بۆنێك هەڵدەمژم هەرگیزاو هەرگیز لە دوای زەمەنی ئەژدەرەوە بوونی نامێنێ، چاوەڕوانی ئەوە ناکەم جارێکی تر بتوانم بۆنێکی ئاسایی روح فێنك کەرەوە بکەم، لەم جیهانە گۆڕاوە، نەشتوانم جاریکی تر بۆنی ئەژدەرێکی کە بکەم و رەسەنایەتی لێوە هەست پێ بکەم، رۆژێ بە تەنیا لە گەڵ ئەژدەر لەو ژووره دانیشتبووین، دیار بوو ئەژدەر چاودێری کردبووم کاتێ من سەرنجی ئەو وێنانەم دەدا، بە بانگ کردنێ ئاگاداری کردمەوە، پرسی:

- ئەوە چیە! بۆ وا لەو وێنانە را ماوی؟ بزەیەکم بۆ کردوو وتم:

- ئەژدەر، بە راستی سەرنج راکێشن.

من لەوە رامابووم کە دەبێ ئەمانە چۆن ژیابن و چیان لە ژیاندا دیبێ، بیرکردنەویان چۆن بووبێ و پێگەیان لە ناو کۆمەڵگاکەی خۆیان چی بووبێ، وتی:

- مەبەستت ئەمانە؟ وتم:

- نەخێر، مەبەستم ئەو مرۆڤانەیە کە لەو سەردەمە ژیاون، زەمەنی پێش ئێمەو پێش کارەباو قوتابخانەو شتە هاوچەرخەکان. وتی:

- باوەڕ ناکەم جیاوازیەکی وایان بووبێ لە گەڵ ئێمە، بە سەر سوڕمانەوە وتم:

- چۆن ئەبێ وابێ! هەستایە سەر پێ، وتی:

- بۆ نەو؟ ئەوان پێش سەدەیەك هاتوونەتە دنیاوەو پیش چارەکە سەدەیەك کۆچیان کردووە، وتی، تۆ بیهێنەوە پێش چاوی خۆت کە پاش ئەوەندە زەمەنی دیکە ئەوەندە ساڵە، دەبێ وەچەکانی ئێمە چۆن بن و چۆن لە ژیانی ئێمە بڕوانن.

ئەو قسانەی ئەژدەر ئاراستەی بیر کردنەوەی گۆڕیم، لە ئاوڕدانەوە لە دواوە هەڵی دامە سەر چاو بڕین لە روانینی نەوەکانی داهاتوو لە ئێمەومانان، دەیگووت:

- کاکە ئارام، مرۆڤەکان لە هەموو سەردەمەکان و هەموو شوێنەکان ئەو جیاوازیە گەورەیەیان نیە ، جیاوازیەکان لە ئەنجامی پەیدا بوونی ئەو کەرەستەو ئامرازانەوە دێنە کایەوە کە پەیدا دەبن و دا ئەهێنرێن، وە ئەو کەرەستانە شێوەی بیر کردنەوە دەگۆڕن.

ئەم قسانەی ئەژدەر بە لای کەسێکی وەك و منەوە گەلێ گەورەو ناواخن فراوان و پڕ مانا بوون و بە ئاسانی بۆم هەزم نەدەکرا، بەلاًم لە گەڵ ئەوانەشا هەستم دەکرد مەودای خەیاڵم بەر فراوانتر دەبوو، جوانترو وردتر دەمتوانی، یا هەوڵم دەدا، دیقەتی ژیان و روداوەکان و شتەکانی دەوروبەرم بدەم، من هەموو کات هەوڵی ئەوەم دەدا، یا خواستی ئەوەم هەبوو، ببم بە نووسەر، نووسەرێ کە بتوانم لە نوسینەکانمدا خەڵکی خۆیان بدۆزنەوەو لە بری ئەوان بێمە قسەو مەینەتی و ئاواتەکانیان بخەمە روو، رۆژێ ئەو رازەم بۆ ئەژدەر درکاند، وتم:

- کاك ئەژدەر دەزانی حەزم لێیە ببم بە رۆمان نووس، یاخود چیرۆك نووس. وتی:

- بۆ؟ وتم:

- تا ئەو کەسانە زیندوو بکەمەوەکە دەستیان هەبووە لە جوانکردنی ژیان و جودایان بکەمەوە لەوانەی هەوڵیانداوە ژیان نابووت و ریسوا بکەن. وتی:

- دەکرێ ببیتە ئەورۆمان نووسەی دەتەوێ، بەلاًم گەر بتوانی ببیتە پاڵەوانی رۆمانی رۆمان نوسێکی دیکە، یا بابەتی نوسەرێکی دیکە، باشترە، چونکە هەردەم پاڵەوانەکان،

له رۆمان نووسەکان مەزنترن و بابەتی نوسینەکان، له نوسەرەکان بلیمەتترن،لە بەر ئەوەی بابەت و پاڵەوانەکانن جلەوی نووسەرو رۆمان نوسەکانیان بە دەستەوەیە، نەك بە پێچەوانەوە، ئەوان لە خاوەنەکانیان مەزنترن، بۆیە دەنوسرێنەوە، وتی، هەوڵدە ببیتە پاڵەوان ، ببیتە بابەت، ببە بەوەی کە ژیان جوان دەکات و رووەو ئەوانە دەوەستێ کە دەیانەوێ ژیان بتاسێنن.
من سەرەتا ئەم قسانەم بە هەند وەرنەگرت سەبارەت بە جیهانی نوسینەوە، کاتێ کە ئەژدەر نەماو دایەخان داوای لێکردم کە بچمە ژووری کورە جانە مەرگەکەیەوە و ئەو شتانەم چنگ کەوت، لە چاوی ژێرەوەی مێزەکەی، بوونە هۆی ئەوەی دەسکەم بە نوسینەوەی ئەم سەر بوردانە، بۆم دەرکەوت کە قسەکانی راست بوون، ئەوەتا من ماوم و ژیان و بە سەرهاتی ئەوانەتان بۆ دەگێرمەوە کە ناچاریان کردم دەربارەیان شتێك بڵێم، ئەوەتا بابەتێ لە من بلیمەتترەو پاڵوانەکانی ئەم نوسینە لەمن مەزنترن.
کە نووسینەکانی ئەژدەرم پێش چاو کەوت، ویستم لە گەڵ خۆم بیانبەمەوە، بەڵام سەهاك رازی نەبوو، وتی:
- ئەوەی دەتەوێ بیکەی هەر لەم ژوورە کۆتایی پێ بێنە، با ئەم نهێنیانە نەکەونە دەرەوەی پیرۆزی ئەم ماڵە.
لە کاتی روودانی ئەم شتانە هێشتا من بڕیاری هیچم نەدابوو، ئەو رەفتارەی سەهاکیش بە لامەوە شتێکی نامۆ نەبوو، چونکە سەهاك خۆی کەسێکی جیاواز بوو، هەندێ خەسڵەتی تایبەتی خۆی هەبوو، کاتی مامەڵە کردن لە گەڵ کەسێکا توندو بڕیاردەرانە دەهاتە گۆ، یا رەشی دەگوت یا سپی، منیش بەو شێوەیە دڵیم نەدەشکاندو رەشی بویستایە دەبوومە رەش و نەشیویستایە دەبوومەوە سپی، بۆیە هەر لەوێ چاوێکم بە کاغەزەکاندا گێرا، سەرەتا وامزانی ویستویەتی چیرۆکێ بنوسێ، کە هەرگیز نەمبیستبوو ئەژدەر هەوڵێکی لەو جۆرە بدات، بەڵام پاش ماوەیەك و چەند جارێك خوێندنەوەی ئەو نوسینانەی، بۆم روون بۆوە کە باسی کەسانێ دەکات لەم کاتەی خۆی مەزنتر هاتوونەتە پێش چاوی، بەڵام کە جوانترو وردتر سەرنجی نوسینەکانیمدا، تەماشا ئەکەم ئاماژە بە خۆی دەکات، ئەو پاڵەوانانەی ئەو باسیان لێوە دەکات هی زەمەنێکی گەلێك دوورن و خۆیشی کەسێکی دووبارە بووەوەی ناو ئەو بە سەرهاتی مێژوویە، سەیرە کە کەسێ بتوانێ باسی خۆی بکا لە دوو توێ ی چیرۆکێ، یا رۆمانێ، لە دوو شوێنی جیاواز بوونی بووبێ، لە دوو زەمەنی گەلێ لە یەکتر دوور.



ئەو رۆژەی ئەو سەرە بێ جەستانەیان لە شوێنێکدا دۆزیەوە، شتێکی گەلێ سامناك بوو، پۆلیسێك گێڕابوویەوە کە چۆن نەیتوانیوە چی دی سەیری ئەو دیمەنانە بکات و هەر لەو رۆژەوە وازی لە کارەکەی هێنابوو وەکو پۆلیسێك، وتبووی:

- من کەسێکم نەدیوە لە برسا مردبێ، لەت لەت و ئەنجن ئەنجنمکەن، جارێکی کە نابمەوە پیاوی دەوڵەت و نابمە بەشێك لە یاری سیاسی لایەنەکان و نایەڵم کەسێ رۆژێ لە رۆژان سەری بێ جەستەم لە کەندەلانێ، لە ناو چڵپاوو زبڵدانێ بدۆزێتەوە.

ئەو پۆلیسە سەری ئەژدەری ناسیبۆوە، لە منداڵی لە قوتابخانە بە یەکەوە خوێندبوویان،کاتێ کە باسی گواستنەوەی ئەو سەرە بێ جەستانەی گێڕابووەوە، هەمان ئەو دیمەنی سەری ئاسکانەم بیر کەوتەوەکە ئەژدەر لە چامەکانیدا ئیشارەی پێ دابوو، کە ئێوەت بە بێ جەستە دەیاندۆزێتەوەو دەیانباتەوە پێش یارانی، ئەوە دەبێتە سەرەتای خاکوێرانی و بە دوو کەوتنی ئەو هاویارانە لە لایەن وەیسەو هاوڕێ نامۆو نەناسیاوەکانیەوە، کە بە کێشیانی کردبوو بۆ سوتانی خاك و ئاوو گوڵ و کولتورو هەموو کتێبە پیرۆزو جوانەکان و ئەوانەی تا ئێستاش مێژوویەك و زێدێك و خاوەن زێدێك سەر دەپەڕێنن و هەرچی جوان هەیە دەیشێوێنن و هەموو شتە بودەڵەو قێزەونەکانی خۆیان بەرزو پیرۆزو قەشەنگ بە کار دەبەن.

کاتێ لە گەڵ سەهاك ئەو دەسنووسە زۆر بە نهێنی نوسراوانەی ئەژدەرمان دەسکەوت و لە گەڵ خوێندنەوەی تاس دەیبردینەوە، تووشی سەر سوڕمان دەبووین، کێ دەیوت! ئەژدەر توانای ئەوەندە نوسینەی هەیە؛ کێ دەیزانی ئەو کوڕە گەنج و ناسکە، دەتوانێ ئەوەندە ئازارە لە خۆی بار بکات و بێ درکاندنی وشەیەك لە گەڵیاندا بژی، بەو شێوە چیرۆك ئاسایە بیانگێڕێتەوە و وەك و سیمفۆنیایەکی سەرەتای مەرگ بە گوێی خۆدا بچرپێنێ و بەو شێوەیە بۆ پاش خۆی جێ بێڵێ، سەهاك پێی گوتم:

- ئارام گیان، ئێمە دەتوانین چی بکەین لە گەڵ ئەم هەموو وشانە؟ ئەم هەموو سەرهاتانە.. گوتی، من لەم کارە دەترسێم و ئەوەی ئەژدەر کردویەتی هی خۆی نیە، ئەمە پەیامەو بۆی رەوانە کراوە، یاخود ئەهریمەنەکان چرپاندویانە بە گوێیدا، ئەم کوڕە وا ئەم شتانەی باس کردووە، وەکو بڵێی خۆی تێیدا ژیاوە. وتم:

- کاك سەهاك، چۆن دەکرێ وابێ! کەس نازانێ ئەو باسی کەی دەکات، ئەو شتانەی ئەو ئامازەیان پێ دەکا دوور نیە زیاتر لە هەزار ساڵی بە سەرا تێپەڕیبێ.

سەهاك، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشاو وتی:

- ئەمە جیاوازی تۆو ئەژدەرە، ئەژدەر چی نیە جگە لە ئاهووەوان، یا دارەوان و با تەمبوورژەن و باڵندەوان، دوور نیە ئاسکێ بووبێ لەو ئاسکانەی کە سەرەکانیان بێ جەستە دەدۆزرێنەوەو وەیسەو هاوڕێ وەحشیەکانی تا ئێستا بە دوویەوە بن و لە هەموو چاخەکان سەری ئەژدەر لە جەستەی جیا دەکەنەوە.

ئەو رۆژە خوێندنەوەی نوسینەکانمان پێ تەواو نەکرا، سەهاك تەمبوورەکەی گرت بە دەستەوەو دەستی کرد بە تەمبوور ژەنین، بۆ یەکەم جارم بوو ژەنینی وام گوێ لێ بێ، بە سۆزوو کاراماییەکەوە دەیژەنی کە چی کەمتر نەبوو لەو نوسینانەی ئەژدەر، وام هەست دەکرد ئەمانە کەی سەریان گەرم بێ بالاترین داهێنان لە بوارێکدا دەخوڵقێنن، ئەمانە کەسانی بێدەنگ و بێ رەنگ بوون، شارەکەمان گەلێ هونەرمەند و نوسەری تێدایە، بەڵام لەم شێوەیەیانم هەرگیز نەدیبوو، هەندێ کەس هەن هەر بە زگماك شتی جوان و ناشرین لێك جودا دەکەنەوە، من ئەو شتەم تا رادەیەك لە خۆم بەدی دەکرد، من زوو هەستم بە نوسینەکانی ئەژدەر کرد، وا بە جوانی دەیانوسمەوەو با بچنە خانەی تۆز لێنان و وەکو چەندین نوسینی بە بەهای نەناسراوی دیکە فەرامۆش بکرێت و لە م چاخە لە خۆباییە بە نوستوویی لە سەر رەفەکان راکشێ و نەوەیەکی زیت و زیندوو لە چاخێکی کە بە

ئاگای بێنەوە، نوسینەکانی ئەژدەر بەرچاویەکی روونی پێدام و دەمامکی دزەکانی هەڵماڵی، ئەوانەی کە هەموو ژیانی من و ئەژدەرو ئێوەشیان لە سەرەتای بوونەوە لێڵ و لێخن کردووەو بەرەو هەڵدێرمان دەبەن، لە پۆشاکی خۆمانیان داماڵیوەو هەر رۆژەی پۆشاکێ بە بەرمان دەدوورن، ئەوە تەنها سەری ئەژدەر نەبوو لە تورەکە نرابوو، ئەوە تەنها سەری ئاسکەکان نەبوون، دزە برسیەکان، خوێنیانیان رشت، ئەوانە سەری تۆ بوون، سەری پشتاو پشتی تۆ بوون، بە ناهەق لە جەستەکانیان جیا کرانەوە، ئەو تەمبوورەش تەنها تەمبوورەکەی تەمبوورژەن نەبوو، وردو خاش کرا، ئەوە زمانی تۆ بوو.

16

ئەو پۆلیسەی کە بە دیتنی دیمەنی ئەو سەرانە تووشی شۆك بوو بوو، بەگوێی خەڵکا چپاندبووی کە سەری ئەژدەری لە نێو ئەو کۆمەڵە سەرە ناسیوەتەوە، سەرەتا ئەو هەواڵەم لە خوشکەکەمەوە بیست، تەواو بێواز بووم و خەریك بوو ببورێمەوە، کاتێ خوشکەکەم منی بەو شێوەیە بینی ئەو لە من زیاتر حەپەساو بە پەلە تۆزێ ئاوی بۆ هێنام، هەندێکی بە دەم و چاومدا پرژاند و پەرداخەکەی بەرەولای دەمم درێژ کرد، کاتێ ئەو هەموو نیگەرانیەم لەودا بەدی کرد، وزەیەکم دایەوە بەر خۆم ، لەوە ترسام لە حەژمەتی من شتێکی بە سەر بێ، کاتێ پشویەکم خواردەوە، لێم پرسی کە ئەو هەواڵەی لە کوێوە دەسکەوتووە، لە ئەنجامدا بۆم دەرکەوت کە سەرچاوەی ئەو خەبەرە جەرگبڕە ئەو کوڕە پۆلیسەیە کە لە کۆڵانەکەی خۆماندا بوو، بە پەلە بەرەو ماڵی ئەوان بە رێکەوتم، کاتێ گەیشتمە پێش دەرگاکەیان، دیار بوو میوانێکی زۆریان هەبوو، هاتبوون بۆ هە واڵ پرسینی، کە لە ئەنجامی دیتنی ئەو دیمەنە سامناکانە باری دەروونی تێك چووبوو، بەو شێوەیە هیچ زانیاریەکی تەواوم چنگ نەکەوت، بە نیازی گەڕانەوە کەوتمەوە رێ، ئەو ژنانەی لە پێش دەرگا وەستابوون باسی ئەو پۆلیسەیان دەکرد، یەکێکیان وتی:

ـ بەستە زمانە چی لە دنیا دیوە. یەکێ دیکە هەڵی دایەو وتی:

ـ دەڵێن گوایە یەکێ لەو سەرانە هی کوڕەکەی عیسمەت خانە.

بەوەی دەکرد ئەو دەنگۆیە تەواو بڵاو بووبێتەوە، رێگای ماڵی خۆمانم گۆڕی بەرەو لای ماڵی دایەخان، زۆر دەترسام ئەو هەواڵە بەر گوێی دایەخان کەوتبێت، ئەویش شتێکی لێ بە سەر بێت.

کۆڵانەکە وەکو جاران دەگوزەرا، وەك ئەوەی هیچ شتێك رووی نەدابێ، جۆگەی چڵپاوی ماڵەکان هەر رێی دەکرد، پشیلە، بەو ناوەداو بە سەر دیواری ماڵاندا بازیان دەداو منالان ژاوە ژاویان بوو، دایکێ منداڵەکەی بانگ دەکردو ئەحەش لەسەربان بە دەم فیکە کێشانەوە خەریکی کۆتربازی خۆی بوو، دوو سێ منداڵ کەوتبوونە دووی توتکێك، دەنگی هۆڕنی سەیارەی غازەکە رایچڵەکاندم، پێش ئەوەی بگەمە ماڵی دایەخان، تووشی یەڵماز بووم، ئەو یەڵمازەی ناوەکەیان لە گەڵ ناوی مندا گۆڕیبووەوە، بەڵام ئەو ماوەیەك بوو بوبووەوە بە یەڵماز، لەو کاتەوەی کە خوشکێکی شوو بە پورزایەکی خۆی ئەکات و ئەویش

ئەندامێکی توندڕەوی حزبێکی شۆفینی ئەبێ، زاوای زێڕین وای لێ کردبوون کە بە یەڵماز بانگی بکەن، هەر لەو ناونانە تازەیەوە، یەڵمازی تورکمان، هێندە مەیلی جارانی بۆ ئێمەومانان نەماو جار جارێك کە توشمان دەبوو، سڵاوێکی ساردی لێ دەکردین، من نازانم گەر باوکمانیش بمابان، بە تایبەتی باوکی یەڵمازی تورکمان، هەمان رەفتاری دەنواند؟ یاخود باکی ئەو شتانەی نەدەبوو، نەك حزبێك، ئەتا تورك خۆیشی زیندوو بایەتەوە بە باوکمی نەدەگۆڕیەوە، لێم نزیك کەوتەوەو لێی پرسیم:

- بۆ کوێ ئەچم؟ گوتم:

- تا ماڵی ئەژدەر. ئەویش ئەژدەری باش دەناسی، کەوتمەوە رێ، ئەویش بە تەکم کەوت، پێم سەیر بوو وا هاوشانم رێ ئەکا، لیم پرسی:

- بۆکوێ؟ وتی:

- منیش لە گەڵ تۆیا دێم، ئەوەی تۆ بیستووتە منیش شتێکم لە بارەوە بیستووە؟

تەماشایەکی پڕگومان و پرسیارم کرد،ئەویش بە هەمان ئاماژەی چاو وەڵامێکی بێدەنگی دامەوە، کە هیچ کەسێکمان کاتەکەمان بە گونجاو نەدەزانی لەو بارەوە قسەی تیا بکەین، کاتێ لە ماڵەکە نزیك کەوتینەوە، سەی قودرەتی خاڵۆی ئەژدەر، بەرەو رووەمان بۆوە، بێ ئەوەی قسەیەك بکات، لە رۆیشتنی خۆی بەردەوام بوو، زانیمان کە ئەویش ئەو هەواڵەی بیستووە، بێ دەنگ لە گەڵیا کەوتینە رێ، تەکسیەکی گرت بەرەو نەخۆشخانە، بۆ ئەو شوێنەی کە تەرمی مردووەکانی لێ تەسلیم دەکرێ و بە عەرەبی پێی دەڵێن( توبل عەدلی )، سەی فودرەت چووە ژورەوە، ئێمە لە دەرەوە چاوەڕوان بووین، ئەوەندەی پێ نەچوو یەکێ لە کارمەندەکانی ئەو شوێنە هاتە دەرەوەو پرسی:

- ئارام کێیە با بێتە ژوورەوە.

یەڵمازیش لە گەڵما کەوتە رێ، کە چووینە ژوورەوە وێنەیەك بە دەستی کابرای کارمەند بوو لە ژورەوە، سەی قودرەت لێی وەرگرت و بەرەو لای من درێژی کرد، وتی:

- ئارام من چاوم تەواو نیە بزانە ئەم وێنەیە دەناسیتەوە؟

سەیرم پێهات کە وتی چاوم تەواو نیە، کە دیقەتی چاویمدا چاوی پڕ ئاو بوو، تەماشایەکی وێنەکەم کرد وێنەی ئەژدەر بوو، حەپەسام، بە پەلە وێنەکەم گەڕاندەوە بۆ کارمەندەکەو رووم وەرگێڕا بچمە دەرەوە، پشتم لێ کرد بۆ ئەوەی ئەو گریانە پەنگ خواردووەوەم هەست پێنەکەن، بەڵام بێ سوود بوو، کارمەندەکە بانگی کردم، چاوەڕوانی وەڵامی لێم دەکرد، سەی قودرەت قۆڵی راکێشام و رووی تێ کردم و دەستی کردە ملم و باوەشی لێدام، هەردوو دامانە پڕمەی گریان، کارمەندەکە دەستی نایە سەر شانی هەردوکمان و وتی:

- بە راستی هاوبەشی خەمتانین، داوای لێبوردن ئەکەم، کە ئەم وێنە جەرگ بڕەتان نیشان ئەدەم، بەڵام چی بکەم ئەمە کاری منە.

سەی قودرەت چاوەکانی سڕتەوەو وتی:

- باشە ئێستا تەرمەکەی لە کوێیە؟

من تا ئەو کاتە وامزانی سەی قودرەت ئاگاداری ئەوەیە کە ئەمە تەنها سەریەتی، بەڵام وا دیار بوو ئاگای لەو کارەساتە نەبوو. کارمەندەکە وتی: - قوربان.. من پێش کەوتم و سەی قودرەتم رازی کرد کە دەرچێتە دەرەوەو گەڕامەوە بۆ لای کارمەندەکە، وتم:

- بەرێز بەوە دەکا ئەو نەزانێ ئەمە تەنها وێنەی سەرێکی بێ جەستەیە، وایە؟ ئەمە وێنەی سەری بێ جەستەیە، وا نیە؟ من وام بیستووە. وتی- تۆ چی ئەوان ئەبی؟ وتم:

ـ من برادەری رەحمەتیم. وتی:
ـ بە داخەوە ئەمە تەنها وێنەی سەرێکی بێ جەستەیە، داوای لێ بوردن ئەکەم منیش لەم کارە وەڕس بووم و نازانم ئەمە چ جۆرە نانێکە من دەیخۆم، وا دیارە ئەو خوایە سزام دەدا، ئەگینا ئەمە چ کارێکە من تووشی هاتووم، ئەوانەی روو لەم شوێنە دەکەن تەنها کۆس کەوتووەکانن، ئەوان کە جەرگیان سوتاوەو ئازیزێك ون دەکەن. وتی، بەڵێ، ئەمە تەنها وێنەی سەری قوربانییەکە، نا، هێشتا جەستەکان نەدۆزراونەتەوە، کەی جەستەکان دۆزرانەوە، ئاگادارتان دەکەینەوە:
ـ ئەو کارمەندەی هاتە دەرەوەو منی بانگ کرد، لە گەڵ دوو کەسی دیکە هاتەوە، داوای وێنەی سەرەکەی کرد، ئەمیش هەندێ وێنەی دەرهێناو نیشانی ئەو دوو کەسەی دا، کە دیار بوو وەك و ئێمە هاتبوون بۆ ناسینەوەی سەری قوربانییەکی خۆیان، قوربانییەکەی خۆیان ناسیەوە، لێیانی پرسی: قوربانیەکەتان ناوی چیە؟ یەکێکیان کە دیار بوو وەکو من هاورێیان بوو، یا خزمێك، کە وەکو ئەوەکەی دیکە شپرزەو گێژ نە بوو بوو، وەڵامی دایەوەو وتی:
ـ ناوی بەشارە، بەشار لۆقا. کە دیار بوو لە برا مەسیحیەکان بوو، کە هەمیشە لە ئازار چەشتنا بوون، بە درێژایی مێژوو جیاوازییەکی ئەو تۆیان لە گەڵ ئێمە نەبوو، من بە خەیاڵی ئەوەی کە دەرچوومە دەرەوە چی وەڵامی سەی قودرەت بدەمەوە، لە بارەی ئەوەی کە کەی تەرمەکەی ئەژدەرمان تەسلیم دەکەنەوە، سەی قودرەت بە دوای هاتنە ژوورەوەی یەڵماز ئەویش هاتە ژوورەوەو پرسی:
ـ ها کەی تەرمەکەمان دەدەنەوە؟ بە زۆر لە گەڵ خۆمان بردمانە دەرەوە ، لەم ماوەیە خزم و کەسێکی زۆری ئەژدەر کۆ بوبوونەوە، کە ئەو خەڵکەم بینی وام بە بیردا هات کە ئێستە راستی بۆ هەموو دەرئەکەوێ و هەواڵەکە دەگاتەوە گوێی دایەخانیش، بۆیە بە سەی قودرەتم وت:
ـ سەید، ئێمە پشتمان بە تۆ قایمەو ئەبێ بەرگەی هەموو شتێ بگری. لە خەڵکەکەم دوور خستەوەو راستی مەسەلەکەم بۆی روون کردەوە، سەرەتا خەریك بوو تێکچێ، بەڵام توند راموەشاندوو وتم:
ـ سەید، دایکی رەحمەتی بێنەوە بیر خۆت، گەر بەم هەواڵە بزانێ چی بە سەردێ؟ تەماشایەکی کردم وەکو بڵێ ئەوەتا بە ئاگام و گوێت لێ ئەگرم، وتم: ئەبێ ئەوخەڵکە هیچ لەم بارەیەوە نەزانن، پێویستە پێیان بڵێی ئەوە تەرمی ئەو نییەو هێشتا نەماندۆزیوەتەوە.
سەی قودرەت گوڕێکی دایەوە بەر خۆی و سەری رەزامەندی بۆ راوەشاندم و چووەوە ناو کەس و کارەکەی، هەندێ قسەی بۆ کردن و پاشان، وردە، وردە، ئەو ناوەیان جێ هێشت.

17

هەر چۆنێ بوو ئەو کارەساتە بوو بە واقیعێك و بە سەرهەموماندا سەپێنرا، تا دەگاتە تاتە عیسمەتی سەی قودرەت و دایەخانی من، بەرگێك بوو بە بەرمان دووراو بە زەحمەت

پۆشیمان و هەردەم لە هەراسانیا بووین، یەڵمازی تورکمان، لەو رۆژە بە دواوە چی دیکەجێی نەهێشتین، وتی:- جارێکی تر کەس پێم نەڵێ یەڵماز، ئێ خۆمن ناوم شوانە، چیە؟ لە بیرتان چووە؟ من ناوم شوانە.
نەماندەزانی ئەو گۆڕانە کوت و پڕیە چی بوو بە سەر یلمازی بە ئەسڵ شواندا هاتبوو، من وامزانی ئەوە تەنها گۆڕینی هەڵوێستی خۆیەتی، بەڵام پاشان بۆم دەرکەوت کە هەموو خوشك و براو دایکیشی هەمان گۆڕانیان بە سەردا هاتووەو بوونەتەوە هاوڵاتیەکی دڵپاکی جاری جارانی شارەکە، لەو هاوڵاتیە دەم و دەس سپیانەی کە هەرگیزاو هەرگیز نایانەوێ کینەیەکیان بەرامبەر کەسێك و پێکهاتەیەکی دیکەی شارەکە هەبێ، براکەی کە لە خۆی گەورەتر بوو، رۆژێ پێکەوە بینیمانی، وتی:
- یەڵماز گیان، کە مەبەستی من بوو، وتی، ئێمە هەروا بووین، ئەوانەی پێش چەند ساڵ و پێش بوونی ئێمە رویانداوە، هەموو هۆکەی سیاسەت بووە، ئێمە سیاسەت بە نەعلەت دەکەین و خەڵکە ئازیزەکانی شارەکەمان رێز لێ دەگرین، ئێمە ئاوا جوانین، هیچ شیوەیەکی دیکە لە ئێمە جوان نیە، تکاتان لێ ئەکەم، نەك هەر خۆتان، نەوەکانتانیش بەو شێوەیە پەروەردە کەن.
ئەو ماڵە هەر هەموو بە خاو خێزانەوە لە پرسەکەی جوانە مەرگ بەشدار بوون، بە بەردەوام ئامادە بوون و پێشوازییان لە میوانان دەکردوو خزمەتی تازیەکەیان دەکرد، گەرم و گورترین تازیەی ژنان، ئەو تازیەیە بوو کە دایکی شوانی تورکمان تیایدا دەیلاواندەوە، وە باشترین کەسێك بوو بۆ لاواندنەوە، دڵی بەردی دەکرد بە ئاوو چۆڕ، چۆڕ، بە چاواندا دەیرژاند، ئەم شیوەن گێران و لاواندنەوەیەی لە دایك و داپیرەو داپیرە گەورەیەوە بۆ بە جێ مابوو، لەوانەوە فێری شین گێڕان بوو بوو، وە گرنگترین قوتابخانەشیان حوسێنیەکان بوو، کە لە کاتی مانگی موحەرەم شیوەنیان بۆ ئەو شەهیدانە دەگێڕاو خۆیاندەکوشت و چیرۆکی دەشتی کەربەلایان دەهۆنیەوەو هەموو خەڵکیان شەیدای بیستنی دەنگی خۆیان دەکرد، من هەر زوو لە زاری ئەندامانی خێزانەکەمەوە باسی ماڵی شوانم بۆ کرابوو، دەمزانی کە چەند جەزرەبەو ئازاریان بە دەستی رژێمی دیکتاتۆرەوە چەشتبوو، نەك تەنیا ئەوان، بەڵکو سەدانی وەکو ئەوان، لە ماڵ و حاڵی خۆیان دامالرابوون و خانوویان لە گەڵ زەوی تەخت کرابوو، هەر جارەو بە بەهانەی کارێکەوە، کە گوایە لە خزمەتی گشتیدایە، ماڵی باپیری، خاوەن چەندین هەزار زەوی نیشتەجێ بوون و لێیان زەوت کرابوو، وە تا ئێستاشی لە گەڵدا بێ چەندین ساڵ بە سەر لە ناوچوونی دیکتاتۆردا تێپەڕیوە، ئەو مافانەیان نەگێڕدراوەتەوەو ئەمانیش بە تەما دەژین، باسی کلۆڵی ئەم شارە بە هیچ نەچووە، نابڕێتەوە، گەر بمانەوێ بەو باسانەوە خۆمان خەریك بکەین، مەگەر پارەو پولێکی زۆر بە پێنووس و تێنووس بدەین، هەر لە کلۆڵی کورد، تا دەگاتە تورکمانە بە عەرب کراوەکان و بگرە تا مەسیحێکان و ئەو جولەکانەش کە سالەەهای ساڵ بوو لەم شارە گوزەرا بوون و هەموو خاك بە دەر کران و نێردرانەوە بۆ وڵاتی یەهودییان، جگە لە شوێنەکان و هەندێ ناو لە یادەوەری و زاکیرەی هامڕاو هاوسەردەمەکانی خۆیان، چی دیکەیان لە پاش جێ نەماوە، ئەوساو ئێستاش، ئەو زەمەنەش کە ئەژدەر لە چامەکاندا باسیان دەکات و کەس نازانێ هی چ سەردەمانێکە، خەڵك دەکوژرێن و کەلتوور دەسڕدرێتەوەو شوێنەوار کاول دەکرێن و ناو دەگۆڕدرێ، ماڵ و حاڵ و شەرەفی خەڵکان بە تاڵان براوەو ئێستاش هەر دەبردرێ، وا سەری ئەژدەرو سەری مەسیحیەك لە نێو کۆمەڵێ سەر دۆزرانەوە، ئەژدەریەکان و مەسیحیەکان و کوردەکان و

هەموو جیاوازەکان دەکوژرێن ، بەڵێ، ئەو برادەرە راستی دەگووت، ئەم وڵاتە وڵاتی کەمینە نیە، ئێرە وەکو دارستان، بە هێزەکان، بێ هێزەکان، لووش دەدەن و بێ باکانە بە خوێن و گۆشتیان گەمە دەکەن و وەك بڵێی شتێکی نا ئاساییان نەکردبێ و چ گوناهو تاوانێکیان ئەنجام نەدابێ، چ پەروەردگارێکیش بوونی نەبێت و چاوی پێیانەوە نەبێت، ئای لەم خەڵکە دوو فاقە، وای لەم دڕندە بێ بەزەییانە، من بە ترس و لەرزو دڵەڕاوکەوە ئەم شتانەتان بۆ دەنووسم، نووسینی ئەم شتانە، لەوانەیە یاساغ بێت و وتنی راستیەکانیش، یاساغ بن و سەرم بە دەردی سەری ئەژدەر بچێ. گەلێك رێکخراوو کۆمەڵی مەدەنی و سەنتەروو بنکەی رۆشنبیری و چەندین بڵاو کراوەو میدیا، پاش دیکتاتۆر سەریان هەڵداوە، تا ئێستاش بەردەوامن، بە چەندین بەهانەوپاساوی جۆراو جۆر، سەروەت و سامانی خەڵك بە فیرۆ دەدرێن، پارە رژان لەم وڵاتە لە لایەن پارتەکانەوە سەرەکیترین کارەو پیرۆزترین کاریانە، تا بتوانن کوڕی بارەگاکان و پیاوەسمێڵ بابڕەکانیان و ورگ زلە کانیان پێ تێرو رازی بکەن، تا سەری خۆیان بەرەو پارتێکی تر هەڵ نەگرن و لە ریزی ئەمان دەرچن، بەڵام یەك تۆز لەو پارە یەیان لە رێی بڵاو کردنەوەی خۆشەویستی و تەبایی و یەکتر قبوڵ کردن، خەرج نەدەکرد، رێکخراوێ، سەنتەرێ رۆشنبیری، هیچ دام و دەزگایەکمان نەدی لە پرۆگرامەکەیا خۆشەویستی بنچینەی کارەکانیان بێت، گەورەترین کێماس و ناشرینی لەم وڵات و خەڵکی ئەم وڵاتە، نەبوونی خۆشەویستی و دادپەروەریە،گەر ئێمە لە خۆشەویستی بێبەش نەبووینایە، دەمانتوانی وەکو مرۆڤی ئاسایی بژین، دەمانتوانی بێ خوێنڕشتن و مل قرتاندن، درێژە بە ژیانێکی ئاسودە بدەین، گەلێ بۆ پێناسەی خۆشەویستی عەوداڵ بووم، هەرگیز پێناسەیەکی تەواوم چنگ نەکەوتووە، بەڵام کوا پێناسەی خۆشەویستی هەیە؟ چ پێناسەیەك دەتوانێ ئەو وشە مەزن و گەورەیە بخاتە چوارچێوەی خۆیەوە، مەگەر چەند مرۆڤ لە سەر زەوی هەن ئەوەندە پێناسەی بۆ بکرێ، گەر هەموو پێناسەکان کۆ بکرێنەوەو بخرێنە دوو تویی کتێبێکەوە، دەبێ ئەو کتێبە هەند گەورە بێت لە هەموو گێتی شوێنی نەبێتەوە، کە کردتەوە نەتوانی دایخەیتەوە، کە داتخستەوە هەر هەموو گەردوون بە پەروەردگارو فریشتەکانیشەوە لە تویی خۆیدا بشارێتەوەو ون بن تیایدا.

جەمعی مرۆڤایەتی پێویستیان بە نووسینەوەی کتێبێکی وا گەورەیە، سەبارەت بە خۆشەویستی، کتێبێ کە بتوانێ سەر لە نوێ چیرۆکی بەنی ئادەمیان دارێژێتەوەو خوێنی رژاوی یەکەم کوژراو بگێڕێتەوە جەستەو ئەو تاوانی کوشتنە لە سەرچاوەوە بسڕێتەوە، جا ئەمە چۆن ئەکرێ؟ ئەم پرسیارانە چۆن وەڵام ئەدرێنەوە؟ ئەژدەر دەیوت هیچ وەڵامێك نیە، دەیگووت، ئێمە گەمەیەکی گەورەی ئەم گەردوونەین، گەمەش دۆڕاندن و بردنەوەو سەرکەوتن و نوشستیەو هەردەم رکە بەرایەتی و کێبڕکێیە، دەیگووت، ئەم شەڕە شەڕی نیوان کتێبەکانە، کتێبەکان خۆشەویستییان بڕیوەتەوە، کتێبەکانیش خۆیان بە خاوەن و خولقێنەری خۆشەویستی دەزانن، ئێمە لە دایك بووی تویی کتێبەکانین، ئەوکات کۆیلە بووین کە توانیمان دەس بە خوێندنەوە بکەین و کتێب بنوسینەوە، رۆژێ چیرۆکێکی پێکەنیناوی بۆ گێڕامەوە ، وتی، گوندێك خوێندەواری تیا نابێ، گوندێکی دوورە دەست، نەوڵات ئاگاداری بوونی ئەوان بوو، نە ئەوان ئاگاداری بوونی حکومەت و دەوڵەت بوون، ژیانێکی ئاسودەو بەختەوەر دەژیان، کاتێ حکومەت و دەوڵەت لێیان خەبەردار ئەبێتەوە، نوسراوێکیان ئاراستە دەکا، کە تیایدا داوای باج و سەرانەو جیزیەی دەکرد، ئەوانیش وەکو تابلۆیەك تەماشای نوسراوەکە دەکەن و بە بۆچوونی خۆیان لێکی دەدەنەوە، کە

هێڵی پیتەکان ئاماژەیە بە داروو نوختەکانیش پشقل، بۆیە بارە دارو بارە پشقل رەوانەی حکومەت دەکەن بۆ ئەوەی لە سەرماو سۆڵەی زستان خۆی بپارێزێ.
لەو رۆژەوەی سەی قودرەت، سەری براوی ئەژدەری بینی، لە کابرایەکی ئیمانداراوە، وەرگەڕایە سەر کەسێکی بێ بڕوا، گەڕایەوە چاخی گەنجی و ژیانی عەبەسیەت و هەموو شتە موقەدەسەکانی تورِ هەڵدا، دەیگووت:
ـ ئەو کات مرۆڤ ئاسوودە دەبێ کە کتێبەکان یەك بابەت باس بکەن و یەك مرۆڤ بیاننوسێتەوەو هەموو مرۆڤەکان بە یەك زمان بدوێن و وەکو دارو درەخت لە سروشتەوە بڕوێن و جیاوازی رەگەزی نێرو مێ نەبێت و هەر هەموو نێر بن یاخود مێ، گووتی من جارێکی تر مل کەچ و دروست ناژێم و لەو یاسای ژیانە یاخی دەبم، ئەو یاسایەی کە هەرگیز نایەوێت ئارامی لە گەردووندا بەر قەرار بێت، دەیگووت ژیان چیەو مردن چی؟ یا بەردەوام بژین یاخوود بوونمان لە بنیا ببڕێتەوەو لەم شەڕو رکە بەرایەتیە ئەزەلیە قورتارمان بێت، تاکەی من یاریکەرێکی سەیروو سەمەرەی گەردوون بم و ژیان بە ئارەزووی خۆیم لە گەڵ بکات من لەو قەدەرانە یاخی دەبم و خۆم نەخشەی ژیانی خۆم دەکێشم.

18

دڵم تەنگەو دەمەوێ دەرچمە دەرەوە، لەم وەزعەی خۆم وەڕس بووم، وا دەرگای حەوشەکەمان دەکەمەوە، دەمەوێ یەکەم پێ بوەشێنم، خوشکەکەم دەڵێ:
ـ پێی راست بوەشێنە، بڕۆ منیش ئاو بە شوێنتا دەڕژێنم.
یەکەم هەنگاو دەنێم، ئەو پێکەی ترم بە شوێنما نایەت، دەگەڕێمەوە ژوورەوەو هەموو جلەکانم دەگۆڕم، دیسان دادەنیشم وبە دان نینۆکەکانی خۆم دەقرتێنم، تەماشای ئاوێنە دەکەم، خۆم دەترسێنم، دەڕۆمە دەرەوەی ژوورەکەم، دەچمە ئاودەسەکە، دوو دڵۆپ میز دەکەم، دەر ئەچم، دەستەکانم ئەشۆم، ئەی چی بکەم؟ گەر رۆژی بیست جار، نەچمە ئاودەس و بیست جار، دەستەکانم نەشۆم، بیست جار تەماشای خۆم نەکەم لە ئاوێنەو سەد جار نەچمە حەوشەکەو بگەڕێمەوە ژوورەکەم.
ئاگام لێیە خوشکەکەم چاودێریم دەکا، منداڵەکانی لێی ئەپرسن:
ـ خاڵۆ یلماز چیەتی؟ ئەویش بە تورەیی وەلامیان دەداتەوە:
ـ چیەتی؟ یانی چیەتی؟ هیچی نیە.. چی کردووە؟.
من دڵم دا ئەخورپێ، کاتێ لە دەرگا بدرێ، وەکو جاران من ناچم بۆ دەرگاکە، خۆم بە شتێکەوە دەخلافێنم، تا منداڵێك یا خوشکەکەم دەچێ بۆ کردنەوەی دەرگاکە، من ئەو کاتە دڵم خێراتر لێ ئەدا، کەسێکی ئاساییە، یا دراوسێیەکە، یا هاورێی منداڵەکانن.
رۆژێکی دیکەیە، دیسانەوە دەمەوێ دەرچمە دەرەوە، خوشکەکەم لێم وەڕس بووە، ئیتر هیچم پێ ناڵێ، ئاویش ئامادە ناکا بیرێژێ بە شوێنماو بە لایشیەوە گرنگ نییە

یەکەمجار کام پێ دەوەشێنم، ئەوانە هیچی گرنگ نین، گرنگ ئەوەیە ئەو سامە بشکێنم و دونیای پاش ئەژدەر ببینم و خۆمی لە گەلا بگونجێنم، بەرەو دەرگاکە دەچم و دەرگاکە دەکەمەوە، تەماشایەکی پاشەوەی خۆم ئەکەم، خوشکەکەم خۆی بە شتێکەوە خەریك ئەکا، پاش ئەوەی بە پەلە رووی خۆی وەرئەچەرخێنێ کە گوایە ئاگای لە من نییەو چاودێریم ناکا، منیش دەچمە ئەودیو دەرگاکەو بە سڵەمینەوە دە دوازدە هەنگاو هەلدەهێنم، ئۆتۆمبیلێك لە سەری کۆڵانەکەوە تێدەپەڕێ، دووکەسی تێدایە، یەکێکیان تەماشای منی کرد، لە دڵ خۆمەوە دەڵێم، لەوانەیە تا ئەگەمە سەری کۆڵانەکە بگەڕێتەوەو لە خاڵێکی دیاری کراو پێم بگەن، وا بە باشترئەزانم بگەڕێمە دواوە، واگەڕامەوە، دەمەوێ دەرگاکە بکەمەوەو بچمە ژوورەوە، بەلام لە روانینەکانی خوشکەکەم و منالەکانی سڵ دەکەمەوە، تۆزێ لە پێش دەرگا چاوەڕوان دەبم، چاودێری سەری کۆڵانەکە دەکەم، ئۆتۆمبیلەکە نەگەڕایەوە، کێ ئەڵێ لە شوێنێ چاوەڕوانم نین، دەنگی تەقەی دەمانچەیەك، کلاشنکۆفێك، کە لێکیان جیا ناکەمەوە، رام ئەچڵەکێنێ، بە پەلە خۆم ئەکەم بە مالا، خوشکەکەم تەماشایەکی ئاساییم دەکاو زۆر ئاساییش چاوی لە سەرم لا ئەدا، واگەیشتمە پێش دەرگای ژوورەکەم، ئەپرسێ، شتێکت بیر چووە؟ منیش ئەڵێم، بەڵێ و ئەچمە ژوورەوە، دەنگی چەند تەقەیەکی دیکە دێ، هەرچەندە تەقە کردن کارێکی ئاسایی رۆژانەی ئەو خەڵکەیە، بەلام لەم کاتەدا بۆ من جیاوازە، وا بڕیارمدا ئەمرۆش نەچمە دەرەوە، چی بۆ هەیە، با ئەمرۆش دەر نەچم، کەسانی وا هەیە بە مانگ و ساڵیش کەس نایانبینێ، نانی نیوەڕۆ ئەخۆم، هەندێ خۆم بە جل و بەرگ و رێکخستنی ژوورەکەم خەریك ئەکەم، تا دەبێتە عەسر، خۆم ئەخەمە ژێر پەتووەوەو تا دەمەو ئێوارە خۆم ئەکەم بە نوستوو، ئەوکاتە گەر بشمەوێ دەرچم، خوشکەکەم رازی نابێ، نانی ئێوارە ئەخۆین و پاشان دەس ئەکەم بە دەرسدانی خوشکەزاکانم، تا ئاژاژك دەدەن و دەڕۆن بۆ خەوتن ، منیش ریمۆنتەکە، دەگرم بە دەستەوەو کەنالەکان ئەمدیوو ئەودیو ئەکەم، لە هەوالەکان دەگەڕێم، خوشکەکەم ریمۆتەکەم لە دەس دەسەنێ، ئەڵێ، ئەم شتانە چین تۆ سەیریان ئەکەی، دەگەڕێ بۆ شتی پێکەنیناوی، بە تایبەتی کامیرای شاراوە، ئەگەر بیدۆزێتەوە، گەر نەشیدۆزێتەوە دەیخاتە سەر یەکێ لە فیلمە میسریەکان، بە تایبەتی عادل ئیمام، کە خوشکەکەم پێی ئەوت ئەکتەرە ریسوا کەرەکەی پیاوانی سیاسەت.

فیلمی ئەلئیرهابی نمایش دەکرێ، دەیهێڵێ، هەندێ تەماشای ئەکەین، پاشان ئەویش لا ئەبا، ئەو دەزانێ من حەزم بە دیتنی ئەو جۆرە فیلمانەیە، بەلام لەم کاتەدا بینینی گونجاو نیە بۆم، هەر کەناڵ لا ئەداو بۆ کەناڵێکی شیاو ئەگەڕێ، بەلام بێ سوود ئەبێ، تا وای لێ دێ خۆی ببێ بە کارەکتەر، دەست دەکات بە گێڕانەوەی ژیانی تاڵی سەردەمی دیکتاتۆرو چەندین باسی دیکە، لە ناکاو دەوەستێ وەك بڵێی دێتەوە یادی بیستنی ئەو باساتە بۆ ئێستای من باش نیە، دەچێتەوە سەر باسە کۆمەلایەتیەکان، باسی خزم و کەسە نزیکەکانی خۆمان دەکا کە لەوان بۆوە باسی گەڕەك و ژنی گەڕەك و کچەکان دەکا، باسی ئەو دڵدارانە دەکا کە رۆژ تا ئێوارە چاوە چاویانە بۆ دیتنی یەکتر، زۆرم لە گەڵ هەوڵ دەدات تا شتێك لەو بابەتانە بدرکێنم، دەڵێ:

ـ من دەزانم تۆ ئەوەندە فەقیر نیت، بەتایبەتی کە سیمایەکی وا شیرین و قەدو بالایەکی رێکت هەیە، دەڵێ من لەو رەگەزەم و دەزانم چەند لە ئێمەو مانان لەم جۆرە کەسانەی وەك و تۆمان بە دڵە، بە تایبەتی ئەوەندە کەم دوو ئارام و لە سەر خۆ بیت.

بە راستی ئەم قسانەی کاری دەکردە سەر هەستەکانم و بەرەو ئەو ساتەوەختانەی دەبردمەوە کاتێ کچێك یا ژنێکی چاو لە دەشت، یا هاوسەری کەسێکی بێ توانای بە تەمەن گەلێ لە خۆی گەورەتر، شەڕیان پێ دەفرۆشتم و جار جارە بە هەر پاساوو بیانوویەکەوە بووبێ هەندێ دەمەتەقێیان لە گەلا دەکردم، بەلام من لە حالێکی وا نەبووم بتوانم شتێکی لەو بابەتانە بدرکێنم، پاشان دەهاتە سەر ئەوەی کە پێویستە کەسێك دیاری بکەم یا هەلبژێرم و بیکەم بە شەریکی ژیانم، ئەو هەموو هەولێکی ئەوە بوو ژیانم گۆڕانی بە سەردا بێت و لەو تەنگ و چەلمە دەروونیانە قورتار بم، منیش بە هەمان شێوەی ئەو بیرم لە خۆی دەکردەوە، چونکە تەنیایی پێوە دیار بوو کە چەند زوو بەرەو پیری و گەورە بوونی دەبات، من دەزانم خۆیشی پێویستی بەوەیە هەندێ شتی تایبەتی خۆیم بۆباس بکات، یا بۆ هەر کەسێکی دیکەی بگێڕێتەوە، من پێم باشە لەو تەنیاییە دەرچێت و شوویەکی پاك بە کەسێکی بە دلی خۆی بکا، کە بتوانێ ببێتە مێردێ بۆ ئەم و باوکێکی بە رەحم بۆ منداله◌ِکانیشی، خەو دەستەلاتی خۆی بە سەرا سەپاندوو هێنایە باوێشکدان، شەو باشی لێ کردم و چوو بۆ نوستن.

19

من دەمزانی ئەو شەوانەی خوشکەکەم دەهاتە ژوورەکەم و تا درەنگانێ باس و خواسی لە گەلا دەگۆڕیمەوە، بۆ ئارام کردنەوەو غافلکردنی من بوو، تا بە تەنها نەبم و خۆم نەخۆمەوە، سەرەڕای هەموو ئەو قسەو باسانەی سەبارەت بە جیاوازیەکانی ئێستاو رابردوو، بە پێچەوانەی رای ئەو بووم و واشم پێ گووت. پێم گووت:

ـ ئەو پیاوە ترسناکانەی کاتی دکتاتۆر ئێستە لە جاران ترسناکترن و لە جاران پتر کورد دەکوژن و هەڕەشەی بەردەوامن بۆ سەر مال و حالم◌ِان.

ئەو رای وابوو ئەمە تەنها ماوەیەکە و پاشان هەر هەموو دەکەونە ژیانێکی ئاسوودەو بەختەوەرەوە، بەلام من هەرگیز ئەو شتانەم بەو شێوەیە نەدەدی و پێم وت:

ـ جارێکی تر ناتوانم باوەڕ بەوە بێنمەوە کە ئەم شوێنە شوێنێ شیاو بێ بۆ درێژەدان بە ژیان، شوێنێ بێ بتوانی مال و مندال پێکەوە بنێیت و ئاشتی و ئارامییان بۆ دەستەبەرکەی، ئەم شوێن و ولاتە وەك گۆڕستانێکی گەورە وان، پێویستە لە بری ولاتی عیراق ناوی بنرێ گۆڕستانی عیراق، دەلێن، خاکی ئەم ولاتە بە پیت و بەرەکەتە، من دلنیام هەموو گەردو تۆزێکی ئەم خاکە، بە ئێسك و پروسکەوە تێك ئالاون و ئێسك و پروسکی مرۆڤەکان بوون بە پەین بۆی، ئێستا هەر سەوزەو میوەیەکی، پڕ لە تۆزو خۆلی ئەو ئێسکی مرۆڤانەیە، ئەوەندە ئێسکی کەسەکان و مرۆڤەکان دەخۆین، هەموو بووین بە درندە. وتم:

ـ خوشکەکەم، من سەیرم دێ، ئەو خەلکە چۆن دیقەتێکی ئەو تەیرو توالانە نادەن! کە چۆن لە شوێنی ئارام نەبێ، لانەکانیان چێ ناکەن و هەرگیزاو هەرگیز هێلکەو بێچوو ناخەنەوە ژێر بالەکانیان.

ئەم قسانە دوا قسەمان بوون، خوشکەکەمیان گەلێ نیگەران کرد، بەو نیگەرانی و هەلکێشانی ئاهێکەوە، بەرەو نوێنێکی ساردوو سڕ جێی هێشتم، منیش هەر ئەوەندەم لە

دەس هات، هیوای خەونێکی خۆشی بۆ بخوازم، خەونێك کە هەندێ تاسەی تیا بشکێ، من بڕیاری خۆم دابوو کە نابێ لەم وڵاتە چی تر بمێنمەوە، بەڵام چۆن و کەی، ئەوەم نەدەزانی، وا چاوەڕوانم نەختێ ئەم ترس و نیگەرانی و دڵەڕاوکەیەم لە یەخە بێتەوەو دەس بکەم بە هەوڵدان بۆ بەدی هێنانی ئەو ئامانجە. من کەسێکی لەو جۆرانەش نیم کە بتوانم بە ئاسانی دەسبەرداری ئەو کەس و شتانە بم کە راهاتووم لە سەر بینینیان و پێیان ئاشنا بووم، کەسێ نیە گڕی دووری نیشتمان و زێدی خۆی نەیخاتە سەر ژان و هەموو ئێواران و شەوان لە کاتی نووستن بە ئاشکراو نهێنی فرمێسکی بۆ هەڵنەڕێژێ، روح منداڵێکی وڕکگرتووی بینینی شتە ئاشناکانە، ئەو کاتەی ئاوازو دایکی کۆنە دراوسێمان هاتن بۆ ماڵمان، دوو ساڵی رەبەق بوو راگوێزرابوون، یەك بە یەکی ماڵە دراوسێکان دەگەڕان و بە چاوی پڕ فرمێسکاویەوە باوەشیان پێیاندا دەکردو ئەحواڵیان دەپرسین، ئەو کاتەی راگوێزران تەمەنی ئاواز چواردە ساڵ دەبوو، لە گەڵ دەستە خوشك و منداڵانی گەڕەك گەورە بووبوو، زۆر بە تامەزرۆییەوە تەماشای داروو پەردووی گەڕەکەکەی دەکردوو پرسیاری هەموو کەسوو شتێکی دەکرد، دەیگووت:

- من هەرگیز ئەم کۆڵانو گەڕەکە شیرینەم لە خەیاڵ دەر ناچێ، ئومێدەوارم رۆژێ لە رۆژان بگەڕێمەوە ئێرەو هەموو ژیانم لەم کۆڵانە بە سەر ببەم، دەیگووت تکاتان لێ ئەکەم هیچ شتێ لە دەرگاو رەنگی دەرگاو خانووەکان نەگۆڕن، با ئەو وێنانەی لە خەیاڵم جێگیر بوون وەك خۆیان بمێننەوە، با شارەوانیش دەست وەر نەداتە جادەو کۆڵانەکان تا نامۆ نەبن پێم، دەیگوت بیری ئەو جۆگە چڵپاوەی ماڵانەش دەکەم کە تا لێرە بووین وەرسی کردبووین.

بە راستی ئەو قسانەی ئەو کچە راگوێزراوە گەلێ راستگۆیانەو دڵسۆزانە بوو، دەزانم رۆژێ منیش لە تاراوگەو لە غەریبی تامەزرۆی دیتنی ئەو هەموو شتانە دەکەم، بەڵام ناشتوانم لەوە زیاتر لەم کاولە شیرین و خۆشەویستە هەڵ بکەم، چ دەستەڵاتێکی گۆڕینم نیە ئەوەی دەیکەم تەنها رەتکردنەوەی ئەو شتانەیە کە روو دەدەن.

20

من گەمییەکی بێ گەمییەوانم و کەنارەکانی دەریام ون کردووە، بە هەزاران شەپۆلی تونددوو تیژ ئابڵوقە دراوم و لە ناو گێژەنیاندا لوول دەخۆم، نە ئەوەیە قورتار بم و نەیش نغرۆ دەبم، نە قیبلە نومایەك شك دەبەم و نە تاوەرێکی رێ نیشاندەر، تاق و تەنها ترسەکان گەمارۆیان داوم و دەست لە یەخەم ناکەنەوە، پە نا بۆ چ فریادڕەسێ ببەم؟ بە کاملادا بڕۆم و کام ئاسۆ مژدەیەکی رزگار بوونم پێ دەدا؟

من شاگردێکی سەر لێ شێواوی گەمییەوانێکی گەردونیم، من ونبوویەکی نێوان کتێبە هەمە چەشنەکانم،، ئەی ئەژدەری شێخ و پیرو گەمییەوانی من، بێ تۆیی دەست و قاچی شکاندووم، منت لە نێوان رێگا سەختەکان جێ هێشت و وەك و کوێر پێکوتەمەو لە شوێنی خۆم ناجوڵێم، لەشکری ترس گەمارۆی داوم و هەموو هەستەکانی ئیفلیج کردووم، بووم بە بارێکی قورس و نەویستراو بە سەر خۆم و گەردوونەوە، بووم بە مایەی شەرمەزاری بە سەر ژیانەوە، بە وێڵداشی ترسەوە ژیان پێمەوە لکاوەو لە کۆڵم نابێتەوە، کاتێ دەڕۆمە دەرەوە دارو دیوارو چەووو بەردی کۆڵانەکان لێم رادەپەڕن و دەمخەنەوە ژوورەوە، رازی

نین بە شوێنێکدا رابورم بۆنی تۆی لێ بێ و شوێن پێکانتی لە سەر بێ، بەڵام دەبێ دەرچم و بێ شەرمانە بە کۆڵێ ترسەوە بە پێش چاوی شوێن پێکانت و ئازیزەکانتەوە بەرەو دواکارم هەنگاوی لەرزۆك بوەشێنم و بچمە پێش دەرگاکەی دایە خانم و بڵێم، ببورە کە نەمتوانی ببم بە شایەنی هەڵگرتنی ئاڵا پیرۆزەکەی کورە نازدارەکەت، ئەو کورەی بە بێ جەستەش هەر بوونی ماوە.
ئەژدەر گیان من نازانم بۆ ئەم سەرهاتانەی تۆ دەنووسمەوە، بۆ نەمری تۆیە؟ یان بۆ گەورە بوونی خۆم، من دەزانم چی دەسەڵاتی بوێری و بوونمە لە سۆنگەی ئەم نوسینانەوە دەبینم، نوسینگەلێ کە تۆ بابەتی و تۆ پاڵەوانی و تۆ مێژووی تیایاندا، من نەبوویەکم و دەمەوێ بە سەر شەپۆلەکانی تۆوە بێمە بوون و هەرچی دەیخوێنێتەوە فریو بدەم، وای لەو قەڵەمە ترسنۆکانەی بە قەڵەم دادانی کەسانی تر نووکی کولی خۆیان تیژ دەکەن، وای لەو مشەخۆرانەی بە سەر جەستەی دیکەوە دەژین، من و ئەوانەیش دراکۆلای ئەم سەردەمەین و کەڵبەمان لە شادەماری کەسانی وەك و تۆ گیر کردووە، ئەوە منم کەڵبەی پێنووسم لە دەماری مەرەکەبی تۆ گیر کردووەو مردوویەتی خۆمی پێ زیندوو دەکەمەوە.
*********

ئێستا من باری دەرونیم گەلێ لە جاران باشترە، چونکە ئامادەم بۆ کۆچ کردن بۆ تاراوگەو ئەم دۆزەخە لە شوێن خۆم جێ دێڵم، ئەم نوسینانە، دوا کارن لێرە بە ئەنجامی بگەیەنم، پێویستە ئەم نوسینانە رۆشنایی ببینن، من خۆم چاوەڕوانی ئەوە ناکەم لە دوو توێی کتێبێکا بیانخوێنمەوە، چاوەڕوانی ئەوەش مەبن ناوی منی بە سەرەوە بێت، چونکە من بڕیارمداوە ببم بە کەسێکی دیکە، کەسێ ئەم رۆژهەڵاتە لە ئاوابوونی خۆی بە جێ بێڵێ و بەرەو رۆژ ئاوایەك بچێ کە خۆری خۆی تێدا هەڵبێنێ، ئەم هەموو کارانە بە کەسێکی کە دەسپێرم، کە پێدا چوونەوەیەکیان بۆ بکات و بە شێوەیەکی رێکتر دایانڕێژێتەوە.
حەز ئەکەم لە هەندێ روداوی دیکە ئاگادارتان کەمەوە کە پاش ناشتنی تەرمی دوو لەتی ئەژدەرو پاش تەواو بوونی پرسەکەشی، تایبەت بە سەی قودرەتی خاڵۆی ئەژدەر رویاندا
هەر پاش تەواو بوونی پرسەکە و پاش هاتنی سەهاك بۆ لام و چوونمان بۆ ژوورەکەی رەحمەتی، تا ماوەیەکیش من زۆر ئاسایی بووم، تەنها خەم و پەژارەی کۆچی ئەژدەرم بوو، سەی قودرەت ئەو پیاوەی جاران نەما، سمێڵ و قژوو ریشی هەمووی تەراش کردوو وەکو جاران کەوتەوە جگەرە کێشان و مەی نۆشین، کە پێشتر ئەژدەر باسی ژیانی خاڵۆی بۆ کردبووم، سەی قودرەت سەر باری ئەو هەموو ژانەی بە هۆی خوارزاکەیەوە تووشی بوبوو، پاش سمێڵ و ریش تاشینەکەی گەلێ لە جاران گەنجتر دەینواندوو تەواو شێوەی گۆڕابوو، هەرگیز بەو کابرایەی پێش کوژرانی خوا لێ خۆشبووی نەدەکرد،کارو پیشەی بوو بە راوە دوونانی تیرۆریستان، بە تاق و تەنێ بە ناو جادەکاندا بە ئۆتۆمبیل دەسوڕایەوە، گومانی لە هەر کەس بووایە، دووی دەکەوت و چەکی لێ دەردێناو وەك و ئەندامێکی دەزگا ئەمنیەکان لێپێچینەوەی لە ناسنامەکەی دەکرد، لەوانەیە دەستی لە گەڵ لایەنێك یا ئەفسەرێکی پۆلیس تێکەڵ کردبووبێ بۆ ئەنجامدانی ئەو کارانە، بەو هۆیەوە هەر زوو خەمەکەی رەویبۆوە، یان خۆی وا نیشان دەدا، بەڵام لە مەی نۆشین دەستی هەڵنەدەگرت، دایەخان، تەواو لەو وەزعەی براکەی نیگەران بووبوو، زۆری هەوڵ لە گەڵ دەدا بڕواتەوە بۆ گوندەکەی خۆیان و ئەم شارە ترسناکە جێ بێڵێ، جگە لە

دایەخان هەموو کەس و ژن و منداڵەکانیشی دەهاتن بۆ لای و تکایان لێ دەکرد بگەڕێتەوە، بەڵام بێ سوود بوو، پێی دەگووتن:

- نابێ ئێوە چاوەڕوانی من بن، من بە مردوویەك هەژمێر بکەن و بگەڕێنەوە بۆ ماڵ و چاوەڕوانی تەرمەکەم بن، هاکا بۆتان هێنرایەوە.

لەو ماوەیەدا سەری لێ دەدام و دڵنەوایی دەکردم، دەیوت:

- تۆ هاوڕێ دڵسۆزەکەی خوشکەزاکەمی، هێندەی ئەو شیرینی لە دڵما، نامەوێ چیتر خەم بخۆی، دەبێ ئەم دۆخە تێپەڕێنی، هاوڕێکەت دڵگران دەبێ بە خەم خواردنی تۆ.

منیش زۆرجاران سەرم لە دایەخان دەداو لە گەڵ ئەویش دادەنیشتم، تا ماوەیەك سەی قودرەت بەو شێوەیە تیرۆریستانی راو دەناو بە دوای تۆڵەوە بوو، چەند جارێك هەوڵی کوشتنیان دابوو چ بە دەستڕێژی گوللەو چ بە دانانی بۆمبی چێنراو بۆی، تەنها جارێك لە ئەنجامی تەقینەوەی بۆمبێکی چێنراوەوە بە ئۆتۆمبیلەکەیدا بە سووکی بریندار بوو، گەلێ ترسی لەوەش هەبوو لە ناکاو زەفەری پێ ببەن و تیرۆری بکەن، بۆ خۆ بزر کردن و سەر لێ شێواندنی نەیارەکانی هەموو هەفتەیەك ئۆتۆمبیلەکەی دەگۆڕی، زۆر جارانیش نەدەگەڕایەوە ماڵی دایەخان، دهەر شەوەی لە ماڵی یەکێ لە هاویارانی رۆژی دەکردەوە، شەوێکیان میوانی من بوو، ئەو شەوە لەو ماوەیەدا بوو کە بارە دەرونیەکەم تەواو نەبوو، زیاتر بۆ ئارامکردنەوەو دڵنەوایی من بوو بە میوانم، هەرچەندە دەشیزانی خوشکەکەم حەزی بەوە نیە سەردانیمان بکات، بەڵام وا دیار بوو وەك و ئەرکێ لێکی دابێتەوە بەرامبەر بە هاوڕێیەکی نزیکی خوشکزاکەی، لەو شەوەدا باسی بێ دەربەیی خۆی بۆ کردم بەرامبەر بەو پیاو کوژانە، وتی: - کاکە ئارام لە ناو بردنی ئەمانە کاروو فرمانێکی پیرۆزەو باوەڕ ناکەم ئەو خودا گەورەیە کەسێ سزا بدات لە سەر کوشتنی ئەم جۆرە دڕندانە، بە راستی ئەو شەوە شەوێکی زۆر ئاسوودەو ئارامی بوو بۆ من، خۆمیش نەمدەزانی ئەو سەقامگیریەی باری دەروونیم لە چیەوە سەرچاوەی گرتووە، کاتێ لە ژوورەکەم دەرچووەمە دەرەوە بۆ لای خوشکەکەم تا دوو پیاڵە چامان بۆ بێنێ، خوشکەکەم زۆر سەری لێم سوڕما وتی:

- ئارام شتێکت خوار دۆتەوە؟

وای لێك دابووەوە کە خواردبێتمەوە بۆیە وا ئاسایی دەنوێنم.

تا دەمەو بەیان سەی قودرەت نەنوس ت، بەردەوام داوای لێ دەکردم کە بنووم بەڵام ئەوەم نەکردوو دڵنیام کردەوە لەوەی کە خەوم نایاو ئامادەییم تیایە چەند شەوێکی دیکەشی بەو شێوەیە لە گەڵ ببەمە سەر، لەو شەوە و لەو بارە دەروونیە ئاساییەم نووسینەکانی ئەژدەرم هاتەوە یادوو بە زەروورم زانی کە ئاگاداری ئەو بابەتەی بکەمەوە، کە بۆم باس کرد بزەیەکی کردوو وتی:

- من هەقی نووسین و موسینم نیە، مادامەکی دایەخانت مۆڵەتی ئەوەی پێداوی بچیە ژوورەکەی ئەوە مافێکی رەوای خۆتە چۆن مامەڵە لە گەڵ ئەو بابەتە بکەی، وتی گەر ئەو نوسینانە بە من بسپێری ئەوە بێگومان بە تیا دەچن.

قسەکانی زۆر راست بوون و باسکردنی ئەو بتبەتەم بڕیەوەو کەوتینەوە باس و خواسی تر، هەر لەو شەوەدا زۆر لێی پاڕامەوەو تکام لێ کرد تا تیا نەچووە بگەڕێتەوە زێدی خۆی و خەمی دایە خانیش لەوە سەختتر نەکاتەوە بەڵام ئەو لەو جۆرە قسانەی بە ئەقڵەوە نەدەچوو، دەیگووت گەر ئەو خوا گەورەیە بیەوێ بگەڕێمەوە ئەوە دەیخاتە دڵم کە وا بکەم بەڵام وا دیارە نایەوێ ئەوە بکەم و لێرە کارێکی پێمە.

تا بەیانیەکیان لە یەك کاتدا، چەندین  بۆمبی چێنراو بە چەندین دەرگای ئەو ماڵانەوە چێنران کە سەی قودرەت هات و چۆی دەکردن، بە ماڵی ئێمەو دایە خانیشمەوە، لە ماڵی دایەخان سەی قودرەتی کردە قوربانی و لە ماڵی ئێمەش خوشکەزایەکی تەمەن سێزدە ساڵی، ئێتر لەو ڕۆژە بە دواوە  برا گەورەکەم کەوتە فرۆشتنی خانووەکەو ماڵی خوشکەکەمی بردە لای خۆی و بڕێ پارەشی بە مندا تا ئەوەی ئەمەوێ بیکەم، سەبارەت بە چوونم بۆ دەرەوەی وڵات.

ئێستا من لە یەکێ لە شارەکانی کوردستانم و لە ماڵە خزمێکم ئەم شتانە ڕێك دەخەم و دەنووسمە، ئەوەی ماوەو تا ئێستا نەمخستۆتە روو، نامە سەیرو سەمەرەکەی ئەژدەرە، کە تەنها لە بەر ئەوەی ئەمانەتێکە لێرە دەیخەمە پێش چاو، سەهاك هەرگیز رازی نییە بە کردنەوەی ئەم نامەیە بۆ هیچ کەسێ، بەڵام ئەمجارەیان بە دڵی سەهاك ناکەم و نامەکەتان بۆ دەکەمەوە.

نامەکەی ئەژدەر

بۆ/ هەرکەسێك  خەمی کۆچی من هەڵدەگرێت؛ بە تایبەتی بۆ دایکم.

ئەو دایکەی کە لە دایکایەتی بوونی منی ئەژدەر، ناوی، بە عیسمەت هاتووە.

من، چ نەبووم، جگە لە کەسێکی راسپێردراو، بۆ ئەنجامدانی کارێك کە خۆمیش هەستم پێ نەکردووەو نەمزانی فەرمانەکەم چی بوو؟ راشم پەڕاندووە یان نا؟ بەڵام ئەوەندە دەزانم کە کۆچی مرۆڤەکان چ خەم و پەژارە هەڵگرتنێکی ناوێ، چونکە لە هیچەوە هاتووەو بەرەو هیچ دەڕواتەوە، مەبەست لە هیچ، هیچی نێو ئادەمییەکانە، چونکە باوەڕ ناکەم شتێك هەبێ لەم گەردوونە ناوی هیچ بێت.

ئازیزەکانم.

سەردەمێ من  شوان و خۆشەویست و هاوڕێی ئاهووەکان بووم، کەسێ بە ناوی خۆم بانگی نەدەکردم، پێش کۆچی ئەو جارەشم، دەمێك بوو، گوێم لە ناوی خۆم نەبوو، بە ئاهووەوان، ناسرابووم و نازناوێکی شیرین و بە شایستەی خۆمم دەزانی، لە گەڵ هەردوو هاویارانی باڵندەوان و دارەوان، ئێمە وەکو پارچەیەك لە سروشت، لەو دەرو دەشتە، لە تەك ئەو ئاژەڵ و پەلەوەرو درەختانە دەگوزەراین، لە سەردەمانێکی پڕتاوانکاری و دەستدرێژی کردنە سەر ئابڕوو و خاکو ماڵمان، سەری بڕاوی ئاهووەکانم لە بەردەم باوە هەیەرو هاویارانم بەو ناوەدا بڵاو کردەوە، لەو دیمەنەدا ترسێکی گەورەو خەمێکی گەورەو ئایندەیەکی نائارامیان خوێندەوە.

جەستەی جوانی ئاهووەکانی من و لەشی وردوو ناسکی باڵندەکانی باڵندەوان، بە لق و چڵ و گەڵاو گوڵی داپاچراو و گڕ تێبەردراوی درەختەکانی دارەوان، سوور سوور دەکرانەوەو دەدرانە بەر کەڵبەی نەوسیان.

ئێمە هەرسێ پاسەوانەکەی سروشت، کەوتینە بەر بەرەکانیەکی توندوو تیژ، بووین بە داکۆکیکەری مانەوەی سروشت بە جوانیەکەی خۆیەوە، وەك و با، وە کو ئاو ، وەك و تیشك، باڵندەو ئاژەڵ و هەموو گیانلەبەرو پەلەوەرێکی جوانمان لە ژێر بێ رەحمی شمشێرەکانیان قورتار دەکرد، وردە، وردە، کەوتنە راو کردن و دەس بەسەراگرتنی رەگەزە

جوان و ناسکەکانمان، پیاوەکانیان دەکوشت و ژن و کیژۆڵەکانیان لە خۆیان حەڵاڵ دەکرد.
تۆوی رەسەنی خۆیان تیادا دەچاندوو نەوەی زۆڵیان پێ دەخستنەوە، دەیانکردن بە سوپای بێ شماروو خاکیان پێ داگیر دەکردن و رەسەنایەتیمانیان دەسوتاند.
دایە گیان.
من سەربازی پاراستنی رەسەنی پاکم، ئەرکمە، رەسەنە نامۆو نەوە زۆڵەکان ریسوا بکەم و کار بکەم بۆ تەفرو تونا کردنیان، ئەو کات خاك و نیشتمان و باوەڕو ئایینەکان دەکەونە مەترسیەوە کە ئەو نەوە ناکامانە خاوەنداریێتییان لێ بکەن، من نەوەی تۆم و بە تۆوی رەسەنی باوە گەورەکانم لە منداڵدانی تۆ جێگیر بووم.
دایکە شیرینە ئەسڵزادەکەم
ئەو کوڕو کچە ئەسڵزادانە لێك نزیککەرەوەو بە یەکیان جوتکە، با نەوەی رەسەنی ئەسڵزادە زۆر بن و لەشکری هەق پێك بێنن و خاك و وڵات و ئاین و باوەڕەکان لە نەمان بپارێزن.
دایە عیسمەتی من و دایە خانی هاوڕێکەم
من لە هەموو نوێ بوونەوەیەکمدا لە منداڵدانی دایکێکی ئەسڵزادەی وە ك و تۆوە دێمە ژیانەوەو لە یەکەم گریان و فیغانمەوە سەربازێتی خۆم را دەگەیەنم و دەچمەوە سەنگەر، ئەوکاتیش دایکێکی تری وەك و تۆ، لە هەموو دەرچوونێکم چاوەڕوانم دەکات، من لە سەرەتاوە یەکێ بووم لەو سێ پاسەوانی سروشتەی کە بە دەستی غەوارەکان روحم لە جەستەم دەرکێشراو وەك و یەکەم هەنگاو بەرەو سەفەرێکی دوورو درێژ بە رێکەوتم، ئەوە سەرەتای ململانێنی ئێمە بوو، سەرەتای جەنگی کتێبەکان و را ڤەکان و لێك تێ نەگەیشتنەکان و سەرەتای نکوڵی کردن لە ئێمەو رۆحی ئێمەو کتێبو باوەڕەکانی ئێمە بوو، کاتێ هەرسێکمانیان بە درەختەکانەوە بەستەوەو شمشێرەکانیان خستە سەر گەردنمان و روحیان کێشاین و پێش ئەوەی بەرەو ئاسمانە دوورەکان بەرزبینەوە، چاومان پێوە بوو کە چۆن ژن و کچەکانیان بە سەر خۆدا دابەش دەکردوو بەرەو نێو خێوەتگەکانیان بە کێش دەکردن، پاش دامرکانەوەی غەریزەو شەهوەتی بۆگەنیان جەستەی باڵندەو ئاهووە دیلەکانیان بە ئاگردووی لق و پۆپی براوەی درەختەکان دەبرژاند و روحی سروشتی دایکیان زامار دەکرد، سەری براوی ئێمەو باڵندەو ئاهووەکان، هەمان خوێنیان لێ دەچۆڕا.
وا تێ نەگەن ئەوە زەمەنێکی بە سەرچووی چاخی جاهلی بووبێ و لە توێی مێژووا ون بووبێ؛ نەخێر، ئێستاش هەمان ئەو کەسانەن و بە دووی من و ئێوەو روحە پاکژەکان دەگەڕێن وهەمان خوری بە هەمان تەشی دەرێسنەوە، لێرەش هاتوونەتەوە وێزەمان و چاوەڕوانی گەردنم دەکەن، بیخەمەوە بەر شمشێرەکانی غەدریان، هەمان زوخاویان بۆ تۆش ئامادە کردووەو بە هەناوتیا رۆدەکەن.
دایە گیان.
چ خەمی منت نەبێ، من کوڕی کەس نیم ، بەڵك و یاریکەرێکی بەشداربووی کێبڕکێیەکی گەردوونیم، هەر جارەو گەمەیەك دەکەم، وا گەمەی ئەم جارەم کۆتایی دێت، بێ ئەوەی بزانم چەند گەمەی دیکەم لە پێشە، ئەوەندەم لێت دەوێ، نزاوتکام بۆ بکەیت، لە کۆتاییدا براوە بم.